
# ڕۆژنامە ٧


کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات

ژمارە (٦١٥) سێشەممە ٢٠١١/١/٤ | www.sbeiy.com | نرخ ٧٥٠ دینار

**شۆڕش حاجی:**
**لایەنە عێراقییەکان هەڵوێستەکەی گۆڕانیان بە داهێنان زانی**

ل...٧



**بەختیار عەلی:**
**واقیعی ڕۆژنامەگەریی کوردی تراژیدییە**

ل...٢٠-٢١

# حکومەت بە نهێنیی (کۆمەڵگەیەکی ڕاگەیاندن) بۆ یەکێتی دروست دەکات

# ڕۆژنامە ژمارەیەک پرۆژەی وەهمیی (٢٠١٠) ئاشکرادەکات

ڕۆژنامە

ڕۆژنامە چەندین پرۆژەی وەهمیی لە پرۆژە بەردەوامەکانی سالی ٢٠١٠ ئاشکرا دەکات کە ملیارەها دیناریان بۆ تەرخانکراوە، ئەوەش ئاشکرا دەکات، کە حکومەت سەرگەرمی کارکردنە بۆ دروستکردنی «کۆمەڵگەی ڕاگەیاندنی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی»، ئەوە سەرەڕای ئەوەی چەندین بڕیار بۆ ڕاگرتنی پرۆژە حیزبییەکان هەیە.

لە پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی(٢٠١٠)و لە ناو پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی، پرۆژەیەک بە ناوی دیزاینی کۆمەڵگەی ڕاگەیاندن لە سلێمانی هەیە، کە لە ساڵی (٢٠٠٩-٢٠١٠) گوژمە پارەی بۆ دیاریکراوە، لەگەڵ ئەوەش کە پرۆژەیەکی حیزبییەو سەر بە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، کەچی هێشتا لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە کار لە دیزاینی پرۆژەکەدا دەکرێت.

ئەم پرۆژەیە بڕی (٧٠) ملیۆن دینار بۆ دیزاینەکەی تەرخانکراوە (ساڵی ٢٠٠٩ (٢٥)ملیۆن‌و ساڵی ٢٠١٠ (٤٥)ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە)، بەڵام ئاماژە بەوەنەکراوە کە ئەو کۆمەڵگەی ڕاگەیاندنە سەر بە چ فەرمانگە، یان وەزارەتێکە.

ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر هەرسێ پارچە زەوی (٣/٥٥) هۆمەرەکوێرو (٦١/٠-٣-) هۆمەرەکوێرو بەشێک لە (٣/٧/) هۆمەرەکوێر، ئەنجام دەدرێت، کە بەپێی بەڵگەکان یەکێک لەو زەوییانە موڵکی هاوڵاتییان بووەو لێیان وەرگیراوەتەوە تا بدرێت بە کۆمەڵگەی ڕاگەیاندنی یەکێتی.

لەلایەکی ترەوە، لە پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی (٢٠١٠)، چەندین پرۆژە هەن، کە بودجەیان بە ملیارەها دینار بۆ دابینکراوەو بوونیان نییە، یان تائێستا کاریان تێدا نەکراوە، یان لە (٢٠٠٩)وە ڕەتکراونەتەوە.

**لە ل...٢، ٣دا دوو ڕاپۆرت لەوبارەیەوە بڵاوکراوەتەوە**

## حکومەت بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەی کارەبای نەبردەسەر





ل...١٥

## ڕۆژنامە شکستی یەکێک لە پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئاشکرا دەکات

ل...١٧

## سەندیکای ڕۆژنامەنووسان سکاڵاکانی حیزب ناخاتە ناو ڕاپۆرتەکانییەوە

ل...٤

# ئەمڕۆ هەولێر خۆپیشاندانی جەماوەریی دەکات

چاوان عەلی، هەنگاو هاشم

جارێکی دیکە لە شاری هەولێر خۆپیشاندانێکی بەرفراوان بۆ بەردەم پەرلەمان ڕێکدەخرێت بەمەبەستی هەمواركردنەوەی چەند برگەیەکی یاسای خۆپیشاندان‌و کۆبوونەوە گشتییەکان.

لەدوای دەرچوونی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان، کار بۆ هەمواركردنەوەی دەکرێت، هەر بۆیە بڕیارە ئەمڕۆ سەعات (٩,٣٠)ی سەرلەبەیانی، بەسەر پەرشتی (کەمپەینی نا بۆ یاسای ڕێکخستنی‌خۆپیشاندان) هاوڵاتییان‌و چالاکوانان‌و ڕۆژنامەنووسان‌و ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر بۆ جاری دووەم خۆپیشاندانێکی فراوان لە بەردەم پارکی شانەدەر بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان ساز بکەن.

ئیبراهیم ئیسماعیل، چالاکوان‌و ئەندامی کەمپەینەکە لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوە کرد؛ ئامانج لەو خۆپیشاندانە داواکردنی هەمواركردنەوەی چەند برگەیەکی یاسای خۆپیشاندان‌و کۆبوونەوە گشتییەکانە کە ئازادیی بەرتەسک دەکەنەوە.

هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١١/١/١-ەوە پشوویان دەستپێکردووە، بەڵام وەک ئیبراهیم دەڵێت: «ئەندامانی پەرلەمان لە گشت فراکسیۆنەکان‌و ئەندامانی لیژنەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستان ئەمڕۆ لە پەرلەمان ئامادە دەبن‌و بەڵێنیان داوە پێشوازیی لە خۆپیشاندەران بکەن».

لە میانەی خۆپیشاندانەکەدا، بڕیار وایە یاداشتێک بدرێتە سەرۆکایەتی پەرلەمان بە مەبەستی هەمواركردنەوەی چەند برگەیەکی ئەو یاسایە، وەک ئیبراهیم ئیسماعیلیش، ئاماژەی پێکرد؛ ئەوەش بە پەرلەمانتاران ڕادەگەیەنرێت، کە هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوەکەی کەمپەینی (نا)، تا مانگی ئازاری داهاتوو بەردەوام دەبێت.

# نازانرێت (٢١٠)ملیۆن دۆلارەکەی گەرمیان، چۆن سەرف دەکرێت

پشتیوان سەعدوڵڵا


ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان، باس لەوە دەکات، ناڕوونییەکی زۆر هەیە لە خەرجکردنی ئەو (٢١٠)ملیۆن دۆلارەی کە کۆمپانیایەکی نەوت بۆ گەرمیانی تەرخانکردووە، پێشیوایە، بەشێک لەو پارەیە بۆ بەرژەوەندیی شەخسی بەکارهێنراوە.

بڕی (٢١٠)ملیۆن دۆلار لە کۆمپانیای (ویسترۆن زاگرۆز) کە وەک کۆمپانیایەکی نەوت لەگەرمیان کاردەکات، وەرگیراوە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاریی لە گەرمیان، بەڵام بە وتەی پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان، نازانرێت، ئەو بودجەیە چۆن سەرف دەکرێت.

عەبدوڵڵا مەلانوری، نوێنەری گەرمیان لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو بڕە پارەیەی لە کۆمپانیایەکی نەوت وەرگیراوەو دواتر تەرخانکردنی بۆ خزمەتگوزاریی لە گەرمیان، نازانرێت چۆن سەرفکراوەو چ پرۆژەیەکی پێ ئەنجامدراوە، بۆ بەرچاوڕوونیی، پرسیارێکم ئاراستەی سەرۆکایەتیی حکومەتی کردووە».

ڕاشیگەیاند: «هیچ بەرچاوڕوونییەکمان نییە لەچۆنێتیی خەرجکردن‌و ناوی پرۆژەکان‌و لایەنی بەرپرسیار لەخەرجکردنی، چونکە بەپێی هەندێک زانیاریی، گەندەڵیی لەو پارەیەدا کراوەو بڕێک لەو پارەیە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خەرجکراوە».

لەوبارەیەوە مەلاسەعید ئەحمەد، بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان، بە ڕۆژنامەی وت: «پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ساڵی ڕابردووی گەرمیان، لەسەر ئەو بودجەیە جێبەجێکراون‌و لەو چوارچێوەیەشدا چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاریمان ئەنجامداوە، وردەکاریی تەواو لانییە، بەڵام نزیکەی (٨٠٪) جێبەجێکراوە».



د. شۆڕش حەسەن:

**دواکەوتنی ڕێکخستنەوەی گۆڕان، بزووتنەوەکەی بەرەو دواوە بردووە**

ل...٦

**باشووری سودان... جیهان لە چاوەڕوانی وڵاتێکی نوێدایە**

ل...١١



**تۆ بڵێی گۆڕان ئەو تێزابە بێت، زێڕ لە زەرد جیاکاتەوە!!**

ئازاد قەزاز

ل...٢٣

# پەرلەمانتارێک: پارتی‌و یەکێتی (٢٥) ملیار دینار زیاتریان لە کۆی هاوکاریی بودجەی حیزبەکان بردووە

سەنگەر کوردە

تەنیا پارتی‌و یەکێتی بڕی (٢٥) ملیارو (٢٠٠) ملیۆن دینار زیاتریان لەو پارەیە بردووە کە بۆ هاوکاریی هەموو حیزبەکان دانراوە، ئەوەش بەپێی بەدواداچوونی چەند پەرلەمانتارێکی گۆڕان.

کوێستان محەمەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، ڕایدەگەیەنێت؛ بەپێی زانیارییەکانی ئەوان یەکێتی‌و پارتی مانگانە پێکەوە (٨) ملیۆن دۆلار دەبەن، کە ئەگەر بە دیناری عێراقیی کۆی بکەیتەوە دەگاتە (١١٥) ملیارو (٢٠٠) ملیۆن دینار لە ساڵەکەدا، واتە تەنیا بە هەردووکیان (٢٥) ملیارو (٢٠٠) ملیۆن دینار زیاتریان بردووە لەو بڕە تەرخانکراوە بۆ هەموو حیزبەکان.

دوابەدوای پێشکەشکردنی پرۆژەیاسای هاوکاریی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە پەرلەمانی کوردستان‌و لە بودجەی ساڵی ڕابردوودا بەپێی مادەی (١٨)ی بودجەی ساڵی (٢٠١٠)، بڕی (٩٠) ملیار دینار دانراوە بۆ حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکان تا کاتی پەسەندکردنی یاساکە.

کوێستان محەمەد، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ئەوەی خستە ڕوو؛ کە پەرلەمان یاسای هاوکاریی دارایی حیزبەکانی دواخستووە بۆ کاتێکی نادیار، بۆیە ئێمە لە سەردانێکدا بۆ لای وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم داوامان کرد لیستێکمان بداتێ لەسەر پارەی حیزب‌و ڕێکخراوەکان بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەین، «بەڵام ئەو داوایکرد نووسراوێکی ڕەسمیی لە پەرلەمانەوە بۆ ببەین، دوای ئەوە ئاگاداری سەرووی خۆی بکات، کە ئایا ئەو زانیارییانەمان پێبدات، یان نا».

پەرلەمانتارەکان لە سەردانەکەیاندا کێشەیەکی دیکەیان وروژاندووە، ئەویش ئەو (٣٧) هەزار دینارەی دەدرێت بە هاوڵاتییان وەک خانەنشینی، کوێستان وتی: «داوامانکرد ئەو بڕە زیاد بکرێت بۆ (١٠٠) هەزار دینار، چونکە ئەوەی هەیە زۆر کەمە جگە لەوە بۆ وەزیری داراییمان ڕوونکردەوە، کە حیزب بە شێوەی بەربڵاو دەستی خستووەتە ئەو ئیشەو هەندێکجار تەزکییە داوا دەکرێت، تا پارە بۆ خانەنشینکراوەکان خەرج بکرێت، وەزیری داراییش بێئاگایی لە دەستێوەردانی حیزبیی دەربڕی‌و پەیوەندیی بە بەڕێوەبەرێتی خانەنشینەکانەوە کردووەو پێی ڕاگەیاندوون؛ داوای تەزکییەی حیزبیی نەکەن لەکاتی خەرجکردنی پارەکەدا».

## پەرلەمان پێشتر رایگرتبوو

# حکومەت بە نهێنیی کۆمەڵگایەکی راگەیاندن بۆ یەکێتی دروست دەکات

رۆژنامە

لەگەڵ بوونی بڕیارو یاسا بۆ راگرتنی پرۆژە حیزبییەکان، تا ئێستا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو شارەوانی، کار لەسەر دروستکردنی (کۆمەڵگای راگەیاندن بۆ مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی) لەسەر بودجەی پەرلەمان دەکاتو تەنیا دیزاینەکەی، (٧٠) ملیۆن دیناری بۆ تەرخان دەکرێت.

لە پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی (٢٠١٠)و لە ناو پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی، لە زنجیرەی (١٧٨)دا، پرۆژەیەک بە ناوی دیزاینی کۆمەڵگەی راگەیاندن لە سلێمانی هەیە کە لە ساڵی (٢٠٠٩-٢٠١٠) گوژمە پارەی بۆ دیاریکراوە، لەگەڵ ئەوەش کە پرۆژەیەکی حیزبییەو سەر بە ناوەندی راگەیاندنی یەکێتییەو بۆ راگەیاندنەکانی یەکێتییە، نەک دەزگا راگەیاندنەکانی شاری سلێمانی بەگشتیی، کەچی هێشتا کار لە دیزاینی پرۆژەکەدا دەکرێت لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە.

ئەم پرۆژەیە کە لە پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی(٢٠١٠) دانراوەتەوەو بڕی (٧٠)ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، کە لە (٢٠٠٩)دا (٢٥)ملیۆنی بۆ سەرف کراوەو (٤٥) ملیۆنیش بۆ (٢٠١٠) دانرابوو، بەڵام ئاماژە بەوە نەکراوە کە ئەو کۆمەڵگەی راگەیاندنە، سەر بە چ فەرمانگە، یان وەزارەتێکە، وەک پەرلەمانتار کاروان ساڵح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، ئاماژەی پێکرد: لە کاتی گفتوگۆکانی بودجەو پرسیارکردن لە وەزیری پلاندانان، وەڵامی نەبووە کە ئەو پرۆژەیە سەر بە چ لایەنێکە، هەربۆیە ئەو پەرلەمانتارە، پرسیارێکی لەم بارەیەوە ئاراستەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کردووە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش لە وەڵامی هۆکاری کارکردنی وەزارتەکەیان لەسەر پرۆژەکە، بە نووسراوی ژمارە (٩٢٥١) کە لە (٢٠١٠/١١/١١) کە ئاراستەی پەرلەمانی کردووەو ئیمزای کامەران ئەحمەد، وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی لەسەرە، ئاماژەی بەوەکردووە: «ئەم پرۆژەیە لە (٢٠٠٧)دا بە پێی نووسراوێکی نهێنیی وەزارەتی پلاندانان ژمارە (٢٣٦٣) لە (٢٠٠٧/١١/١٥)دا ئەرکەکەی سپێردراوە بە وەزارەتمان، بەوپێیەی کە وەزارەتمان تاکە دەزگای حکومییەو دەتوانێت لەم بوارەدا دیزاین ئەنجام بدات».

لێرەدا، خودی وەڵامەکەی وەزیری ئاوەدانکردنەوە، جێگای پرسیارو گومانە کە ئاماژە بەو نووسراوە نهێنییەی وەزارەتی پلاندانان دەکات، پەیمان عیزەدین، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە: هۆکاری ئەوەی کە وەزارەتی پلاندانان بە نووسراوی نهێنی مامەڵە لەگەڵ پرۆژەی کۆمەڵگەی راگەیاندن دەکات، وەک ئەمەی ئەمە پەیوەندیی بەئەمنیی قەومیی کوردستانەوە هەبێت، ئەوەیە کە خودی حکومەتو دەسەڵات، لە ئۆپۆزسیۆنو هاوڵاتییانیش زیاتر لەوە دڵنیان کە ئەمانە پرۆژەی حیزبنو بۆ خزمەتی حیزبنو نابێت حکومەت لە بودجەی هاوڵاتییان، لە بری خزمەتگوزاریو دابینکردنی کارەباو ئاو و زیادکردنی مووچەی پێشمەرگەو پۆلیس بیکاتە پرۆژەی حیزب.

هەر لە وەڵامەکەدا، وەزیری ئاوەدانکردنەوە ئەوە دەخاتەڕوو: «پاش ئەوەی لە کابینەی شەشەمی حکومەت، بڕیاردرا کە وەزارەتەکان تەنیا بەپێی پلانی وەزارەتی خۆیان داوای پرۆژە بکەن بەپێی تایبەتمەندی، هەڵساین بە لابردنی ئەو پرۆژانەی لەسەر داوای لایەنی پەیوەندیدار لە پلانی وەزارەتمان دانرابوون، دروستکردنی کۆمەڵگای راگەیاندنیش یەکێک لەو پرۆژانەیە کە داوای لابردنمان کردووە».

کەواتە بەوپێیە پێویست بوو، لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٠)دا ئەو پرۆژەیە لابدرایە، یاخود لانیکەم لە دوای ئەوەی لە مادەی (٢٣) لە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٠) جێگیر کرا لە (٢٠١٠/٤/١٣)، کە «ئەو خەرجییە تەرخانکراوانە دەبڕدرێن کە بۆ دروستکردنو نۆژەنکردنەوەی بینایەی تایبەت بە حیزبەکانو پرۆژە دووبارەبووەکان تەرخانکراونو بۆ حسابی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە پارێزگاکان دەگوازرێنەوەو لە دابەشکردنەکەشیدا، دەبێت دادپەروەریی رەچاو بکرێت».

بەڵام، ئەوەی جێگای گومانە، بەپێی نووسراوەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە وێنەیان لەلای «رۆژنامە» هەیە، تا مانگی (١٠)ی ئەمساڵ، واتە تا ئەو رۆژەی پەرلەمانتارەکەی گۆڕان پرسیارەکەی ئاراستەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کردووە، کارکردن لە دیزاینی پرۆژەکە بەردەوام بووە.

حەمە رەشید، بەرپرسی دەزگای پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی، لەگەڵ ئەوەی جەختی کردەوە کە هەفتەیەکە پرۆژەکە راگیراوەو رەوانەی ئەو شوێنە دەکرێتەوە کە لێوەی ئاراستەی وەزارەت کراوە، وتیشی: «بەڵام دیزاینێک کە ماوەیەکە کاری تێدا کراوە، رابگیرێت، چی لێدێت، بێگومان زەرەر دەبێت بۆ هەموو لایەک، چونکە چی کاری تێد کراوە، لادەبرێتو سەرلەنوێ دەستپێدەکرێتەوە».

ئەم وتانە، وەک کاروان ساڵح کە هاوکات پەرلەمانتارە لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی پەرلەمان، دەڵێت: ئەو گومانە زیاتر دەکەن کە لەلایەن سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە وەزارەتی شارەوانی پێی راگەیەنراوە کە لە ئێستادا وەزارەتەکەیان کاری ئەو پرۆژەیە تەواو دەکات، کە ئەمەیان جێگای سەرسوڕمانە، چونکە وەک کاروان ئاماژەی پێدا، ئەگەر بڕیارە کار لە پرۆژەی حیزبدا نەکرێت، جیاوازیی لەنێوان وەزارەتی شارەوانیو ئاوەدانکردنەوەدا چییە، هەربۆیە ئەگەر راستیی ئەم زانیارییانە بسەلمێنرێن، ئەوا ئاشکرای دەکەین بۆ رای گشتییو بێدەنگ نابین.

پرۆژەی کۆمەڵگای راگەیاندن کە لە (٢٠٠٥)ەوە کاری تێدا دەکرێت، لەسەر داوای ئازاد جوندیانی، بەرپرسی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتیو سەرەتاش ناوی پرۆژەکە کۆمەڵگای ناوەندی راگەیاندن بووەو دواتر وەک لە نووسراوەکاندا دیارە، ناوەکەی بۆ کۆمەڵگای راگەیاندن گۆڕاوە، کە ئەمەش بە وتەی پەیمان عیزەدین، بۆئەوە بووە کە نەزانرێت ئەمە پرۆژەیەکی حیزبییەو یەکێتی بۆ راگەیاندنەکانی خۆیو لەسەر بودجەی حکومەت دەیکات.


لەلایەکی دیکەوە، کۆمەڵگەی راگەیاندن لەسەر هەر سێ پارچە زەوی (٣/٥٥) هۆمەرە کوێرو (٦١-٠/٣-) هۆمەرە کوێرو بەشێک لە (٣/٧/) هۆمەرەکوێر، ئەنجام دەدرێت کە بەپێی بەڵگەکان، یەکێک لەو زەوییانە موڵکی هاوڵاتییان بووەو لێیان وەرگیراوەتەوە تا بدرێت بە کۆمەڵگای راگەیاندن.

ئەویش بە نووسراوی ژمارە(٢٠٩٣) لە رۆژی (٢٠٠٩/٢/٤) کە سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانیو ئیمزای عومەر مەحوی، سەرۆکی شارەوانی پێشووی لەسەرە، ئاراستەی بەڕێوەبەرێتیی زەویوزاری سلێمانی کردووە بۆ گوزاندنەوەی موڵکی ژمارە(٥٥) کەرتی(٣) هۆمەرەکوێر، لەبەرئەوەی دەکەوێتە ئەو شوێنەی کۆمەڵگەی راگەیاندن داوای دەکاتو دەکەوێتە ناو نەخشەی بنەڕەتیی شاری سلێمانی، سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانی.

هەرچەندە لە سەرەتای دانانی پرۆژەکەوە، دەزانرێت کە ئەمە پرۆژەیەکی حیزبییەو حکومەتو دەسەڵات پەرلەمانیان چەواشەکردووە، وەک ئاماژەی پێدرا لەسەرەوە، حکومەتو وەزارەتەکانی تەنانەت بڕیارەکانی خۆشیان جێبەجێ نەکردووە کە رێگریی لە بوونی پرۆژەی حیزبی دەکەن، ئەم پرۆژەیە هەر بەدەوام کاری تێداکراوەو بە پێی نووسراوێکی محەمەد نامیق، بەڕێوەبەری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی سلێمانی بەوەکالەت لە(٢٠١٠/٨/١)دا، پرۆژەکە لە بەڕێوەبەرێتییەکەیانەوە گوازراوەتەوە بۆ دەزگای پرۆژەکان.

توانا کەمال، بەڕێوەبەری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی سلێمانیش، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە، ئەم راستییەی سەلماندو وتی: «لەبەرئەوەی پرۆژەکانی رێگاوبانمان زۆرن، بڕیارمان داوە کە ئەم پرۆژەیە رەوانەی دەزگای پرۆژەکان بکەین، چونکە ئەوان پرۆژەیان لە ئێمە کەمترە».

ئەم وتەیە، دووبارە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەگەر ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان پرسیارەکەی ئاراستەی وەزیری ئاوەدانکردنەوە نەکردایە، ئەو پرۆژەیە بەردەوام کاری تێدا دەکرا، ئەمەش مایەی نیگەرانیی پەرلەمانتارانە، چونکە وەک پەیمان عیزەدین دەڵێت: «دەبێت چەند پرۆژەی دیکەی حیزبیی ئاوها ناوەخنی پرۆژەکانی هاوڵاتییان کرابنو پەرلەمانتار پرسیاری لەسەر نەکردبن تا رابگیرێن، کە ئەمە کەموکووڕیی حکومەتو دەسەڵاتو پەرلەمانیشە، کاتێک بەدواداچوونیان نابێت».









> وەزیری ئاوەدانکردنەوە: ئەم پرۆژەیە لە (٢٠٠٧)دا بەپێی نووسراوێکی نهێنیی وەزارەتی پلاندانان ژمارە (٢٣٦٣) لە (٢٠٠٧/١١/١٥)دا ئەرکەکەی سپێردراوە بە وەزارەتمان

سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، سکاڵاکانی حیزب ناخاتە ناو ڕاپۆرتەکانییەوە 4

## لە بودجەدا چەندین ملیار دیناریان بۆ تەرخانکراوە

# ڕۆژنامە وردەکاریی ژمارەیەک لە پرۆژە وەهمییەکانی (٢٠١٠) ئاشکرادەکات

ڕاپۆرتی: چاوان عەلی

لە پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی (٢٠١٠)، چەندین پرۆژە هەن، کە بودجەیان بە ملیارەها دینار بۆ تەرخانکراوەو خەرجکراوەو بوونیان نییە، یا تائێستا کاریان تێدا نەکراوە، یان لە (٢٠٠٩)ەوە ڕەتکراونەتەوە.

لە نموونەیەکی ئەو پرۆژانە، لە پرۆژە بەردەوامەکانی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی پرۆژەی پردی تەنگی سەید محەمەد، هاتووە کە (١٦) ملیارو (٥٤٠) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوەو وەک لە لیستی پرۆژە بەردەوامەکانی (٢٠١٠)شدا هاتووە بۆ ساڵی (٢٠٠٩)، (٨١) ملیۆنی بۆ سەرفکراوەو لە ساڵی (٢٠١٠)شدا (٥١) ملیۆنی دیکەی بۆ دابینکراوە، کە هێشتا (٣) ملیارو (٣٤٠) ملیۆنی دەمێنێتەوە لەو پارەیەی بۆی دابینکراوە.

دروستکردنی پردی تەنگی سەید محەمەد، بە درێژەیی (٣٦٠)م لە قەزای هەڵەبجە کە کۆمپانیای نیاز حامد، جێبەجێی کردووەو لە ٢٠٠٤/١٢/١٠ەوە دەست بەکارکردن کراوە تیایداو بەڕێوەبەرێتی ڕێگەوبانی سلێمانی لایەنی سەرپەرشتیار بووەو دواتر بە فەرمانی وەزاری (٣٥٢٢) لە ٢٠٠٧/٧/٥-دا کار لە بەڵێندەر وەرگیراوەتەوەو ئیلغاکراوە.

د.ڕێباز فەتاح، پەرلەمانتاری گۆڕان بۆ ڕۆژنامە ڕاستیی ئەم زانیارییانەی دووپاتکردەوەو وتی: «پرۆژەکە بوونی نییەو کارکردن تیایدا وەستێنراوە، کەچی لە پرۆژە بەردەوامەکانی (٢٠٠٩و ٢٠١٠) دانراوەتەوەو بودجەی بۆ سەرفکراوە، هەر بۆیە وەک پەرلەمانتارێکی ئەو ناوچەیە سکاڵایەکمان لە دادگا تۆمارکردووەو خەڵکی ناوچەکەش ئامادەن لە بەردەم دادگا شایەتی ئەو پرۆژە وەهمییە بدەن».

هەر لە پرۆژە بەردەوامەکاندا، پرۆژەیەکی دیکە بە ناوی ڕێگەی سازان-گریان، لە تەواوکراوەکانی opc هاتووە، کە (٢) ملیارو (١١٧) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوەو لە (٢٠٠٩)دا ملیارێکو (٨٠٩) ملیۆنی بۆ سەرفکراوەو (٣٠٨) ملیۆنی ماوە بۆ (٢٠١٠) دانراوە، ئەم پرۆژیە، لەو پرۆژە وەهمییانەیە کە بوونی نییەو لە ئێستادا شوێنەکەی شاخێکە کە ناتوانرێت هاتوچۆی پێدا بکرێت.

بە وتەی د.ڕێباز، لە کاتی بەدواداچوونی پرۆژەکەوەڵامی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئەوە بوو؛ کە ئەو پرۆژەیە بە هەڵە ناوی هاتووەو لە بنەڕەتدا ڕێگەی هەڵەبجە -گریان-ەیە، ئەوان دەڵێن: ئەمە هەڵەبجە گریانەیە، بەڵام لە پرۆژەکەدا بە ناوی سازان-گریان-ەوە هاتووەو پارەکەش بەو ناوەوە سەرف دەکرێت.

هاوکات لە لیستی ئەو پرۆژانەی کە ماونەتەوەو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وێنەیەکی ڕەوانەی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی پەرلەمان کردووە، ئەم پرۆژەیە دانراوەتەوەو هەر بە ناوی ڕێگەی سازان -گریان-ەوە یەو بوونیشی نییە.

لە شارباژێریش، لەنێو پرۆژە بەردەوامەکانی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی دا، دروستکردنی ڕێگەی ڕەزڵە-گوڵان-دۆڵپەموو، هاتووە، کە بڕی ملیارێکو (٢٤١) ملیۆنی بۆ تەرخانکراوەو لە (٢٠٠٩)دا (٤٧٣) ملیۆنی سەرفکراوەو لە (٢٠١٠)دا (٧٦٨) ملیۆنی بۆ دابینکراوە، ئەم پرۆژەیە لە (٢٠٠٤)دا کۆمپانیای عبر البحار، کە پرۆژەکەی جێبەجێ دەکرد، پرۆژەکەی تێکداو بە ناتەواویی جێی هێشت، لەو کاتەوە تائێستا هەموو ساڵێک پارەی بۆ سەرف دەکرێتەوە.

لە پرۆژە بەردەوامەکانی شارەوانیو گەشتوگوزاری سلێمانی، پرۆژەی قیرتاوکردنی کۆڵانەکانی سەید سادق هەیەو بڕی ملیارێکو (٥٩١) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، کە لە (٢٠٠٩)دا ملیارێکو (٤٨٢) ملیۆنی بۆ سەرفکراوە، واتە (٩٥٪)ی تەواو بووەو لە (٢٠١٠)شدا (١٠٩) ملیۆنی دیکەی بۆ تەرخانکراوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئەم پرۆژەیە بە وتەی سەرهەنگ فەرەج، ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان، دوای بەدواچوون دەرکەوتووە، کە بوونی نییە لە سەیدسادقو وەهمییە، هەر بۆیە لەمبارەیەوە پرسیارێکی ئاراستەی وەزارەتی شارەوانیو گەشتوگوزار کردووە، تا ڕوونکردنەوە بدەن لەمبارەیەوە.

## وەزیری ئەوقاف:
# گلەیی زۆرمان لەحکومەت هەیە

هەنگاوهاشم- هەولێر



کامیل حاجی عەلی، وەزیری ئەوقافو کاروباری ئایینی لەسەر لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی، گلەیی لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، لەسەر ئەو بەڵێنانەی بە حیزبەکەی دراوەو جێبەجێ نەکراون.

کامیل حاجی عەلی، لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «گلەییمان لە حکومەت هەیە، چونکە ئەو بەڵێنانەی جێبەجێ نەکردووە کە پێماندرابوو، لە لایەن ئەو لیژنەیەوە کە بۆ پێکهێنانی حکومەت لەگەڵمان کۆبوونەوە».

ئەو وەزیرەی حکومەتی هەرێم باسی لەوە کرد؛ کە ماوەی ساڵێک زیاترە ناوی پێشمەرگە دێرینەکانی بزووتنەوەی ئیسلامییان پێشکەشی حکومەت کردووە، بەڵام تائێستا ناویان نەگەڕاوەتەوەو لە ئیدارەی سلێمانیش زەوی نەدراوە بە بنەماڵەی شەهیدەکانی بزووتنەوەی ئیسلامییو پلەی شەهیدەکانیشیان سەرجەمیان وەکو پێشمەرگە نووسراون، کە لە پێشوودا پلەی بەرزیان هەبووە لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا.

لە بارەی وەزارەتەکەشیەوە وەزیری ئەوقاف وتی: «پەرلەمانی کوردستان دامەزراندنی (١٧٠) کەسی بۆ وەزارەتی ئەوقاف پەسەند کرد، بەڵام تاکو ئێستا ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکراوە، هەروەها لە ماوەی ڕابردوودا ناوی (٥٠) کەسمان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ هات، بەڵام ئێمە وەکو وەزارەتی ئەوقاف ئاگاداری ئەم ناوانە نەبووین، دواتر لە وەزارەت ئێمە ناوی (١٢٢) کەسمان نووسی لەو شوێنانەی کە پێویستمانە دابمەزرێنو ناردمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام تائێستا وەڵامەکەی نەهاتووەتەوە».

وەزیری ئەوقاف لە بارەی چالاکییەکانی وەزارەتەکەیەوە ڕووی ڕەخنەو گلەییەکانیشی لە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتیو پارتی دەکاتو دەڵێت: هەموو کەسێکی هەرێمی کوردستان پەیوەندیی بە وەزارەتی ئەوقافەوە هەیە، چونکە وەزارەتی ئەو قاف جگە لە ئایینی ئیسلام پەیوەندیی بە کاروباری ئایینەکانی تریشەوە هەیە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەن، لەم ڕووەشەوە بەردەوامین لە کارکردنو خزمەتکردن، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەت کەناڵێکی ئاسمانی نییەو ئەو کەناڵانەی تریش کە هەن حیزبین، بە تایبەتی سەر بە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارنو کەناڵێکی زۆریان هەیە، بەڵام کارەکانی ئێمە بڵاوناکەنەوە.

# چەند چالاکییەک بۆ پشتیوانی
# لە (مەریوان وریا قانعو ئاراس فەتاح) ئەنجامدەدرێت

پشتیوان سەعدوڵڵا

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ڕەچاونەکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان، چەندین سکاڵای یاسایی لەسەر ڕۆژنامەنووسانو تەنانەت نووسەرو ڕۆشنبیران تۆمارکرد،ئەوهەڵمەتەی پارتیش، نارەزاییەکی زۆری لێکەوتووەتەوەو بڕیارە لەمڕۆوە، چەند چالاکییەک ئەنجام بدرێن.

ئاسۆس هەردی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاوێنە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند:لە چوارچێوەی ئەو چالاکییانەی بۆ داکۆکیکردن لە مافی ئازادیی ڕادەربڕین ئەنجام دەدرێن، ئەمڕۆ سێشەممە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بڵاودەکەینەوەو وتارەکەی هەردوو نووسەر (مەریوان وریا قانع، ئاراس فەتاح) بە سێ زمان بڵاودەکەینەوەو ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانو ڕۆشنبیرانی کوردستان، ئیمزای خۆیانیان خستووەتە سەر ئەو وتارەو لە ڕێگەی پشتگیریکردنمان لەو وتارەوە دەمانەوێت ئەوە بە دەسەڵاتی سیاسیی بڵێین، ئێمە دەست لە مافو ئازادییەکانمان هەڵناگرین.

وتیشی: «زۆربەی سکاڵاکان، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە تۆمارکراون، بەڵام هەر ئەوان نین کە پێشێلی ئازادیی بیروڕا دەربڕین دەکەن، بەڵکو چالاکییەکان دژی هەموو ئەو هێزانەن کە بە سەردەمی عەقڵیەتە تاریکەکان بیردەکەنەوەو تەحەمولی بیروبۆچوونی جیاواز ناکەن.

هەروەک لە ڕاگەیەنراوێکی چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندندا، ئاماژە بەوە کراوە: «ئێمە پێمانوایە، هەڵمەتێکی بەرنامەبۆدانراو لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە لەئارادایە بۆ دەمکوتکردنی دەنگی ئازادو ڕەخنەگر، دەمانەوێت لە ڕێگەی ئەم کەمپەینەوە، جارێکی تر جەخت لەو ڕاستییە بکەینەوە کە هەڕەشەو گوشارەکان، نەک هەر نامانترسێنن، بەڵکو سوورترمان دەکەن لەسەر داکۆکیکردن لە مافو ئازادییەکانی هاوڵاتییانی ئەم هەرێمە».

# مەلابەختیار: میللەت دەنگمان نەداتێ
# وەک موعارەزە ئیش دەکەین

ڕۆژنامە

لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕایگەیاند؛ کە حیزبەکەی ئامادەیە ببێتە موعارەزە، ئەگەر خەڵک لەهەڵبژاردندا دەنگی پێنەدەن.

مەلابەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیو سەرنووسەری ڕۆژنامەی چاودێر، لە وتارێکدا کە لە ژمارەی دوێنێی ڕۆژنامەی چاودێردا بڵاویکردووەتەوە، دەڵێت: «هیچ حیزبێک ناتوانێت شان لەشانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بداتو سەرەڕای ئەو مێژووەش، سەرەڕای هەموو ئەو قوربانییانە، سەرباری ئەو ڕەگو ریشەیە، سەرباری هەموو ئەو شانازییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەسەنگەری دیموکراسی دەبین، بەردەوام خۆمان لەمەحەکی دیموکراسی دەدەین».

مەلابەختیار، لە وتارەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات: «خۆمان بەحیزبی حاکمی سەپێنراو نازانین، لە هەڵبژاردن، میللەت دەنگمان بداتێ، سوپاسی دەکەین، بەپێی پێدانی ئەو دەنگە، ئیستیحقاقی خۆمان وەردەگرین، میللەتیش دەنگمان نەداتێ، ئامادەین وەکو موعارەزە ئیش بکەین».



# (٢١٠) هەزاری دەرماڵە،
# بۆ لیوای پۆلیسی سلێمانی خەرج نەکراوە

ڕۆژنامە

هەرچەند ماوەی دوو مانگە بڕی (٢١٠) هەزار دینار وەکو دەرماڵە بۆ هێزەکانی ناوخۆ زیادکراوە، بەڵام تائێستا ئەو بڕە پارەیە بۆ لیواکانی نەوتو غاز خەرج نەکراوە.

چەند پۆلیسێکی لیوای سلێمانی (نەوت و گاز)



بە ڕۆژنامەیان ڕاگەیاند: کە سێ مانگە پۆلیسەکانی لیواکەیان ئەو (٢١٠) هەزارەیان وەرنەگرتووە کە حکومەت بڕیاریداوە وەک دەرماڵە بیاندرێتێ. بەڵام عەمید کەمال، کە ئامر لیوای ئەو پۆلیسانەیە وتی: «لیواکەی ئێمە لەڕووی تەوجیهاتەوە سەر بە وەزارەتی ناوخۆین، بەڵام لەڕووی مووچەوە سەر بەوەزارەتی سامانەسروشتییەکانینو مووچەمان باشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە مانگی (١١و١٢)دا هەر پۆلیسێک (٢٠٠) هەزار دینار چووەتە سەر مووچەکەی.

کاروان سالح، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجییەکان لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد، بەپێی بڕیارەکە زیادکردنەکە هەموو هێزەکانی ناوخۆ دەگرێتەوە، بەڵام ئەو (٢) لیوایەی کە بۆ پاراستنی نەوتو غاز پێکهێنراوە (٢١٠) هەزار دینارەکەیان بۆ سەرف نەکراوە.

# کەرکوک زۆرترین دزیی تێدا کراوە

ئارام جەمال- کەرکوک

بەپێی ئاماری دەزگایەکی کەرکوک، لە ساڵی (٢٠١٠)دا (٣٣٩) حاڵەتی دزیکردن لەو شارەدا تۆمارکراوە، کە بەرزترین ڕێژەی دزیکردنە بە بەراورد بە ئاماری چەند ساڵی ڕابردووی کەرکوک.

بەپێی ئاماری ساڵانەی سەنتەری هەماهەنگیی هاوبەشی پۆلیسی کەرکوک کە کۆپییەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، کۆی ڕووداوەکانی ساڵی (٢٠١٠)ی پارێزگای کەرکوک (١٤٥٦) ڕووداون، کە بەرزترینیان دیاردەی دزیکردنە، کە (٣٣٩) حاڵەتەولەماوەی(٧)ساڵی ڕابردوودا بەرزترین ئاستە، ئەمە لەکاتێکدا کۆی ڕووداوەکانی ساڵی(٢٠٠٩)، (١٣٣٨)ڕووداو بوون، هەروەها لەساڵی ڕابردوودا (٢١٣)ڕووداوی هاتوچۆو تەقینەوەی (١٤٥) بۆمبی تەوقیتکراو و (٧)ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراو تۆمارکراونو (٢٠) حاڵەتی خۆکوشتنو (٥٣)ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەو (٣٣)تەرمی نەناسراو دۆزراونەتەوە، هەروەها (١٦٠)موشەکی کاتیۆشاو گوللەی هاوەنیش بە مەبەستی کردەوەی تیرۆریستی تەقێنراونەتەوە، لەبەرامبەریشدا هێزەکانی پۆلیس، (١٠٨)جار ڕووبەڕووی تیرۆریستو کەسانی هەڵاتوو لەیاسا بوونەتەوەو لە کۆی (٢٤٧)هەڵمەتی گەڕانو پشکنینیشدا کە لەلایەن پۆلیسەوە ئەنجامدراون، لەناو شارو قەزاوناحیەکانی دەوروبەری کەرکوک، (٧٥١)کەسی داواکراو و گومانلێکراو دەستگیرکراون.

لەوبارەیەشەوە، لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کردەوە تیرۆریستییەکانو قوربانییانی ئەو کردەوانە، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی(٢٠٠٩) دا، بە ڕێژەی نزیکەی (٢٥٪) کەمیانکردووە، هەر لەساڵی ڕابردوودا، گرووپی توندڕەوی ئەنسارولسوننە، زۆرترین کردەوەو پەلاماری لە سنووری کەرکوکدا ئەنجامداوە بە بەراورد لەگەڵ گرووپو ڕێکخراوە توندڕەوەکانی دیکەدا لەدژی خەڵکو هێزە ئەمنییەکان».

### دەنگدەرانی دهۆک، موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سلێمانی:

# ئۆپۆزسیۆن بە قازانجی خەڵک شکاوەتەوە

ڕۆژنامە

دوای ساڵێکو چوار مانگ، لە تەمەنی ئۆپۆزسیۆن لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، زۆرینەی دەنگدەران لە ڕاپرسییەکدا پەیدابوونی «گۆڕان» بە زەروورییەتی خەڵکو وەک ڕەمزی دەنگی ڕاستەقینەی خۆیانی دەبینن، لەدەرەوەی ئەو ڕاپرسییەش، ڕۆشنبیران ئاماژە بە جێکەوتە ئیجابییەکانی پشت دروستبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن دەکەن، هەروەک پەرلەمانتارانی دەسەڵاتیش گرنگی هێزی ئۆپۆزسیۆن لە کارابوونی گەمە سیاسییو پەرلەمانییەکان ناشارنەوە.

ڕێکخراوی پۆینت بۆ ڕاپرسیو لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان کە بارەگاکەی لەشاری دهۆکە، لە دوایین ڕاپرسی خۆیدا پرسی ئۆپۆزسیۆنبوونی بزووتنەوەی گۆڕانی کردووەتە ڕاپرسییەکی جەماوەرییو تێیدا (٧٥,٣٪) بەشداربووان ئاماژە بە بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە دەکەنو (٦٧,١٪)ی پێیانوایە؛ پێش لەدایکبوونی بزووتنەوەی گۆڕان ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە لە کوردستان نەبووە.

کۆمەڵگەی ڕاپرسییەکە لە ڕووی چەندێتییەوە (١٠٠٠) کەس لە تەمەنی جیاواز، چینو توێژ، ئایین، مەزهەبو نەتەوە لە (کورد، تورکمان، کلدو ئاشووری، عەرەب، ئەوانی دیکە) پێکهاتووەو بەسەر هەردوو ڕەگەز لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دهۆک، موسڵ) دابەشکراوە.

«پۆینت» ئاماژەی بەوە کردووە؛ هەوڵیان داوە بە بێلایەنیو بە شێوەیەکی زانستیی ڕای شەقامی کوردستان بخوێننەوە، لەمەڕ (بزووتنەوەی گۆڕان) وەکو نوێنەری گەڵاڵەبووی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا.

کوێستان محەمەد، پەرلەمانتاری گۆڕان ئەنجامی ئەو ڕاپرسییە دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆشیاریی خەڵکو چاودێرییان لە بارەی ڕێڕەوی کارکردنی هێزە سیاسییەکان، جموجۆڵەکانی فراکسیۆنەکەیانو ئەو گۆڕانکارییانەی دوای دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێم ڕوویانداوە.

وتیشی: «بەرنامەی سیاسیی گۆڕانو کارنامەی ئیشکردنی فراکسیۆنەکەمان بەرژەوەندیی زۆربەی چینو توێژەکانی لەخۆیدا کۆکردووەتەوەو بەهێزەوە ڕەخنە لە نادادییو گەندەڵیی گیراوەو لەژێر فشاری ئۆپۆزسیۆندا شاردنەوەی بابەتە گرنگەکانی پەیوەست بە خەڵک کەمبووەتەوە».

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان، ئەوەش دەخاتە ڕوو فراکسیۆنەکەیان زۆرترین پرۆژەیاسایان بۆ بەرژەوەندیی خەڵکو بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییو بەتاڵانبردنی سەروەتی گشتیی، لە لایەن حیزبەکانەوە گەیاندووەتە پەرلەمان، بەردەوام لەناو خەڵکدا بوونو پێشڕەویی خۆپیشاندانو نارەزایەتییەکانی خەڵکیان کردووە، لەو پرسیارانەی ئاراستەی حکومەت کراوە، پشکی شێر بەر ئەوان کەوتووە.

لە بەدواداچوونی کێشەکانی خەڵکو لە وەزارەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان پێشەنگ بوون، چیتر بودجە لە تاریکدا نییە، بە هەوڵی ئەوانو بەرگریکردن لە ڕاگەیاندنو سیستمی عەلەنیەت، کەناڵی ئیعلامیی پەرلەمان دەکرێتەوەو ڕۆژانە دانیشتنەکان بۆ خەڵک دەگوازرێتەوە.

لای خۆشیانەوە، پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی کوردستانیی ئاماژە ئیجابییەکانی پشت دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن دەخەنە ڕوو.

عەبدولسلام بەرواری، پەرلەمانتاری پارتی لە فراکسیۆنی کوردستانیی بڕوای وایە؛ هیچ سیستمێکی سیاسیی لەسەر بنەمای دیموکراسیو دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە ڕێگەی ئاشتی بینا کرابێت، بێ بوونی ئۆپۆزسیۆن نایەتەدی، دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لە کوردستاندا کاریگەریی زۆری هەبوو بە دوو ئاراستە:

یەکەم: گەرمییەکی تەواوی خستە ناو ئیشوکاری پەرلەمانو کێشکردنی خەڵک بەلای شێوەی کارکردنی پەرلەمانتاران.

دووەمیش: کایەی سیاسیی لە هەرێمدا جوڵاند، بەو حوکمەی هەمیشە ڕای جیاواز ململانێو کێبڕکێی سیاسیی بە دوای خۆیدا دەهێنێتو بەهێزیی پرۆسەی سیاسیی لێدەکەوێتەوە.

بەرواری، وتیشی: «ئۆپۆزسیۆن پێش هەڵبژاردنی (٢٠٠٩) نەبوو، لە بارەی هەوڵی چوار حیزبەکە، ئەوان دەیانویست لەناو دەسەڵاتەوە ئۆپۆزسیۆن بن، لەوەشدا سەرکەوتوو نەبوون».

لەپشت دروستبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆنەوە، وەک هاوکێشەیەکی پێچەوانە پێشئەوەی ئامانجە ئابووریی و سیاسییەکانی سەرکردەی حیزبە باڵادەستەکان بچووکبووبێتەوە، هێزی خەڵکو ڕای شەقامو ئیرادەی میللەت گەورە بووە، ئێستا هەموو هێزەکان شەڕ لەسەر خەڵک دەکەنو دەزانن بێگەڕانەوەیان بۆ ناو خەڵک ناتوانن هیچ بەدەستبهێنن.

ئەنجامی پرسیارێکی ڕاپرسییەکە، لە بارەی پێویستی بوونی «گۆڕان» (٦٩,٦٪)ی بەشداربووان، بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە، لەو چوارچێوەیەدا ڕێبین هەردی، نووسەرو ڕووناکبیر لە ناواخنی نووسینێکیدا لە هەفتەنامەی «ئاوێنە» هەڵوەستەی لەسەر ئەوە کردووە؛ پەیدابوونی «گۆڕان» خۆیو هێزەکانی تری ناچار کرد لە خەڵک نزیکبنەوە.

لەوبارەیەوە دەڵێت: «گرنگییەکەی پاش چەندان ساڵ لە نەبوونی ململانێو دابەشکردنی برایانەی پۆستو پلە لە ژوورە داخراوەکاندا، ترسی دۆڕانی خەڵکو دۆڕانی هەڵبژاردن ببێتە ترسێکی ڕاستەقینەی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان».

هەردی، لە نووسینگەکەیدا، فراوانبوونی ئازادییو ئازایەتی قسەکردنی خەڵک وەک دەستکەوتێکی گەورە شیدەکاتەوەو دەنووسێت: «پاش دروستبوونی گۆڕان ئازایەتی قسەکردن نەک گەورە بووە، بەڵکو لەناو پەرلەمانیشدا ڕەنگدانەوەی هەیەو دەردەکەوێت، کەم بڕیارو پرۆژەیاسا هەیە بێ ڕەخنەی نەرمو توندو هەندێکجار وتوێژی پڕ لە گرژیی تێپەڕێت، ئەمڕۆ هیچ هێزێک لە کوردستان ناتوانێت بێ دوودڵیو بێ سڵکردنەوەی هەر کارێک دەیەوێت بیکاتو لە هیچ نەترسێت بە خودی بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە».

لە بارەی توانستی گۆڕان لە پراکتیزەکردنی ئەو دروشمو سۆزانەی لە کاتی هەڵبژاردنەکان بە خەڵکی داوە، (٥٥,٨٪)ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پێیانوایە؛ نەیتوانیوەو (٣٢,٧٪)ی پێیانوایە؛ دروشمەکانی جێبەجێکردووە.

لە بارەی ئەو ئەنجامە، پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی کوردستانیی هۆکاری نەتوانینی دەگەڕێنێتەوە بۆ گوتاری سیاسیی ئۆپۆزسیۆنو دەڵێت: «تائێستاش گۆڕان گوتارەکەی وەک هی سەردەمی هەڵبژاردنە، پێش هەڵبژاردن دیارنەبوو کێ دەبێتە دەسەڵات، بەڵام دوایئەوەی خەڵکی دەنگی داو زۆرینەو کەمینە پەیدابوو، زۆرینە حکومەتی پێکهێنا، دەبێت ئەو گوتارە بگۆڕێت، کەچی ئەوان هەر سوورن لەسەر نیشاندانی هەڵەی خەڵک کە دەنگیان بە بەرامبەرەکانیان داوە، سوورن لەسەر ئەوەی بە کەمینەی خۆیانەوە دەتوانن حکومەت بەڕێوەبەرن».

عەبدولسەلام بەرواری، ئەوەشی نەشاردەوە کەمیی ئەزموونیان لە بەرامبەر ئەو ڕەوشە نوێیەی لە هەرێم هاتەدی، پەرلەمانتاری هەردوو لا (زۆرینەو ئۆپۆزسیۆن) نەیانتوانی ڕۆڵی خۆیان بە چاکی بگێڕن.

بە پێچەوانەی پەرلەمانتارەکەی کوردستانیی، کوێستان محەمەد، پێیوایە؛ ئەگەر گۆڕان نەیتوانیبێ هەموو دروشمو ئامانجەکانی بهێنێتەدی، هۆکارەکەی هەژموونی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەیە، نەک شتێکی تر.



فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

وتیشی: «ئەوان پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگەیان بەدەستەوەیە، پارە لەبەردەستی ئەوانە، داهاتی نەوتیان شاردووەتەوە، خەڵکیان ترساندووەو نانی خەڵکیان بڕیوە، سەرباری ئەو هەڵمەتە فراوانەی کردوویانەتە سەر ئازادیی ڕادەربڕینو ڕۆشنبیران».

کوێستان، گەشبینە بەرامبەر هێنانەدی دروشمەکانیانو ئاماژەی بەوە کرد؛ ڕێگەیەکی درێژیان لەپێشەو بەڵێنیان بە خەڵک داوە بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی، نەهێشتنی ناعەدالەتیی، سەرخستنی یاساو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو هێنانەدی شەفافیەت لە بودجەو کۆمەڵگەیەکی لەبار، بۆ ئەمەش فشارەکانمان درێژە پێدەدەینو بە پشتیوانی خەڵک ئەم قۆناغە تێدەپەڕێت.

> عەبدولسەلام بەرواری: ئۆپۆزسیۆن گەرمییەکی تەواوی خستە ناو پەرلەمانو کایەی سیاسیی هەرێمەوە

> کوێستان محەمەد: بەرنامەی سیاسیی گۆڕان بەرژەوەندیی زۆربەی چینو توێژەکانی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە

> (٧٥,٣٪)ی دەنگدەران: گۆڕان ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەیە

# پەرلەمان لەم خولەیدا هەفتەی «یەک» دانیشتنی ئەنجامداوە

## د. سەروەر عەبدولڕەحمان: تاکە هۆکار کەمتەرخەمیی سەرۆکایەتیی پەرلەمانە

شارا عەبدولڕەحمان

پەرلەمانی کوردستان لە چوار مانگی ڕابردووی کارکردنیدا، تەنیا (٢٥) دانیشتنی ئەنجامداوە، پەرلەمانتارانی لیستی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنیش هۆکاری ئەو سستییەی پەرلەمان دەگەڕێننەوە بۆ کەمتەرخەمیی سەرۆکایەتیی پەرلەمان.

خولی گرێدانی یەکەم لە ساڵی دووەمی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا کە لە (٩/١)ی ئەمساڵەوە دەستیپێکردو تا ٢٠١٠/١٢/٣١ بەردەوام بوو، تەنیا (٢٥) دانیشتنی لەماوەی ئەو چوار مانگو (٨) هەفتەیەدا ئەنجامداوە، کە (٦٢) پرۆژەیاساو بڕیار ئاراستەی پەرلەمان کراوەو تەنیا (١٩) پرۆژە یەکلایی کراونەتەوە.

پەیام ئەحمەد؛ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان کە لە(١٨) هەفتەدا بەڕێوەچووە بە کەم دەزانێت، لەو بارەیەشەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەو پرۆژانەی کە هاتبوو بۆ لیژنەکان، هەندێکیان ئیشی باشیان لەسەر کراوە، بەڵام کەمیی ژمارەی دانیشتنەکان هۆکاری سستیی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی تێدایە».

ئەمە جگە لەوەی کە بە بڕوای پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، هەندێک پرۆژە هەبووە کە سەرۆکایەتی پەرلەمان مەبەستیان نەبووە کە بێتە ناو هۆڵی پەرلەمانەوە، بۆیە دانیشتنەکانی دواخستووە، «ئەوانە وایکرد کە پەرلەمان سستیی پێوەدیاربێتو دانیشتنەکان کەم بێت».

نارەزایی لە کەمیی دانیشتنەکانی پەرلەمانو گەڕاندنەوەی هۆکارەکەی بۆ کەمتەرخەمی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، تەنیا لە لای فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو فراکسیۆنی دەسەڵاتیش لەسەر ئەو بابەتە سەرنجی خۆیان هەیە.

هەروەک د.سەروەر عەبدولڕەحمان؛ پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دەبوایە پەرلەمان لەو خولی گرێدانەیدا کە ڕابوورد، دانیشتنەکانی زیاتر بێت، بەڵام بەداخەوە جاری وا هەبووە کە سێ هەفتە تێدەپەری دانیشتن ئەنجام نەدەدرا، ئەمەش وایدەکرد لە کۆتاییەکەیدا بکەوینە پەلەپروزێ، بۆیە هۆکاری کەمی دانیشتنەکان بۆ هەر مەسەلەیەک بگەڕێننەوە، نابێتە پاساو، بۆیە من پێموایە کە تاکە لەمپەرێک کە بووبێتە مایەی ئەوەی کە دانیشتنەکان وەک پێویست نەبێت، سەرۆکایەتیی پەرلەمان بووە»

لەو خولی گرێدانەی پەرلەمانی کوردستاندا کە هەفتەی ڕابردوو تەواو بوو، (١٠١) پرسیار لەلایەن پەرلەمانتارەکانەوە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، لەو ژمارەیەش تەنیا (٤١) پرسیاریان لە کاتی یاسایی خۆیدا وەڵامدراونەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، هەر پرسیارێک کە لەلایەن پەرلەمانتارێک، یان لیژنەیەک، یان فراکسیۆنێکی پەرلەمانەوە ئاراستەی وەزیرێک، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت، پێویستە لە ماوەیەکی دیاریکراودا وەڵامبدرێتەوە، ئەگەر وەڵامنەدرایەوە، ئەوا پێویستە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئەو وەزیرە بانگهێشت بکرێت بۆ ناو پەرلەمان، تا هەم وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە، هەم لە هۆکاری دواکەوتنی وەڵامی پرسیارەکەش ڕوونکردنەوە بدات، بەڵام پەرلەمان ئەمەشی نەکردووە.

لەو بارەیەشەوە د.سەروەر وتی: «ئەم حاڵەتانە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بەدواداچوونی بۆ نەکراوە، بەداخەوە لەلای ئێمەوە لە هەر خولێکدا کە پرسیار دەکرێت، لەگەڵ تەواوبوونی خولەکەدا ئەو پرسیارەش بەتاڵ دەبێتەوەو هیچ هێزێکی یاسایی نامێنێت».

ئەو پەرلەمانتارە بەشێک لە کەمتەرخەمییەکەشی گەڕاندەوە بۆ فراکسیۆنەکانی پەرلەمانو ئەوانی بێتاوان لەوبارەیەوە نیشان نەدا، هەروەک وتی: «بەداخەوە کە پەرلەمانتارانو لیژنەکان چ لیستی زۆرینە بێت، چ لیستی ئۆپۆزسیۆن بێت، زیاتر شەڕی ئەوەمان بووە کە کامان زیاتر پرۆژەیاسا پێشکەش دەکات، کە ڕەنگە هەندێکجار پرۆژەیاساکە هەبووبێت، بەڵام هاتووین پرۆژەیاسامان بە هەمان ناوەوە پێشکەش کردووە، تەنیا لە ڕقی یەکتر، لە کاتێکدا ئێمە ئەرکی لەپێشترمان هەبووە، کە ئەویش چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت بووە، کە ئایا حکومەت بۆچی وەڵامی ئەو پرسیارانە ناداتەوە؟».

بەڵام پەیام ئەحمەد پەرلەمانتارەکەی گۆڕان بۆچوونی جیاوازی هەیە لەوبارەیەوەو پێیوایە؛ کە وەڵامنەدانەوەی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران لە لایەن حکومەتەوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە حکومەت خۆی لەو ئاستەدا نابینێت کە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، «کەموکورتییەکە لە سەرۆکایەتی پەرلەماندایە، کە دەبێت وا بکات کە حکومەت حسابێکی تر بۆ پەرلەمان بکات».



سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەرپرسیارە لە کەمیی دانیشتنەکان

فۆتۆ: ڕۆژنامە

د. شۆڕش حەسەن: دواكەوتنی ڕێكخستنەوەی گۆڕان، بزووتنەوەكەی بەرەو دواوە بردووە 6

# یەكێتیبوون، مەرجی وەرگرتنی پۆستی چەند بەڕێوەبەرێتییەكی نوێیە لە گەرمیان

## بەپێی یاسا؛ دەبێت خزمەتی (١٠-١٥) ساڵی حكومییان هەبێت، بەڵام پاڵێوراوەكان هیچ خزمەتێكی حكومییان نییە

**ڕاپۆرتی: بەهادین یوسف**

ژمارەیەك ڕۆشنبیری گەرمیان داوا دەكەن چیتر حیزب حكومەت نەكات بە ئامرازێك بۆ دۆزینەوەی كار، ئەوەش لە كاردانەوەی بڕیاری پاڵاوتنی چەند كادیرێكی حیزبیی بۆ بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرێتییانەی كە بڕیارە لە سنووری گەرمیان بكرێنەوە.

ژمارەیەك ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسی گەرمیان لە بەیاننامەیەكدا، كە وێنەیەكی بۆ ڕۆژنامە نێردراوە ئاماژە بەوە دەكەن؛ كە ماوەیەك هەست بە جموجووڵێكی چڕ دەكەن لە لایەن حیزبی دەسەڵاتەوە بە ئاراستەی خزاندنی كادیرەكانیان بۆ ناو حكومەتو ئەو هەوڵەش بووەتە مایەی نیگەرانیی ئێمە، چونكە جگە لە گاڵتەكردن بە چارەنووسی خەڵك، دژ بە پرەنسیپەكانی دوورخستنەوەی دەستی حیزبە لە حكومەت.

لە بەیاننامەكەدا ئاماژەش بەوە كراوە؛ كە ئەوەمان لە دەسەڵاتو بە تایبەت لە د.بەرهەم ساڵح، سەرۆكی حكومەتی هەرێم چاوەڕوان دەكرد، كە بەشێك لە هەڵەكانیان ڕاستبكەنەوەو هەمان سیناریۆ فاشیلەكەی بەخشینەوەی پۆستی حكومیی بە كەسانی حیزبیی دووبارەنەكەنەوەو ئالیەتێك بدۆزنەوە كە پشت بە لێهاتوویی‌و بڕوانامەو پسپۆڕیی ببەستێت، بەڵام وا دیارە جارێكی دیكە بێ هیوایان كردین.

ئـــازاد عـــوســـمـــان، یـــەكـــێـــكـــە لـــەو ڕۆژنامەنووسانە ئیمزای بەیاننامەكەی كردووە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «زانیاریی هەیە كە چەند بەڕێوەبەرێتیەكی گشتیی لە سنووری گەرمیان دەكرێتەوەو گۆڕانكاریی لە چەند بەڕێوەبەرێتییەكی دیكەدا دەكرێتو ئەو ناوانەشی كە ناویان دەهێنرێت بۆ ئەو پۆستانە كادیری حیزبین‌و كارگێڕی مەڵبەندەكانن، بە هۆی ئەوەی ئێستا چەند مەڵبەندێكی یەكێتی لەیەكدەدرێن‌و لەو ناوەشدا ژمارەیەك كادیر بێ ئیش ماونەتەوە،

> بەڕێوەبەری ئیدارەی گەرمیان:
> پێویست دەكات هێندە گوێ بە تواناو لێهاتوویی‌و پسپۆڕیی بدرێت هێندە گوێ بە حیزبیبوون نەدەین

بۆیە كردنەوەی ئەو بەڕێوەبەرێتییانەش بۆ دۆزینەوەی ئیشە بۆ ئەو كەسانە، بۆیە ئێمە دژی ئەو هەوڵەین، چونكە ئەوانە لایەنی كەمی ئەو سیفەتانەیان تێدانییە، كە بشێن بۆ ئەو پۆستانەو نە پسپۆڕییان هەیە لە بوارەكەدا، نە هیچ ئەزموونێكی كاری حكومییان هەیە».

وتیشی: «ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە، كە دانانی ئەو بەڕێوەبەرە گشتییانە مافی یەكێتییە وەك شەریكی حكومەت، بەڵام دەبێت ئەو كەسانەی دادەنرێن لەو ئاستەدابن‌و بشێن بۆ ئەو پۆستانە، نەك تەنیا مەرج ئەوەبێت كە حیزبین».

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە كـەوتـوون، لە ئێستادا یەكێتی بە نیازی گۆڕینی چەند بەرپرس‌و بەڕێوەبەرێكی سنووری ئیدارەی گەرمیان‌و پڕكردنەوەیانە بە كادیری حیزبیی‌و هەروەها كردنەوەی چەند بەڕێوەبەرێتییەكی گشتییە، لەوانە: (فەرمانگەی داواكاری گشتیی، بەڕێوەبەرێتی تاپۆ، بەڕێوەبەرێتی گشتیی شارەوانییەكان، بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیریی‌و هونەرو بەڕێوەبەرێتی كتێبخانە گشتییەكان، چەند بەڕێوەبەرێتی گشتیی دیكە)و سەرجەم ئەو كەسانەشی كە كاندیدن بۆ وەرگرتنی ئەو بەڕێوەبەرێتییانە كادیری یەكێتین لە مەڵبەندەكانی پێشووی گەرمیان‌و ئێستا هیچ بەرپرسیارێتییەكی حیزبییان نەماوە.

بەپێی یاسای خزمەتی مەدەنیش، ئەو كەسانەی كە دەبنە بەڕێوەبەری گشتیی، لانی كەم دەبێت خزمەتی (١٠) ساڵی حكومییان هەبێتو بۆ هەندێكیشیان زیاتر لە (١٥) ساڵ‌و ئەو كەسانەشی كە لە ئێستادا پاڵێوراون بۆ وەرگرتنی بەڕێوەبەرێتییەكانی گەرمیان هیچیان خزمەتی حكومییان نییەو تەنیا كاری حیزبییان كردووە لە ڕابردوودا.


لە بەرامبەردا سەعید ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئـیـدارەی گـەرمـیـان، هـــاوڕا لـەگـەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسانە پێیوایە: «پێویست دەكات هێندە گوێ بە تواناو لێهاتوویی‌و پسپۆڕیی بدرێت، هێندە گوێ بە حیزبیبوون نەدەین. ڕاستە ئەمڕۆ دەسەڵات بەدەستی یەكێتی‌و پارتییەوەیە. بەڵام هەركەسێك خزمەتی باش بكات ئیجابیاتەكەی بۆ دەسەڵات دەگەڕێتەوە، هەق نییە وا تێبگەین كە تەنیا كەسی حیز بیی دڵسۆزبێت لە پۆستەكەیدا، بۆچوونم وایە پێویستە هەموو هاوڵاتییانی كورد بە یەكسانیی دەرفەتیان پێبدرێت بۆ ئەوەی بتوانن خزمەت بە وڵات بكەن، لایەنداربێت، یان بێلایەن».

هەروەك ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسانی گەرمیان ئاماژەیان پێكردووە: «لە سۆنگەی دڵسۆزیمانەوە داوای چارەسەركردنی ئەو كێشەیە دەكەین‌و خوازیارین حكومەت تێبینییەكانمان بە جدیی وەربگرێت».

سەعید ئەحمەد، هەرچەندە بەیاننامەكەی نەبینیوە. ئەوەی بە ڕۆژنامە وت: «كردنەوەی بەڕێوەبەرێتییەكان هێندەی خزمەتی گەرمیانییەكان دەكات، هێندە بۆ دۆزینەوەی پۆست نییە، ئاگام لەوەش نییە لە مەڵبەندەوە خەڵك پاڵێورابێت، خودی ئەو بەڕێوەبەرێتییانە بۆ بووژاندنەوەو خزمەتی زیاتری گەرمیانە، ئومێدمان وایە خەڵكی پسپۆڕو شارەزا بۆ ئەو بوارانە دابنرێت، بۆ ئەوەی لە ئاستی ئەو بەڕێوەبەرێتییانەدا بێت، كە بتوانێت خزمەتی باشترو چاكتر پێشكەش بكات، نەك كار دۆزینەوە».

ســەبــارەت بــە كــردنــەوەی ئـەو بەڕێوەبەرێتییە گشتییانەش بەڕێوەبەری ئیدارەی گەرمیان وتـی: «بەڕێوەبەرێتی پێویستە بە قانون بكرێتەوە، هەندێك بەڕێوەبەرێتی هەیە، كە پێویست دەكات یاسای وەزارەتە پەیوەندارەكانی بۆ هەموار بكرێتەوە، بەشێكیان بواری ئەوەیانداوە كە لە سنووری گەرمیان بەڕێوەبەرێتی گشتیی هەبێتو بەڕێوەبەرێتییەكانی دیكە كە لە خوار گشتییەوەن، كردنەوەی ئەوانە لە دەسەڵاتی وەزارەتەكاندایە».

لـە سـالـی (٢٠٠٨)ەوە ڕۆشنبیران‌و ڕێـكـخـراوەكـان‌و ئـیـدارەی گەرمیانیش داوای پێدانی دەسەڵاتی زیاتر دەكـەن بە ئیدارەكەیان‌و لەگەڵ كـردنـەوەی چەند بەڕێوەبەرێتی‌و فەرمانگەیەك بۆ زیاتر ڕاپەڕاندنی كارەكانیان‌و چەند جارێكیش سەردانی حكومەتو پەرلەمانیان كردووە.



# سەندیكای ڕۆژنامەنووسان، سكاڵاكانی حیزب ناخاتە ناو ڕاپۆرتەكانییەوە

## ڕۆژنامەنووسان ڕەخنە لە ڕاپۆرتی شەشەمی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان دەگرن

**ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان**

هەرچەندە ڕاپۆرتی پێنجەمیان هیچ ئەنجامێكی بۆ ڕۆژنامەنووسان لێ نەكەوتەوە، لیژنەی داكۆكیی لە مافی ڕۆژنامەنووسان ڕاپۆرتی شەشەمی خۆی لەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمدا بڵاوكردەوە، بەڵام كەموكورتی ڕاپۆرتەكە بە جۆرێكە كە هیچكام لەو سكاڵایانەی تێدا نییە كە لەلایەن حیزبی دەسەڵاتدارەوە لە دژی ڕۆژنامەو گۆڤارەكان لەدادگاكان تۆماركراون.

### بەبێ كۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی

لیژنەی داكۆكیی لە مافی ڕۆژنامەنووسانی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان، ڕاپۆرتی شەشەمی شەش مانگی كۆتایی ساڵی (٢٠١٠)ی بڵاوكردەوە، كە تێیدا وەك تۆمار كراوە لەو ماوەیەدا (٦) حاڵەتی پێشێلكاریی‌و (١١) حاڵەتی هـەڕەشـەلـێـكـردن‌و (٣) حاڵەتی دەستگیركردن‌و (٣) حاڵەتی سزادانی ڕۆژنامەنووسان ڕوویانداوە، بەڵام بە پێچەوانەی نەریتی لیژنەكەوە بۆ بڵاوكردنەوەی ڕاپۆرتی ئەمجارەیان، كۆنگرەی ڕۆژنامەنووسییان نەبەست، بەو هۆیەشەوە تائێستاش ژمارەیەكی زۆر لە میدیاكانی كـوردسـتـان بـە شێوەیەكی فەرمیی ڕاپۆرتەكەیان بەدەست نەگەیشتووە، ئەمەش پرسیاری لای ڕۆژنـامـەنـووسـان دروســتــكــردووە، كە ئاخۆ هـۆكـاری نەبەستنی كۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی چییە؟

شوان هەورامی، ئەندامی لیژنەی داكۆكیی لە مافی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە سەرگەرمی ئامادەكارین بۆ كۆنگرەی سێیەمی سەندیكای ڕۆژنامەنووسان، هەر بۆیە ماوەی ئـەوەمـان نـەبـوو كە




كۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی ببەستین كاتەكەش دەكەوتە سەری ساڵی نوێوەو چەند ئەندامێكی سەندیكا لە برایانی مەسیحی‌و كلدو ئاشووری جەژنیان بوو، بۆیە تەنیا ئەوەمان بە گرنگ زانـی، كە ئەو پێشێلكارییانەی كە لە هەرێمی كوردستاندا بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان كراوە، باسی بكەین.

### شاردنەوەی سكاڵاكانی پارتی

ڕاپـــۆرتـــەكـــەی لیژنەی داكۆكیی لە مافی ڕۆژنامەنووسان، هیچكام لـە سكاڵاكانی پـارتـی لە دژی ڕۆژنامەكانی (ئاوێنە، ڕۆژنامە، هاوڵاتی)و گۆڤاری (لـڤـیـن)و چەند ڕۆژنـامـەو گۆڤارێكی تر تۆماری كردوون، تێیدا نییە، كە داوای نزیكەی (٣) ملیار دۆلار لەو میدیایانە دەكات، ئەمە لە كاتێكدا بەپێی یاسای كاری ڕۆژنامەگەریی ژمارە (٣٥)، هیچ سزایەك لە (٢٠) ملیۆن دینار زیاتر نابێت، هاوكات لە مـادەی (١٢)ی یاساكەشدا هاتووە: كە هەر یاسایەك كە لە دژی مادەكانی یاسای كاری ڕۆژنامەگەریی بێت، كاری پێ ناكرێت، ئەمە جگە لەوەی ئەو سزا مادییەی كە پارتی لەو میدیایانەی داوا دەكات، بە مێژووی ڕۆژنامەوانیی كوردی سزایەكی مادیی لەو جۆرە داوا نەكراوە، هەر بۆیە ڕۆژنامەنووسان نیگەرانن لەو بێدەنگییەی لیژنەی داكۆكیی لە مافی ڕۆژنامەنووسان، كە لە ڕاپۆرتەكەدا لەو بارەیەوە نواندوویەتی.

شوان هەورامی، وتی: «سكاڵاكردن لە ڕۆژنامەنووس‌و میدیا ڕاستییەكە كە دەبێت لەبەرچاومان بێت، هەر هاوڵاتییەك جا تاك بێت، یان كۆ، یان هەر حیزب‌و لایەنێك بێت، یان ڕێكخراوێك، گرنگ ئەوەیە كە ئەو سكاڵایە بە ئاقارێكی یاساییدا ببرێت، ئەمە جگە لەوەی كە ئەگەر ئێمە هەر سكاڵایەك كە لەم وڵاتەدا تۆمار دەكرێت بێین بینووسین، لیستەكەمان ئێجگار فـراوان دەبێت، بۆیە بـواری تۆماركردنی ئەو سكاڵایانەمان نەبووە».

### سەندیكای ڕۆژنامەنووسان دەكەوێتە بەر ڕەخنە

تۆمارنەكردنی سكاڵاكانی پارتی لە دژی میدیای ئەهلیی‌و ئۆپۆزسیۆن لە ڕاپۆرتەكەی لیژنەی داكۆكیی لە ڕۆژنامەنووساندا، بـە بـڕوای ڕۆژنـامـەنـووسـان، جگە لە ناشرینكردنی ڕووی سەندیكا، هیچی تری لێ ناكەوێتەوەو پێیانوایە؛ كە پشتگیریكردنی سەندیكا بۆ حیزبە دەسـەڵاتـدارەكـان، لە ڕۆژنامەنووسانیان دووردەخاتەوە.

ئەحمەدمیرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی وت: «لە ماوەی ئەو ساڵەی ڕابـردوودا، سەندیكا هەمیشە بەرەی دژی ڕۆژنامەنووسانی هەڵبژاردووە، بە تایبەتی بەرامبەر پارتی، لەكوێ پارتی مەوقیفی دژ بە ڕۆژنامەنووسانی هەبووبێت، سەندیكا لە دژی ڕۆژنامەنووسان بەیاننامەی بڵاوكردووەتەوە».

مـیـرە، وتیشی: «ڕاپـۆرتـێـك لایەنی سكاڵا فـەرامـۆش بكات، هەقی ئەوەیە ڕۆژنامەنووسان لە جیاتی ئەوەی كە لە دژی پارتی‌و دەسەڵاتی سیاسیی بووەستنەوە، لە دژی ئەو سەندیكایە بووەستنەوە».

هــاوكــات بــڵاوكــردنــەوەی ڕاپــۆرتــی شەشەمی حاڵەتی پێشێلكارییەكان بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان بە لای سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاوێنەشەوە چاوەڕواننەكراو نەبووە.

شوان محەمەد، وتی: «ڕاپۆرتەكە شتێكی چاوەڕواننەكراو نەبوو، چونكە ئەو سەندیكایە من لە زووەوە وتوومە سەندیكای حیزبەكانەو سەندیكایەكی سەربەخۆو پیشەیی نییە، بۆیە تۆمارنەكردنی سكاڵاكانی پارتی لە ڕاپۆرتەكەدا شتێكی چاوەڕواننەكراو نییە، ئەمە یەكەم شتیش نییە كە لێیان چاوەڕێ بكرێت، چونكە دەیان جار ڕۆژنامەنووسان ڕووبـەڕووی هەڕەشەو لێدان بوونەتەوە، بەڵام سەندیكا هەڵوێستی زۆر نەرمیان هەبووە».

### پێشێلكارییەكان لەنێوان كەمبوونەوەو زیادبووندا

لە ڕاپۆرتی شەشەمی لیژنەی داكۆكیی لە مافی ڕۆژنامەنووسانداهاتووە: «خۆشبەختانە ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی ڕووی لە باشییەو حاڵەتەكان لەچاو شەش مانگی ڕابردوودا كەمتر بووەتەوە».

لەوبارەیەشەوە، شوان هەورامی، جەخت لەوە دەكاتەوە؛ كە حاڵەتەكان بەرەو باشتر چوون «ئەوەش نیشانەی ئەوەیە كە ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی چاكتر بـووەو ئـەوە بە خاڵێكی ئیجابی تۆمارمان كردووە، هیوادارین كە لەمەودوا ئەو ڕەوشە بەرەو باشتر بچێت، گرفتەكان كەمتر ببنەوە، هیواخوازین، ئەگەر ڕەوشی نەخوازراویش بێتە پێشەوە، لایەنە پەیوەندیدارەكان بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا بكەن».

بــەڵام شــوان محەمەد، پێیوایە؛ كە حاڵەتەكان كەمتر نەبوونەتەوە، بەڵكو ڕاپۆرتەكە كەموكورتی تێدایە، هەروەك وتی: «حاڵەتەكان زیاتر بووە بە شێوەیەك لە شێوەكان، كە ئەگەر لە ڕووی ژمارەشەوە توندوتیژیی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان كەمبووبێتەوە، لە ڕووی قورسی سكاڵاكانەوە زیاتر بووە، هەربۆیە لەو بڕوایەدام ئەگەر حیزبەكان بەم شێوەیە كار لەگەڵ میدیادا بكەن، بە تایبەتیش پارتی، قەناعەتم وایە میدیای ئەهلیی ماڵئاوایی دەكات».

### سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق:

# زۆربەی لایەنە عێراقییەکان، هەڵوێستەکەی گۆڕانیان بە داهێنانی نوێ زانی

سازدانی: چاوان عەلی

**شۆڕش حاجی، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، پێیوایە؛ کە زۆرێک لە هێزو لایەنە عێراقییەکان، بە ئۆپۆزسیۆنبوونی گۆڕان لە عێراقدا بە داهێنان دەزانن، چونکە زەحمەتە لە عێراقی ئەمڕۆدا هێزێک بدۆزیتەوە کە هەڵپەی دەسەڵات نەکات.**
**لەم دیدارەی ڕۆژنامەدا شۆڕش حاجی، جەختیش لەوە دەکاتەوە؛ کە گۆڕان لە بەغدا لە دەسەڵاتدا بێت یان ئۆپۆزیسیۆن، بەرگریی لە دەستکەوتە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان دەکات.**


شۆڕش حاجی

**ڕۆژنامە: لەدوای بڕیاردانتان بە بەشدارینەکردن لەحکومەت، ئایا مەسەلەکەتان بە تەواوەتی لەگەڵ (هاوپەیمانی نیشتمانیی) یەکلایی بووەوە، یان دەرفەت ماوە بۆ چوونتان بۆ ناو حکومەت؟**

* ئێمە هەڵویستی خۆمان بە ئاشکرا بە هەموو لایەک وتووەو ئەگەرچی تائێستا هێندەی من ئاگادار بم، هیچ وتوێژێکی جدیی نییە بۆ پەشیمانکردنەوەی گۆڕان لەو بڕیارەی کە داویەتی، بەڵام لە مەسەلەی دانوستاندنێکی لەو بابەتەدا، ناکرێت بڵێی ئەو بڕیارەی داومە ئیتر گەڕانەوەی تێدا نییە، بەڵکو بڕیارێکە لەبەر چەند هۆیەکو لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا دراوە، بۆیە بە گۆڕانی هەلومەرجەکەو نەمانی هۆیەکان، ڕەنگە ئەو بڕیارەش وەک خۆی نەمێنێت.

**ڕۆژنامە: ئێوە یەکەم هێز بوون کە بەشێوەیەکی یاسایی‌و دەستووریی، واقیعی ئۆپۆزسیۆنبوونتان جگە لە هەرێمی کوردستان، لە عێراقیش چەسپاند، ئەو بڕیارەتان لە ناوەندی سیاسیی‌و ئیعلامیی عێراقدا چۆن لێکدرایەوە؟**

* ناوەندە سیاسیی‌و ئیعلامییەکانی بەغدا، زۆرن‌و بۆچوون‌و هەڵوێستیشیان لەمەڕ ئەو هەڵوێستەی ئێمە جیاوازە، بەڵام زۆربەی هێزو لایەنە عێراقییەکان بە چاوی ڕێزو تەقدیرەوە دەڕواننە هەڵوێستی گۆڕان. زۆربەی ئەو لایەنانە، ئەو هەڵوێستەی گۆڕان بە شتێکی نوێ‌و جۆرێک لە داهێنان دەزانن، چونکە زەحمەتە لە عێراقی ئەمڕۆدا، هێزێک بدۆزیتەوە کە هەڵپەی دەسەڵات نەکات‌و ئاوا بێمنەت بێت لە وەرگرتن یان وەرنەگرتنی پۆستدا. هەروەها ژمارەیەکی بەرچاوی پەرلەمانتارو لێپرسراوە عێراقییەکان، تەنانەت لەناو هاوپەیمانیی نیشتمانیش، دان بەوەدا دەنێن کە دەبوایە گۆڕان بایی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن‌و ئیستیحقاقی نەتەوەیی بەشدار بێت لە حکومەت‌و نەدەبوو فشاری سەرۆکی هەرێم قبووڵ بکەن.

**ڕۆژنامە: پێتان وانییە کە موجازەفەیەکی گەورەو کەمێک مەترسیداریشتان بەخۆتان کردووە کە بڕیاری بوون بەئۆپۆزسیۆنتان داوە لەعێراقێکدا کە هێشتا دامودەزگای بەشێوەیەکی تەواو یاسایی‌و دەستووریی دانەمەزراوە؟**

* نەخێر، من ناوی نانێم موجازەفە، بەڵکو ناوی دەنێم هەڵوێستێک کە لە بڕوای تەواو بەخۆوە سەرچاوەی گرتووە، دوای ئەوەی ناچارکراین ئەو هەڵوێستە وەرگرین، زۆر کەس‌و لایەن پێیان وایە، لە ڕێی پۆستی وەزاری‌و دەسەڵاتەوە دەتوانن خزمەتی دەنگدەران‌و بەرنامە سیاسییەکەیان بکەن، بەڵام ئێمە وەک گۆڕان پێمان وایە، ئەگەر لە دەسەڵاتیشدا نەبین، بەرامبەر بەرنامە سیاسییەکەمان‌و دەنگدەرانمان ڕاستگۆ دەبین‌و هەموو توانامان دەخەینە گەڕ تا لە بەغدا خزمەتی دۆزی گەلەکەمان بکەین‌و متمانەی دەنگدەران بە گۆڕان بەهێزتر بکەین. ئێمە لە بەغدا، لە دەسەڵاتدا بین، یان ئۆپۆزسیۆن، بەرگریی لە دەستکەوتە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەین‌و هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانی کورد دەدەین. ئێمە لە بەغدا، لە دەسەڵاتدا بین، یان ئۆپۆزسیۆن، هەوڵدەدەین لەوێوە فشار بخەینە سەر هەرێمی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و پاراستنی مافی مرۆڤ‌و شەفافییەت. ئێمە لە بەغدا، لە دەسەڵاتدا بین، یان ئۆپۆزسیۆن، هەوڵدەدەین دەستتێوەردانی حیزب لە کاروباری حکومەت‌و خەڵکدا، لە کوردستان نەهێڵین. ئێمە لە بەغدا، لە دەسەڵاتدا بین، یان ئۆپۆزسیۆن، هەوڵی پاراستن‌و زیادکردنی بەشە بودجەی کوردستان دەدەین، بەڵام دەبێت ئەو بودجەیە لە کوردستان شەفافانە سەرف بکرێت‌و خەڵک بزانێت ئەو پارەیەی دەدرێتە کوردستان، چەندەو چی لێدێت‌و دەدرێت بە چی!

> ئەگەر لە دەسەڵاتیشدا نەبین، بەرامبەر بەرنامە سیاسییەکەمان‌و دەنگدەرانمان ڕاستگۆ دەبین‌و هەموو توانامان دەخەینە گەڕ تا لە بەغدا خزمەتی دۆزی گەلەکەمان بکەین

**ڕۆژنامە: ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان، بەهۆی دوو حیزبی دەسەڵاتەوە، کەوتووەتە ململانێی. ئێوە لە بەغدا، چاوەڕوان دەکەن مامەڵەی هاوپەیمانیی‌و لیستە عەرەبەکانیش لەگەڵتان چۆن بێت؟**

* ئۆپۆزسیۆنبوون‌و کارکردنی سیاسیی لە بەغدا، زۆر لە هی کوردستان جیاوازەو مەرج نییە ئەو حیزب‌و لایەنانەی کە لە حکومەتدان، لە هەموو شتێکی هەموو پێکهاتەکانی حکومەت ڕازی بن. ئەوەی تا ئێستا تێبینیمان کردووە، مامەڵەی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بەرامبەر ئێمە، لە هی لایەنە عەرەبەکان خراپترە، ئەی مەگەر سەرۆکی هەرێم نەبوو داوای لە هاوپەیمانی نیشتمانی کرد کە نابێت گۆڕان لە بەشی کوردستانیی پۆستی وەزارەت وەرگرێت؟ لەوەدەچێت ئەو دوو حیزبە بڕیاریان دابێت کە هەرچی ئێمە بیڵێین، ئەوان دژی بوەستنەوە، بەڵام ئەو هەڵوێستە نێگەتیڤە بەرامبەر بە گۆڕان، لە لایەنە عەرەبییەکاندا بەدی ناکەم. لانیکەم هەموو لایەنە عەرەبییەکان بڕیاریان نەداوە هەرچی گۆڕان بیڵێت، ئەوان دژی بن‌و هەرچی بۆ گۆڕان چاک بێت، ئەوان ڕێگریی لێبکەن، وەک ئەوەی لە هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان بەدی دەکرێت.

**ڕۆژنامە: پێشتر گۆڕان ڕایگەیاند کە ئەو پلانە لەنێوان پارتی‌و مالکیدا لە دژی ئێوە کراوە، ئایا هەڵویستی یەکێتی چی بووە لەنێو ئیئتیلافەکەدا؟**

• پێم وانییە ئێستا یەکێتی قورساییەکی ئەوتۆی لەسەر هەڵوێست‌و بڕیاری هاوپەیمانی کوردستانیی مابێت.

**ڕۆژنامە: لەپەرلەمانی عێراق، هەشت کورسیتان هەیە، چۆن دەتوانن لەکاتی دەرکردنی یاساکاندا کاریگەریی بەرچاو بنوێنن؟**

* بەو هیوایەین کە لەو چەند لیژنە پەرلەمانتارییەی ئەندام دەبین، تیایاندا ڕۆڵی کاریگەر ببینین‌و ئەگەر شارەزاییشمان لە بوارێکدا نەبێت، یان لە بابەتێکی دیاریکراومان نەزانی، بێگومان دەبێت پەنا بەرینە بەر کەسانی پسپۆڕو شارەزا، تا بتوانین لە کارەکانماندا سەرکەوتوو بین. لە پەرلەمانی عێراقدا، بواری کارکردنی زۆر هەیەو هەرچییەک لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆو دەستووردا بێت، دەتوانیت کاری لەسەر بکەیت. لە پەرلەمانی عێراق، ڕێگریی لەبەردەم کەسدا نییە هەر پێشنیازو پرۆژەیەک بهێنێتە پێش، مادام لە چوارچێوەی یاساو پەیڕەودا بێت. هەروەها ئەوەندەی هەوڵی بڕیاردان بە تەوافوق دەدرێت، ئەوەندە فەرزکردن‌و تێپەڕاندنی یاساکان بە زۆرینەو کەمینە نییە وەک لە پەرلەمانی کوردستان پەیڕەودەکرێت.

> مامەڵەی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم بەرامبەرمان، لە هی لایەنە عەرەبەکان خراپترە

**ڕۆژنامە: بەهێزترین هێزو مەسەلە کە دەبێت گۆڕان وەک ئۆپۆزسیۆن خۆی بۆ ئامادە بکات‌و ڕووبەڕووی ببێتەوە لە عێراق، چییە؟**

* خراپترین دوژمنی هەموو لایەک لە عێراقی ئەمڕۆ، تیرۆریزم‌و گەندەڵییە. ئومێدم زۆرە کە ئەمەش بە ڕادەیەکی باش لە سالی (٢٠١١)وە کەم ببێتەوەو ئەرکی ئێمە لە ناو پەرلەمان، ڕەخنەگرتنە لە کارو کردەوەی حکومەت‌و چاودێریکردنی ئەدائی حکومەتە، جگە لە پێشکەشکردنی پێشنیازی یاسایی کە لە خزمەتی خەڵک‌و دۆزی گەلەکەمان بێت. هەروەها هەر بڕیارو پێشنیازێکیش بێتەپێشەوە کە لە خزمەتی خەڵکی عێراق بەگشتیی‌و خەڵکی کوردستان بە تایبەتیدا نەبێت، ئێمە دژی دەوەستینەوە، ئینجا ئەمە هەر کەس‌و لایەنێک بیهێنێتە پێش. وای بۆ دەچم کە گەورەترین کێشەو بابەت کە لە چەند سالی داهاتوو ڕووبەڕووی ئێمە دەبێتەوە، مادەی (١٤٠)و هەوڵی هەندێک لایەن دەبێت بۆ هەمووارکردنی چەند مادەیەکی ناو دەستووری عێراق.

---

# ساڵی (٢٠١١)ش، سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراق ئەنجام نادرێت

سازدانی: سیروان عەول

بەڕێوەبەری جێبەجێکردنی سەرژمێریی دانیشتووانی هەرێم لە عێراق، ئۆباڵی ئەنجامنەدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لەعێراق دەخاتە ئەستۆی حکومەتی ناوەندی‌و جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەهۆی دەستتێوەردانی سیاسییەوە، سالی (٢٠١١)ش، سەرژمێریی ئەنجام نادرێت.

مەحمود عوسمان، بەڕێوەبەری جێبەجێکردنی سەرژمێریی دانیشتووانی هەرێم لە عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بۆ ماوەی سێ ساڵە ئامادەکاریی دەکەین‌و چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە دەکەین کە سەرژمێریی بکرێت، دەبوایە سێ ساڵ پێش ئێستا سەرژمێریی ئەنحام بدرایە، ئەگەر بەخواستی ئێمە بێت، حەزدەکەین ئەمڕۆ بکرێت‌و هەمووشتێکمان ئامادەیە، (٢٣٥)هەزار کادیر ئامادەکراوەو (١٥) ملیۆن فۆرمی سەرژمێریی لەچاپدراوە، بودجەی بۆ تەرخانکراوە، لە ڕووی زانستی‌و تەکنۆلۆجیای زانیاریی‌و داخلکردنی زانیارییەوە هەمووی بەرنامەڕێژیی بۆکراوە».

لەبارەی چارەنووسی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی لەعێراق، مەحمود عوسمان وتی: «من هەمیشە وتوومە، لە (٢٠١٠)دا سەرژمێریی ناکرێت، چونکە لە دەستی هونەرییەکان دەرچوو، چووە بابێکی سیاسییەوە، لەئیستاشدا دەڵێم پێموایە، سالی (٢٠١١)ش بەهەمان قەیراندا تێدەپەڕین‌و سەرژمێریی ناکرێت، ئەگەر تێوەگلانی سیاسیی بەردەوامبێت، سەرژمێرییش ناکرێت».


مەحمود عوسمان، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزارەتی پلاندانانەوە، دووپاتیکردووەتەوە کە ئێمە لەگەڵ سەرژمێریی دانیشتوواندایین، ئێمە هەنگاو بەهەنگاو چووینەتە پێشەوە، بەڵام هەموو جارێک لایەنی بەرامبەر شتێکیان دۆزیوەتەوەو پرۆسەکەیان ڕاگرتووە.

بەڕێوەبەری جێبەجێکردنی سەرژمێریی دانیشتووانی هەرێم لە عێراق، ئۆباڵی ئەنجامنەدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان دەخاتە ئەستۆی حکومەتی ناوەندی عێراق‌و دەڵێت: سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان، کارێکی ناوەندییەو ئەوانیش زیاتر پێویستیان بە سەرژمێریی دانیشتووانە، هەرێمی کوردستان هێندەی ئەوان پێویستمان پێی نییە، چونکە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، هەرێمی کوردستان گەشەیەکی بەرفراوانی بەخۆیەوە بینیوە.

مەحمود عوسمان، بە نیگەرانییەوە لە لێدوانەکانی بەرپرسانی عێراقی دەڕوانێت لەمەڕ ئەنجامدانی سەرژمێریی‌و دەڵێت: بەداخەوە، ئەوە سالی (٢٠١٠)ڕۆیشت، بەڵام من هیچ ئاواتێک بەو لێدوانەی سەرۆکی دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق ناخوازم‌و بڕواشم بەوەنییە کە وتوویەتی، ئەگەر کێشەکان چارەسەر ببن، لە مانگی (٤) یان (٥)ی ٢٠١١ سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراق ئەنجامدەدرێت.


مەحمود عوسمان

دوو ساڵە کێشەکانی نێوان لیستی حەدباو برایەتیی نەینەوا چارەسەر نەکراون 8



د. شۆڕش حەسەن:

# دواکەوتنی ڕێکخستنەوەی گۆڕان بزووتنەوەکەی بەرەو دواوە بردووە

سازدانی: سەنگەر جەمال

**د. شۆڕش حەسەن، مامۆستای یاسای دەستووریی‌و چاودێری سیاسیی، لەم دیدارەی ڕۆژنامەدا، ئاماژە بەوەدەکات کە سەرکردایەتیی کورد سیاسەتی ڕۆژ پەیڕەو دەکات، نەک سیاسەتێکی ستراتیژیی پلان بۆ داڕێژراو، هەروەها سەبارەت بە بارودۆخی بزووتنەوەی گۆڕان، د. شۆڕش چەند سەرنجێکی خۆی سەبارەت بە مەسەلەی خۆڕێکخستنەوەو هەڵوێستە سیاسییەکانی ئەو بزووتنەوەیە، دەخاتەڕوو.**

**ڕۆژنامە: ئێوە وەک شارەزایەکی یاسای دەستووریی‌و مامۆستای زانکۆ، چۆن سەنگ‌و قورسایی کورد لەم خولەی حوکمڕانیی عێراقدا لێک دەدەنەوە؟**

* وای دەبینم، کورد هەم لەپێش ڕووخاندنی ڕژێمی پێشوو، هەم لەدوای ڕووخاندنی ڕژێم، بەرنامەیەکی نەبووە بۆ پێداگرتن لەسەر مافە نەتەوایەتییەکان‌و خاڵە ستراتیژییەکانی کورد لە عێراقدا بۆ جێگیر کردنیان.

سەیر دەکەی، یەکەم شتی ستراتیژیی کە دەبوو کورد پێداگیریی لەسەر بکردایە لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت (قانون ئیدارە دولە)، جێگیرکردنی سنوورەکەی بوو، بەڵام ئەو خاڵە بەسەریدا ڕەت بوو، لەناو ئەو قانونەدا زۆر ناوچە هەبوو کە ئۆتۆنۆمی بوو، بەڵام ئەم جارە کەوتە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە، ئەوە هەڵەیەکی ستراتیژیی بوو کە کورد کردی‌و بەو ئاوازەش هات تا ئێستا.

بۆنموونە لە حەوت ساڵی ڕابردوودا کە بەشدارییەکی کاریگەریی هەبووە لەنێو حکومەتی عێراقیدا، کە سەرۆک کۆمارو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران‌و پەرلەمان‌و چەند وەزیرێکی کاریگەر کورد بوون، بەڵام زۆر شت کە پەیوەندیی بە بەرژەوەندییەکانی کوردەوە هەبووە، نەتوانرا بچەسپێنرێن‌و بەرەو پێشەوە ببرێن.

**ڕۆژنامە: باسی دۆخی حەوت ساڵی ڕابردووت کرد، ئەو سیاسەتەی نوێنەران‌و بڕیاربەدەستانی کورد مامەڵەیان پێکردووە لە بەغدا، دەتەوێت بڵێی بەسیاسەتی ڕۆژ مامەڵەیان کردووەو ستراتیژییەتێکی پلان بۆ داڕێژراویان نەبووە؟**

* بێگومان وایەو بەسیاسەتی ڕۆژ مامەڵەیان کردووە، ئەمەش نە پێش ڕووخاندنی ڕژێم‌و نە دوای ڕووخاندنی ڕژێم‌و نەئێستاش، بەرنامەیەکی تۆکمە نەبووە کە بزانیت تا ئێستا چەندیت بەدیهێناوەو چەندی ماوەو دەبێت باقیەکەی چۆن بەدی بهێنیت.

**ڕۆژنامە: نوێنەرانی پارتی‌و یەکێتی لەبەغدا تا ئێستا هیچ زەمانەتێکی نەتەوەییان بۆ کورد بەدەستهێناوە؟**

* بەداخەوە نەخێر، تا ئێستا هیچ زەمانەتێک بەدەست نەهاتووە، نموونەشمان ئەوەیە کە بە درێژایی مێژووی عێراق، نازانرێت تا ئێستا ڕێژەی کورد چەندە لە عێراقدا، لەکاتێکدا بەپێی قانونی ئیدارەی دەوڵەت‌و دەستووری عێراقی، بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان، دەبوو لە عێراقدا سەرژمێرییەیک بکرایە، بەڵام جار بەجار دوا دەخرێت‌و بۆنی ئەوەی لێدەکرێت کە نەکرێت تا دۆخەکە بەو شێوەیە بێت، ئەوە یەکێکە لەو شتانەی کە کورد نەیتوانیوە پێداگریی لەسەر ئەنجامدانی بکات، جگە لەوە ناوچە کوردستانییە جێناکۆکییەکان، نەگەڕێنراونەتەوە سەر کوردستان.

**ڕۆژنامە: جیاواز لە حەوت ساڵی ڕابردوو، ئەمجارە سوننەی عەرەب بە قورساییەکی زۆرەوە بەشدارە لە حوکمڕانیی نوێی عێراقدا، لێکدانەوەی ئێوە چییە بۆ ئەم بەشدارییە کارایەی سوننەو تاچەند جێگای مەترسییە بۆ کورد؟**

* سوننە، خۆی خاوەنی پێگەیەکەو پێیانوایە لە ناوەندی دەوڵەتی عێراقدا وجودیان هەیەو لە ناوەڕاستی دەوڵەتی عێراقن، لەڕووی مێژوویشەوە، لەوەتەی ئەم دەوڵەتە دروستبووە، خاوەنی دەسەڵات‌و لە حوکمڕانیدان‌و بە ئاسانی دەستبەرداری دەسەڵات نابن‌و چیشیان بوێت، دەتوانن بیسەپێنن.

لەسەرەتای پرۆسەی سیاسیی عێراق‌و دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پێشوو، ویستیان وەک فشارێک دوور بکەونەوە، بەڵام زانییان کە لە مەترسیدان، کۆمەڵێک خەڵکیان ناردو توانییان پێگەیەک بۆ خۆیان دابنێن، بەڵام ئەمجارە سوودیان لەو هەڵەیەی پێشوویان وەرگرتووەو بەشێوەیەکی زۆر بەهێز هاتوونەتە ناو پرۆسە سیاسییەکە، هەرچەندە ڕەنگە لەڕووی هەرێمیی‌و نێودەوڵەتیشەوە زۆر لە بەرژەوەندییان نەبێت، بەڵام پێگەکەیان بەهێزەو سەرۆکی پەرلەمانیان هەیەو لە سەرۆکایەتیی کۆمارو حکومەتیش ڕۆڵی کاریگەرییان دەبێت‌و بەهەمان شێوەش لە دەسەڵاتی دادوەریی خەڵکیان دەبێت.

ئەمە مانای وایە، سوننە لێرە بەدواوە کار بۆ ئەوە دەکات کە بەشێوەیەکی بەهێزتر بێتە ناو دۆخەکەو زیاتر پشتیوانییەکی هەرێمیی لە پشتە کە دژی بەرژەوەندیی‌و داخوازییەکانی نەک کورد، بەڵکو هەموو پێکهاتەیەکە لە عێراق‌و جیهانی عەرەبی داوای مافەکانی خۆی بکات، بۆنموونە دژی داخوازییەکانی کوردن‌و ناشیشارنەوە کە تێڕوانینی ئەوان بەرامبەر هەموو پێکهاتەکانی تری جیهانی عەرەبی هەمان هەڵوێستیان هەیە.

**ڕۆژنامە: با تەوەرێکی تری قسەکردنمان لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان بێت، وەک شارەزاو چاودێرێکی سیاسیی، لێکدانەوەتان چۆنە سەبارەت بە پەراوێزخستنی بزووتنەوەی گۆڕان لەحکومەتی عێراق و مامەڵەی دەسەڵاتی فەرمیی هەرێم لەوبارەیەوە؟**

* بەگشتیی، ئەگەر باس لە گۆڕان بکەین وەک بزووتنەوەو ویستێک، سەیربکە، تەواوی ناوچەکە بە حوکمی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، خەڵک لەوە تێگەیشتووە لە وڵاتان چۆن حوکم دەکرێت‌و لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش شێوازی حوکمڕانیی چییە.

بۆیە سەیر دەکەیت کە ئەم بزووتنەوەو دۆخەی لێرە هەیە، لە ئێران‌و میسرو تونس‌و سوریاو هەموو ئەو ناوچانەی حوکمێکی شمولی دوور لە دیموکراتی هەیە، هەوێنی ئەوە هەیە کە خەڵک داوای ئەوە دەکات گۆڕانکاریی لە حوکمڕانییەکەدا بکرێت، لەبەر ئەوەی لە خزمەتی خەڵکدا نییە، بۆنموونە لە تونس، کۆمەڵێک خۆپیشاندان لە تونس کرا، بەهەمانشێوە لە میسرو ئێرانیش.

بۆیە ئێستا پرۆسەی دیموکراسی‌و هەڵبژاردنیش بە ڕێگایەکدا دەبرێت کە لەناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆی بەتاڵبکرێتەوە، وەک هەڵبژاردنەکانی ئێران‌و میسرو ئێرەش ئەوەیان سەلماند.

ئەگەر سەیری ئەم بزووتنەوەیە بکەین کە لە کوردستان دروستبووە بەبێ ئەوەی بزانین کە ڕێکخستنێک هەبێت بەناوی گۆڕان‌و کاری کردبێت‌و خەڵکی بانگکردبێت، بەپێچەوانەوە خەڵک بەرەو بزووتنەوەکە چووەو پشتیوانییان لێکردووە بەبێ ئەوەی کەس بانگی بکات، ئەمە مانای وایە کە خەڵک دەیەوێت گۆڕانکاریی لە سیستمی حوکمڕانیدا بکرێت، بەو شێوەیەی لە خزمەتی خۆیدا بێت‌و دیموکراتییەتی ڕاستی بەرجەستە بێت، ئەو هیوایەش لەو بزووتنەوەیە دەبینێتەوە، بۆیە دەبینین لەسەر ئاستی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، بەهەموو شێوەیەک بەربەرەکانی دەکەن‌و هەوڵدەدەن کەنارگیری بکەن‌و ڕۆڵی کەمبکرێتەوە لێرەش‌و لە بەغدا. ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە داخوازیی خەڵکی هەڵگرتووەو بزووتنەوەی چەند کەسێکی دیاریکراو نییە.

**ڕۆژنامە: ئەو پاساوانەی کە گۆڕان ڕایگەیاندن کە بەشداریی حکومەت نەکات، پاساوێکی ڕەوابوون، جگە لەوە ئایا گۆڕان چۆن دەتوانێت بە ئۆپۆزسیۆنبوونی لە بەغدا، خزمەت بە خەڵکی کوردستان بکات؟**

* گۆڕان، دەبێت بزانێت کە چۆن هەڵسوکەوت دەکات، چ لێرەو چ لە بەغداش، چونکە دەبێت ئەوە بزانین

**بڕیاربەدەستانی کورد، سیاسەتی ڕۆژ پەیڕەو دەکەن، نەک سیاسەتێکی ستراتیژیی**

کە ئەو دەسەڵاتەی لە بەغداش هەیە، دەسەڵاتێکی زۆر شەفاف‌و دیموکراسی نییە تا گۆڕان بتوانێت سوودیان لێببینێت، بۆیە پێویستە وەک هێزێک کە تەمسیلی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە دەکات لە کوردستان، بتوانێت پێش ڕووداوەکان بڕیاری خۆی بدات.

بۆنموونە، لە مەسەلەی بەشداریکردن‌و نەکردن، گۆڕان دەزانێت کە لایەنەکانی دەسەڵاتدار لە کوردستان، هەڵوێستیان چۆنە بەرامبەر ئەو، هەروەها لایەنەکانی دیکەی عێراق هەڵوێستیان چۆنە بەرامبەری‌و لەسەر ئەوانە بڕیار بدات، نەک دوای ئەوەی ناچار بکرێت کە وەک پێویست بەشداریی پێنەکرێت، ئینجا بێت‌و بەیاننامە دەربکات، بۆیە پێویست بوو پێش ئەوە، هەڵوێستی خۆی ڕابگەیاندایەو موبادەرە لەدەستی خۆیدا بێت، چونکە لێرە کە بە (٢٥)کورسییەوە بەشداریی حکومەتی نەکرد، ئەگەر لە بەغدا بەشداریی بکردایە هێندە کاریگەر نەدەبوو، بۆیە دەکرێت ئەوە وەک ڕەخنەیەک لە گۆڕان بگیرێت، بۆیە دەبوو پێش ئیعلانی حکومەتی نوێی عێراق هەڵویستی خۆی ڕابگەپاندایەو بەیاننامەی دەرکردایەو هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان‌و عێراقیشی ڕوونبکردایەتەوە.

گۆڕان، ئەو مۆدێلە نییە کە هەر لێرە دەرکەوتبێت‌و لە ناوچەکانی دەوروبەریش هەیە، بۆیە پێموایە ئەوە هەڵێکەو ئەگەر شکست بەم بزووتنەوەیە بێت، شکستێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان‌و بە ئاسانی ئەو دۆخە دروستنابێتەوە، پێویستە ئەو جەماوەرە ئیستیعاب بکرێت‌و گۆڕان هەست بەوە بکات کە قورساییەکی گەورەی هەیەو بە ئاسانی نەکەوێتە داوی ئەو ئەحزابانەی خەریکن بەربەرەکانی دەکەن‌و هەوڵبدات زیاتر بەرەو پێش بچێت‌و هەڵوێستی هەبێت، بۆنموونە هەڵبژاردن دەکرێت، ئەگەر تەزویرات‌و فێڵی تێدا کرا، نابێت قبوولی ئەنجامەکانی بکەیت، یان لە بەشداریکردن‌و نەکردنی حکومەت، ئەوەش پێویستی بە ئالییەت‌و داینەمۆیەکی زۆرباش هەیە کە ڕۆژانە بارودۆخەکانی هەرێم لەڕووی سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییەوە هەڵبسەنگێنێت، تا بتوانێت ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو پێش بچێت.

**ڕۆژنامە: ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییەی کە باسی دەکەیت، لە ئەستۆی ئەو کەسانەیە کە وەک هەڵسوڕاوی گۆڕان ناودەبرێن‌و ئەوانەی سەرکردایەتیی گۆڕان دەکەن؟**

* بێگومان، لە دنیادا هەموو شتێک ڕێکخستنە، پێم سەیرە کە هەندێکجار قسە لەوە دەکرێت کە گۆڕان وەک حیزبێکی تەقلیدیی کار نەکات، نازانم حیزبی تەقلیدیی‌و ناتەقلیدیی چییە، هەموو حیزبێک پێویستی بە ڕێکخستن هەیەو ڕێکخستنیش پێویستی بەوەهەیە کە قاعیدەو قیادەی هەبێت کە ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخەی ناو کۆمەڵ بێت، چونکە ئەگەر ئەوە نەکەیت، ناتوانیت سەرکردایەتیی ئەو جەماوەرە بکەیت.

ئێمە کە باس لە حیزبە تەقلیدییەکان، لێرە یان لە وڵاتانی دەوروبەر دەکەین، بەشێوەیەک بووەتە حیزبی بیرۆکراتی‌و سەرەوە بڕیار دەدات‌و لە خوارەوە جێبەجێدەکرێت، بەڵام گۆڕان، پێویستە ڕێکخستنێکی هەبێت کە ئەویش سەرکردایەتییەکی هەبێت، بەڵام سەرکردایەتییەکەی جەماعی بێت‌و لە دەست کەسێک کۆنەبێتەوە، لەگەڵ ڕێزم بۆ سەرۆکی بزووتنەوەکە کە کاک نەوشیروانە، بۆیە پێویستە ئەو خۆی لەو بەرپرسیارێتییە بباتە دەرەوەو شانبەشانی خەڵکی تر ئەو کارانە بکات‌و خەڵکانی پسپۆڕو نوێی تێدابن،

ئەگەر وا نەکرێت، ئەوە هەڵەیەکەو بزووتنەوەکە بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە، چونکە خاڵی کوشندەی ئەحزابی سیاسیی‌و خەبات‌و ڕێکخستن، دروستبوونی کاریزمایەکە، چونکە کە ئەوە دروستبوو، کەس جورئەتی ئەوە ناکات، بڵێت ئەوە ڕەخنەو کێشەکانە، بۆیە دەبێت گۆڕان خۆی لەوە بەرێتە دەرەوە.

ڕاستە کە سەرۆکی بزووتنەوەکە، ڕۆڵێکی مێژوویی گرنگی بینی، بەڵام لێرە بەدواوە، دەبێت ڕۆڵی هەر بمێنێت، بەڵام نەک ڕۆڵی سەرەکیی.

**ڕۆژنامە: پێتوانییە کە کاتەکە درەنگ بووبێت‌و دوای ساڵ‌و نیوێک، جۆرێک لە خۆڕێکخستنەوەو تەشکیلەیەکی نوێ بۆ بزووتنەوەکە نابینرێت، ڕەخنەی تۆ لەوەیە؟**

* ڕەخنەی من ئەوەیە کە ئەگەر تا ئێستا نەکراوە، بکرێت، بەڵام ناکرێت وا لێی بگەڕێیت‌و سەرکردایەتیی نەبێت، چونکە ناکرێت چەند کەسێک لە پەرلەمان، وەک سەرکردەی بزووتنەوەکە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەیت، یان چەند کەسێک لە پەرلەمانی عێراق، نوێنەری تۆن، ناکرێت وەک سەرکردەی بزووتنەوەکە بە خەڵکیان بناسێنیت، بەڵکو دەبێت چەند کەسانێک بەرپرسیارێتیی سیاسیی‌و مێژوویی ئەو بزووتنەوەیە لەم قۆناغە مێژووییە گرنگەدا لە ئەستۆبگرن.

تۆ سەیری (٧/٢٥) تا ئێستا بکە، جیاوازی دەبینیت، ئەوەش لە نەبوونی داینەمۆی سەرکردایەتیکردنە، چونکە پێویستت بەوە هەیە کە خەڵکانێک بەناوی هەر بزووتنەوەیەک کە هەیە ڕەبتی ئەو سێ ئالیەتە لە سەرکردایەتی‌و قاعیدەو جەماوەر، کە تا چەند ئەو حیزبە دەتوانێت پێکەوە بە سەرکەوتوویی ڕەبتی بکات، ئەوە حیزبەکە بەرەو پێشەوە دەبات، بەڵام نەتوانێت ئەوە پێکەوە ڕەبت بکات، حیزبەکە بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە، چونکە ئەگەر ئەوە نەکرێت، ناتوانیت ڕووبەڕووی پێشهاتەکان ببیتەوە، لەکاتێکدا تۆ نوێنەرایەتیی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە دەکەیت‌و باش دەزانیت کە خەڵکانێک لە سەنگەردان بۆت‌و دەیانەوێت هەوڵەکانت پوچەڵبکەنەوە، کەواتە ئەگەر خاوەنی ئەو ڕێکخستنە تۆکمەیە نەبیت‌و وەک حیزبێکی دیموکراسی لە مەیدانەکە نەبیت، ناتوانیت ڕووبەڕووی ئەو بارودۆخە ببیتەوە.

**ڕۆژنامە: دواکەوتنی خۆئۆرگانیزەکردنی گۆڕان، کاریگەریی سلبی هەبووە لەسەر بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەکە؟**

* بەبڕوای من، کاریگەریی خراپ (سلبی) هەبووە، بەڵام ئێستا درەنگ نییە ئەگەر بتوانێت دەستپێبکات، بەڵام ئەگەر زیاتر سستیی بکات لە دروستکردنی ئەو دۆخەدا، ڕەنگە کاریگەرییە سلبییەکانی زیاتر ببن، بەشێوەیەک کە ئەو ڕۆڵەی لە (٧/٢٥) توانیی بیبینێت، نەتوانێت بیبینێتەوە.

## های هیتلەر!!



مەجید ساڵح

(١)

لە چواری یۆلیۆی (١٧٧٦)، سیازدە موستەعمەری بریتانیا ڕاگەیاندنی سەربەخۆییان بڵاوکردەوەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان پێکهێنا، دواتر ئەنجومەنێکی نوێنەرانی فیدراڵیان دروستکرد، لەبەر ئەوەی ویلایەتە گەورەکان ژمارەی دانیشتووانیان زۆرتر بوو لە ویلایەتە بچووکەکان، بۆیە ژمارەی نوێنەرانی ویلایەتە گەورەکان لەو ئەنجومەنەدا زۆرتر بوو لە ژمارەی نوێنەرانی ویلایەتە بچوکەکان، لە سەرەتادا بەهۆی ئەو غوبنەی کە لە ویلایەتە بچووکەکان دەکەوت، خەریک بوو حکومەتە تازەکە لەبەریەک هەڵوەشێتەوە، چونکە وەک ئێستای خۆمان ویلایەتە گەورەکان هەرچییەکیان بویستایە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندیان دەکردو ویلایەتە بچووکەکانیش لە دوورەوە زرتەی چاویان دەهات.

بەڵام خۆ دەسەڵاتداران‌و یاسا داڕێژەرانی ئەوان وەک ئەمانەی لای خۆمان تەسکبین‌و پاوانخواز نین، بۆیە هەر زوو کەوتنە گەڕان بە دوای دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکە، ئەوەبوو چارەسەرێکیان دۆزییەوە کە لە مێژووی دیموکراسیدا بێوێنەیە. یاسا داڕێژەران‌و بیرمەندانی ئەمریکا، بۆ ئەوەی مافی کەمینە پێشێل نەکرێت، هەستان لە دەستووری وڵاتەکەیاندا لەپاڵ ئەنجومەنی نوێنەراندا ئەنجومەنێکی دیکەیان دامەزراند بەناوی (ئەنجومەنی پیران) و بڕیاریاندا بە بێ لەبەرچاوگرتنی گەورەیی‌و بچووکی ویلایەتەکان، لە هەر ویلایەتێک (٢) کەس بەشدار بێت لەو ئەنجومەنە، ئەمجارەیان بە هۆی ئەوەی ژمارەی ویلایەتە بچووکەکان زۆرتر بوون لە ویلایەتە گەورەکان، بۆیە ژمارەی نوێنەرانی ویلایەتە بچووکەکان لەم ئەنجومەنەدا زیاتر بوو، بەمشێوەیە هاوسەنگیی‌و دادپەروەرییان بۆ هەموو لایەک دۆزییەوە، چونکە دەبوو هەموو یاساو بڕیارەکان بە هەردوو ئەنجومەنەکەدا تێپەڕ ببێت، ئەنجا پراکتیزە دەکرێت، بوونی ئەم دادپەروەرییە وایکرد لەجیاتی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی (١٣) ویلایەتەکە، ژمارەی ویلایەتەکان زیاد بکات‌و بگاتە (٥٠) ویلایەت.

(٢)

لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، کە ئێستا پارتی‌و یەکێتی پێکەوە تێیدا زۆرینەن، هەمیشە یاساکان بێ گوێدانە ئەوەی چەند لەبەر بەرژەوەندیی خەڵکە، یان نا، بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی کوردستانیی تێدەپەڕێت‌و تێبینی‌و پێشنیازەکانی ئۆپۆزسیۆنیش چەند باش‌و گونجاو بن، لەبەرچاو ناگیرێن.

لەماوەی ڕابردوودا، تێبینی ئەوەش دەکرێت ئەو یاسایانە بە گشتیی بەشێوەیەک دادەڕێژێت کە لە بەرژەوەندیی کەمینەیەکی دەسەڵاتداردا (یەکێتی‌و پارتی)دایەو بەرژەوەندییەکانی گەل کە زۆرینەیە هەر حسابی بۆ ناکرێت، وەک بڵێیت پارتی‌و یەکێتی بەنیاز بن بۆ هەتا هەتایە زۆرینەی پەرلەمان بن‌و دەسەڵات بۆ خۆیان قۆرخ بکەن.

بەوپێیەی لە کوردستاندا دەستوورێک نییە کە ئاریشەکانی کەمینەو زۆرینەی پەرلەمان بە شێوەیەک ڕێکخات کە بۆچوونەکانی کەمینە کە زۆرجار لە بەرژەوەندیی جەماوەردایە، لەبەرچاو بگرێت، سەرۆکی هەرێم بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی پێدراوە پێویستە هاوسەنگی دروستبکات لەنێوان ئەو یاسایانەی کە زۆرینە بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەریدەکات‌و ئەو پێشنیازو ڕەخنەو تێبینییانەی کە کەمینە لە پێناوی خەڵکدا دەیخاتە ڕوو. کەچی پێدراوەکان وا دەردەخەن سەرۆکی هەرێم بەلای زۆرینەدا پارسەنگەکە قورس دەکات، بەمجۆرە پێشبینی ئەوە دەکرێت لە سێ ساڵی داهاتوودا بە هۆی زۆرینەی یەکێتی‌و پارتیەوە، خەرمانێک یاسای تۆقێنەر لە هەرێمەکەدا کەڵەکە بکات. ئینجا چاوەڕوانی سەرهەڵدانی هیتلەرێک بین تاوەکو خەڵک بە ناچاریی «های هیتلەر»ی بۆ بکەن‌و ئەوەشی نەیکات کورەی مەرگ چاوەڕوانی بکات.

ئەو کات بۆ گەڕانەوە بۆ دیموکراسیی، جگە لە شۆڕشێکی جەماوەریی شتێکی دیکە لەپێشدا نامێنێت، چونکە خەڵکی کوردستان فێرنین «های هیتلەر» بۆ کەس بکەن.

# چوار حیزبی بەشدار لە حکومەت: کابینەی شەشەم بەڵێنەکانی نەبردەسەر

**راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا**

چەند حیزبێکی بەشدار لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان رەخنە لەم کابینەیە دەگرن، لە بەرامبەر جێبەجێ نەکردنی ئەو بەڵێنانەی کە لە سەرەتای پێکهێنانی کابینەکەوە پێیاندراوە.

لە ٢٠٠٩/١٠/٢٨دا کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی د.بەرهەم ئەحمەد سالح، پێکهێنراو ئەم کابینەیە لە (٢٠) وەزارەت پێکدێت، هەریەک لە (لیستی کوردستانیی، ئازادیی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بزووتنەوەی ئیسلامیی، زەحمەتکێشان، سۆشیالیست) بەشداریی حکومەتیان کردووە.

بە مەبەستی بەشداریکردنی زۆربەی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی (٢٥)ی تەمموزی هەرێمی کوردستان، یەکێتی‌و پارتی کۆمەڵێک بەڵێنیان بەو لایەنانە داوە.

بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، کە توانی (١,٤٥٪) هەڵبژاردنی (٧/٢٥) بەدەستبهێنێت‌و بووە خاوەنی (٢) کورسی پەرلەمان، وەزارەتی ئەوقافیشی پێدراوە، لە ئێستادا زۆرترین رەخنە ئاراستەی حکومەتی هەرێم دەکات‌و بە وتەی بەرپرسانی ئەو حیزبە؛ حکومەتی هەرێم چەندین بەڵێنی پێداون، بەڵام تائێستا جێبەجێی نەکردووە، کە دیارترینی ئەو بەڵێنانە (دامەزراندنی کادیرانی بزووتنەوە، پێدانی زەوی، بەرزکردنەوەی پلەی شەهیدانی حیزبەکە، بەشداریکردنی کاریگەر لە حکومەتدا).

لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە کامیل حاجی عەلی، وەزیری ئەوقافی هەرێمی کوردستان، دەڵێت: «گلەییمان لە حکومەت هەیە، چونکە ئەو بەڵێنانەی جێبەجێ نەکردووە کە پێماندرابوو، لە لایەن ئەو لیژنەیەوە کە بۆ پێکهێنانی حکومەت لەگەڵمان کۆبوونەوە».


قادر عەزیز


سدیق عەبدولعەزیز


محەمەد حاجی مەحمود


کەمال شاکر

هەروەک لە چەند لێدوانێکی رۆژنامەوانیی چەند رۆژی رابردوویدا شوان قەڵادزێیی، وتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، باسی لەوە کردووە، بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کاتێکدا خەباتی شاخ‌و شاری هەیە، کەچی وەزارەتێکی بێ دەسەڵاتی پێدراوەو کەسی بۆ دانامەزرێنرێت‌و ئەو بودجەیەی کە بە بزووتنەوە دەدرێت، کەمترین بودجەی حیزبەکانە، جگە لەوە ئێستا بەشداریکردنمان لە کابینەی شەشەم جگە لە نیگەرانیی جەماوەر هیچی تر نییە.

وتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامیی، ئەوەش رادەگەیەنێت: «قسەمان لەسەر کشانەوەی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە پێکهاتەی حکومەتی هەرێم کردووە، بەڵام نەبووەتە بڕیار، ئەگەر حکومەتی هەرێم هەر بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ بزووتنەوەدا بکات، ئەوا بێگومان هەڵوێست لەو بارەیەوە وەردەگیرێت».

حیزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆی کوردستان یەکێکی ترە لەو حیزبانەی کە خاوەنی کورسییەکی پەرلەمانی کوردستانەو لە بەرامبەر بەشداریکردنیدا لە حکومەتی هەرێم بەڵێنی وەزارەتێک، یان پۆستی سەرۆکی دەستەی پاراستنی ژینگەی هەرێمی پێدراوە، بەڵام تائێستا ئەو بەڵێنانە جێبەجێ نەکراون.

نەسروڵڵا سورچی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆ، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەسەر داوای یەکێتی‌و پارتی بەشداریی حکومەتمان کردو لە سەرەتاوە بەڵێنی پێدانی وەزارەتێکمان پێ درا، بەڵام دواتر پێیانڕاگەیاندین، کە دەستەی پاراستنی ژینگەی هەرێممان پێ دەدرێت، بەڵام تائێستا ئەو پۆستەشمان پێ نەدراوەو بیستوومانە کە دەدرێت بە یەکێتی‌و هیچ حسابێکیان بۆ ئێمە نەکردو تەنانەت پرسیشیان پێ نەکردین.

ئەو بەرپرسەی زەحمەتکێشان وتیشی: «ئێمە گلەییمان لە حکومەتی هەرێم هەیە، چونکە پێمانوایە؛ پابەندنەبووە بەرامبەر جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە پێماندراون».

حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان، کە لە ئێستادا دوو کورسی پەرلەمانیی هەیەو لە حکومەتیشدا وەزارەتی کارەبای پێدراوە، لەگەڵ ئەوەی بەشیمان نییە لە بەشداریکردنی لە کابینەی شەشەمدا، بەڵام تائێستا بەشێک لە داواکارییەکانی جێبەجێ نەکراون.

عەبدوڵڵای حاجی مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: بەشداریکردنی ئێمە لە حکومەتی هەرێمدا لە پێناو پاراستنی ئامانجە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان‌و بوونی کۆدەنگییەک بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر حیزبێک کە بەشداریی لە حکومەتدا دەکات، داواکاریی حیزبیی هەیە، لە سەرەتای پێکهێنانی کابینەی شەشەمدا کۆمەڵێک بەڵێنمان پێدراوەو بەشێکی تائێستا جێبەجێ نەکراون.

لیستی ئازادیی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، کە لە (٧) پارتی سیاسیی پێکهاتووەو توانی (٠,٨٠٪) دەنگەکانی هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموزی هەرێمی کوردستان بەدەستبهێنێت‌و حیزبی شیوعی کوردستان لە رێگەی ئەو لیستەوە کورسییەکی پەرلەمانی کوردستان‌و وەزارەتی رۆشنبیریی بەرکەوت.

ئیبراهیم سۆفی (ئەبوتارا)، ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە بێ گلەیی نین، لە بەرامبەر ئەو بەڵێنانەی کە بە ئێمە دراوە لەلایەن کابینەی شەشەمەوە، بەڵام قسەکردن لەسەر ئەو مەسەلەیە زۆر هەڵدەگرێت‌و بە لێدوانێکی تەلەفۆنی ناکرێت».

# پەرلەمانتارانی یەکێتی‌و پارتی دژی پێدانی (٥) ملیۆن بۆ پێشینەی هاوسەرگیریی وەستانەوە

**راپۆرتی: سەنگەر جەمال**

پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن لەو بڕوایەدان پەسەندکردنی یاسای پێشینەی هاوسەرگیریی بەبێ ئەوەی بڕەکەی دیاریی بکرێت ناوەڕۆک‌و رۆحی یاساکەی لێ دەرکراوەو پێشیانوایە؛ «لیستی دەسەڵات نەیویستووە زیادکردنی ئەو پێشینەیە ببێتە ئیمتیازێک بۆ ئۆپۆزسیۆن».

دوای چەند گفتوگۆیەک، پێنجشەممەی رابردوو پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ پرۆژەیاسای پێشینەی هاوسەرگیریی پەسەند کرد، کە لە (٩) مادە پێکهاتووە، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانیی ئۆپۆزسیۆنە لابردنی بڕی پێشینەکەیە، کە وا بڕیاربوو بە (٥) ملیۆن دینار دابنرێت..

د.سەباح بەرزنجی، پەرلەمانتاری لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی، پێیوایە: ئەو یاسایە بەوشێوەیەی ئێستا دەرچووەو مادەی سێیەمی بە کراوەیی هێڵراوەتەوەو وەزارەتی دارایی بۆی هەبێت خۆی بڕەکەی دیاریی بکات، «وەکو کوشتنی یاساکە وایەو وەک ئەوە وایە دەرنەچووبێت، چونکە لە بەرنامەی وەزارەتی دارایی سلفەی زەواج هەیەو پێشینەی (١) ملیۆن دینار دەدرێت، بەڵام ئێمە دەمانویست ئەو بڕە دیاریی بکرێت‌و لە بودجە دیاریی بکرێت، بۆیە ئێستا بوون‌و نەبوونی یاساکە وەک یەکە».



د.سەباح، وتی: «مەوزوعەکە گۆڕدرا لە شتێکی یاساییەوە بۆ مەوزوعێکی سیاسیی، بۆ ئەوەی دەرچوونی یاساکە نەبێتە دەستکەوت‌و ئیمتیازێک بۆ ئۆپۆزسیۆن‌و ئەو کەس‌و لایەنانەی پێشکەشیان کردووە»، نموونەی قسەکانی بەوەش دەهێنێتەوە، کە سەرەتا (٣٨) کەس دەیانویست یاساکە رەتبکەنەوە، «بەڵام دواتر دیارە لیستی زۆرینە هەستیان بەوە کردەوە رەنگە دەرچوونی یاساکە ئیمتیازێک بێت بۆ ئۆپۆزسیۆن، بۆیە یاساکەیان خاڵی کردەوە لە ناوەڕۆک». رەخنەی ئەوەش دەگرێت کە ئەو هەڵسووکەوتەو گەڕانەوە بۆ حکومەت ئەوە پەرلەمان بێهێز دەکات‌و لە هیچ شوێنێکی دنیادا پەرلەمان بەو شێوەیە پابەند نییە بە راوێژکردن بە حکومەت.

شلێر محەمەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی، پێیوایە؛ هۆکاری دیارینەکردنی بڕەکە، تەنیا ئەوەیە دەبێتە بارگرانیی بۆ سەر حکومەت‌و دەبێت ئەوە حسابی بۆ بکرێت، چونکە نابێت بەڵێن بدەین‌و نەیبەینە سەر».

بەڵام بورهان رەشید، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، رەخنە لە شێوازی پەسەندکردنی یاساکە دەگرێت‌و رایدەگەیەنێت؛ کە پەسەندکردنەکە سەیرو سەمەرەیە بەوپێیەی بڕی پارەکە دیارینەکراوەو پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیشە، جگە لەوە سەیرترین شتە کە لە هیچ پەرلەمانێکی دنیا باوەڕ ناکەم رووی دابێت، لیستی دەسەڵات دەنگ بۆ یاسایەک بدات‌و ئیقراری بکات، بەبێ ئەوەی ناوەڕۆک‌و جەوهەری یاساکە دیاریکرابێت».

لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە وتی: «نازانم لە ئایندەدا چۆن ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێت، ئایا حکومەت ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە، یان پەرلەمان دەیهێنێتەوە بۆ دەنگدان، ئەگەر بیشی هێنێتەوە دەبێت مادەکانی دواتری دەنگدانی لەسەر بکرێتەوە».

ئەو باس لەوە دەکات، کە لە کاتی خستنە رووی پرۆژەیاساکەو کۆبوونەوەی لیژنەی یاساو لیژنە بەشدارەکان هیچ کەس‌و لایەنێک ئیعترازی نەبوو، کە بڕەکە (٥) ملیۆن دینار بێت، بەڵام رۆژی دواتر لیستی دەسەڵات وایانزانی ئەوە ئیستیفزازی حکومەتی هەرێم دەکات‌و دەبێتە بارقورسیی، بۆیە راکەیان گۆڕی‌و دیاریکردنی بڕەکەیان لابرد، وتیشی: «ئەوە روونیکردەوە کە پێچەوانەی بەلینەکانیان کار دەکەن‌و دەیانەوێت ئەوەی بۆ خەڵکی کوردستان بکرێت بیکەنە ئیمتیازی حکومەت، ئەوەش لە خێری خەڵک بێت‌و لیستەکانی تر هێنابێتیانە پەرلەمان، ناهێڵن ئیقرار بکرێت».

# دادگا سزای ٢٢ ملیۆنی بەسەر شوان داودی‌و فایەق گوڵپی سەپاند

**دارا دلێر**


فائق گوڵپی


شوان داودی

دادگای کەتنی سلێمانی، لەسەر چەند بابەتێکی رۆژنامەنووسیی تایبەت بە چاکسازییەکانی دادگای سلێمانی‌و وتارێک لەسەر لێپرسراوێکی دەزگای شەهیدان، سزای (٢٢)ملیۆن دیناری بەسەر هەریەک لە (فایەق گولپی‌و شوان داودی، سەرنووسەری هەفتەنامەی هەواڵ)دا سەپاند.

هەفتەی رابردوو، دادگای کەتنی سلێمانی، سزای یەک ملیۆن دیناری لەسەر وتارێک کە پێشتر لە ماڵپەڕی کوردستانپۆست بڵاویکردووەتەوە، بەسەر د.فایەق گولپی سەپاندو هاوکات دوای (٦)ساڵ مانەوەی کەیسەکەی لەدادگا، سکاڵاکەی سەرۆکی پێشووی دادگای سلێمانی، سزای (٢١) ملیۆن غەرامەی بەسەر سەرنووسەرو هەفتەنامەی هەواڵ کە لە کەرکوک دەردەچێت، سەپاند.

فایەق گولپی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە یادی کارەساتی کیمیابارانی سێوسێناندا، لە (٢٠٠٩/٣/٢٢) لە کوردستانپۆست، وتارێکم نووسی‌و تێیدا رەخنەم لە ئەدای یەکێتی گرت لەسەر ئەوەی کە کەسێکیان کرووەتە بەڕێوەبەری شەهیدان‌و ئەنفالکراوان کە لەکاتی پێشمەرگایەتیدا خۆی تەسلیمی رژێم کردووەتەوە، ئەو کەسە بەپاساوی ئەوەی تەشهیری پێکراوە، سکاڵای لەسەر تۆمارکردم».

هەرچەندە شارەزایی یاسایی وەڵامی دادگای داوەتەوە کە ئەو بابەتە ناوزڕاندنی تێدا نییە، بەڵام وەک گولپی ئاماژەی پێکرد، رۆژی (٢٠١٠/١٢/٢٩) دادگای کەتنی سلێمانی، سزای ملیۆنێک دینار غەرامەی بەسەر ئەو نووسەرەدا داوەو بێئەوەی گوێ لە دوایین وتەکانی خۆی‌و پارێزەرەکەی بگیرێت، سێ رۆژ پێش ئەو بەروارە، حوکمەکە ئامادەکراوە.

لەوبارەیەوە، فایەق گولپی وتیشی: «ئەو حوکمە، بڕیارێکی یاسایی نییەو سیاسییە، ئەمڕۆ دەسەڵات، دادگاو دادوەرانی کردووە بەگژ قەڵەمبەدەستانداو دەیانەوێت بەو رێگایە، نووسەران کۆلبدەن‌و رەخنەگران دەمکوت بکەن».

لەلایەکی تریشەوە، سەرنووسەری هەفتەنامەی هەواڵ، دوای سزادانیان بە (٢١) ملیۆن دینار غەرامە، رەخنە لە بڕیارەکەی دادگای کەتنی سلێمانی دەگرێت.

شوان داودی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەسەر چەند بابەتێک کە لە سێ ژمارەی هەواڵ لەساڵی (٢٠٠٤)دا بڵاوکراونەتەوە، ئاماژە بەچەند حاڵەتێکی نەخوازراو لە دادگاکانی سلێمانی کراوە، سەرۆکی پێشووی دادگای سلێمانی، سێ سکاڵای بەجیا لەسەر تۆمارکردم، دواتر ئەو پرسانە کران بە یەک کەیس‌و دوای چەندین دانیشتن، بڕیارێکی قورسیان بەسەردا سەپاندم».

هەرچەندە، «داودی» پێشتر بەپێی مادەکانی (٤٣٢ و ٤٣٣) لە یاسای سزادانی عێراقی، بە (١٥٠)هەزار دینار غەرامەو مانگێک بەندکردن کە تێیدا (١٣) رۆژی بەسەربردووە، بەڵام دوای تەمیزکردنەوەی حوکمەکە، بڕیارەکە هەڵوەشایەوەو بڕیاردرا سەرلەنوێ دادگایی بکرێتەوە.

سەرنووسەری هەفتەنامەی هەواڵ، ئەوەی خستەڕوو، ئەو بڕیارەی دادگا جێبەجێ نەکراو بێئەوەی دووبارە دادگایی بکرێتەوە، رۆژی (١٢/٢٦) حوکمی دادگاییەکە نووسراوەو دواتر لە (١٢/٢٨) بێئەوەی گوێیان لێبگرێت، حوکمەکەی بەسەردا خوێنراوەتەوە.

تورکمانەکان لە عێراقییە جیادەبنەوە 10

## پەرلەمانتارێک: لە چوار ساڵی ڕابردوودا لیژنەکە تەنها قەرەبووی کۆمەڵێک خێزانی ئاوارەی کردووە

# چارەنووسی لیژنەی مادەی (١٤٠) لەحکومەت و پەرلەمانی عێراق نادیارە

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق، لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بەبێ سەرۆکایەتی ماوەتەوەو لە ئێستادا چارەنووسی لیژنە باڵاکە نادیارە، بە بۆچوونی شارەزایەکی یاساییش، لیژنەکە هەڵدەوەشێتەوە.**

لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٩ بە نووسراوی ژمارە (١٣٧٣٤٨) لیژنەی باڵای حکومیی بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بە سەرۆکایەتی هاشم شبلی؛ وەزیری دادی عێراقو ئەندامێتی هەریەک لە (فەلاح سودانی؛ وەزیری بازرگانی، جەواد بۆلانی؛ وەزیری ناوخۆ، نەرمین عوسمان؛ وەزیری ژینگە، محەمەد ئیحسان؛ وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم)پێکهێنرا، بۆ جێبەجێکردنی مادەکە، سەرەڕای کارکردنی بۆ ماوەی چوار ساڵ.

هاوکات، لەگەڵ پێکهێنانی کابینەیەکی نوێی حکومەت بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی، هەریەک لەو وەزیرانە لە پۆستی حکومییدا نەماونو پێویستە لیژنەکە دابنرێتەوە.

حاکم ئەحمەد ئەنوەر؛ ئەندامی پێشووی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لیژنەی باڵای مادەی (١٤٠) لیژنەیەکی تەنفیزییەو لە چوارچێوەی کابینەی پێشوودا پێکهاتو چەند وەزیرێکی ئەو کابینەیە ئەندامی لیژنەکە بوون، ئەو وەزیرانە پۆستی حکومییان نەماوەو لە ئێستاشدا لیژنە باڵاکە سەرۆکو ئەندامی نییە».

مانگی ئایاری ساڵی (٢٠٠٦) نوری مالکی، ڕاسپێدرا بە پێکهێنانی حکومەتی نیشتمانیی عێراقو کارنامەی حکومەتەکەی ڕاگەیاند، بەپێی مادەی (٢٢)ی کارنامەی مالکی، دووبارە حکومەتەکەی پابەند کردەوە بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ەوە.

هەروەک لە بڕگەی (٢٢) لە کارنامەی حکومەتی مالکیدا ئاماژە بەوە کراوە؛ «حکومەت پابەندە بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە دەستووری هەمیشەیی عێراق، کە پشتدەبەستێت بە مادەی (٥٨) لە یاسای کاتیی ئیدارەی دەوڵەت، ئەم جێبەجێکردنەش بە سێ قۆناغ دەبێت (ئاساییکرنەوە، سەرژمێریی، ریفراندۆم)، دەبوو لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٧)دا مادەی (١٤٠) جێبەجێ بکرایە، بەڵام تائێستا مادەکە جێبەجێ نەکراوە.

بە بڕوای ئەحمەد ئەنوەر، «لە ڕووی یاساییەوە لیژنە باڵاکە هیچ شەرعیەتییەکی نەماوەو هەڵدەوەشێتەوە».


لای خۆشیەوە سیروان ئەحمەد؛ نوێنەری کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەوە دەخاتەڕوو، تا ئێستا روون نییە لیژنەکە دەمێنێت، یان هەڵدەوەشێتەوە، وا باشترە لیژنەکە بمێنێت، بەڵام پێویستە کاراتر بکرێت».

مادەی (١٤٠) لە دەستووری عێراقدا، بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو ناوچە کێشەلەسەرانە دانراوە کە لە هەریەک لە پارێزگاکانی کەکوکو دیالەو موسڵو سەلاحەدین هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش سێ قۆناغ بۆ جێبەجێکردنی دانراوە، کە ئەوانیش ئاساییکردنەوەو سەرژمێریيو ڕاپرسییە.

نەرمین عوسمان؛ جێگری پێشووی سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، کە تائێستا کاری لیژنەکە ڕانەگیراوەو هیچ بڕیارێک دەرنەچووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی لیژنەکەو لە هیچ گۆڕانکارییەک ئاگادار نەکراوینەتەوە.

ئەوەشی وت: «ئەو وەزیرانەی کە سەرۆکو جێگرو ئەندامی لیژنەکە بوون، لە پۆستە حکومییەکانیاندا نەماونو بۆ خۆشم پێدەچێت بکرێمە نوێنەری هەرێمی کوردستان».

سەرەڕای کارکردنی بۆ ماوەی چوار ساڵ، بەڵام تائێستا لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە هەنگاوی یەکەمی قۆناغی ئاساییکردنەوەدایەو تەنیا قەرەبووی ئاوارەو هاوردەکان دەکاتەوەو هەنگاوەکانی تر جێبەجێنەکراوە، هەروەک چاودێرانی سیاسیی بەپێویستی دەزانن کورد بیر لە میکانیزمی تر بکاتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە.



نەخشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوچە دابڕاوەکان

حەمدی گلی؛ چاودێری سیاسیی پێیوایە: ئەو لیژنەیە سەرکەوتوو نەبوو لە کارەکانیدا، چونکە لیژنەکە دەسەڵاتی نەبوو، لە بەرامبەریشدا وەزارەتەکانو بەرپرسانی حکومیی هاوکاریی لیژنەکەیان نەکردووەو بگرە ڕێگربوون لەبەردەم کارەکانیدا، وتیشی: «لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) نەیتوانی هیچ شتێک پێشکەش بکات، پێویستە کورد بە میکانیزمی تر کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستوورییە بکات، چونکە مادەکە بەوجۆرە لیژنانە جێبەجێناکرێت».

هەروەک لەتیف مستەفا؛ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بە دەرئەنجامی کارەکانی دەردەکەوێت کە لە لیژنەی باڵای مادەی (١٤٠) چی کردووە، ئەو لیژنەیە جگە لە قەرەبووکردنەوەی کۆمەڵێک خێزانی ئاوارەو هاوردە، هیچی تری نەکردووە».

پێش پێکهێنای کابینەی نوێی حکومەتی عێراق، کورد وەفدی دانوستکاری پێکهێناو وەرەقەیەکی (١٩)خاڵیی پێشکەشی لایەنە عێراقییەکان کردو هەروەها بەرپرسانی کورد بەڵێنیان بە خەڵکی کوردستان دا، بەشداریی هیچ حکومەتێک ناکەن، تا زەمانەتی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد وەرنەگرن، بەڵام ڕۆژی (١٢/٢١) بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی حکومەتی عێراق پێکهێنراو حکومەتەکەی مالیکیش پابەندنەکراوە بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

هەروەک لە کارنامەی حکومەتە نوێیەکەی نوری مالیکیدا بە شێوەیەکی رووکەشی ئاماژە بە جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠) کراوەو بەپێی خالی یەکەمی، تەنیا باس لە بەدواداچوونی لیژنەکانی ئەو مادەیە دەکات بەبێ ئەوەی وادەیەکی دیاریکراو هەبێت، جگە لەوە ئەمساڵ جیاوازتر لە ساڵانی پێشوو بودجەی مادەی (١٤٠) لەنێو میزانیەی گشتییدا دەرهێنراوەو خراوەتە سەر میزانیەی سەرۆکایەتی کۆمار.

بە بڕوای پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، حکومەتی عێراق لەم قۆناغەدا هیچ گرنگییەک بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و کاراکردنی لیژنە باڵاکە نادات، تەنانەت ئەمساڵ بودجەیەکی کەمی بۆ تەرخانکراوەو لیژنەکەش وردە وردە دەپوکێتەوە، هەروەها ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش ئەو مەسەلەیەی پشتگوێخستووە.

وتیشی: «لیژنە باڵاکە هیچ دەسەڵاتێکی نییەو تەنیا کات بەڕێدەکات، پێویستە یان لیژنەکە کارابکرێت، یان بیر لە میکانیزمی تر بکرێتەوە».

هەروەک نەرمین عوسمان، ئاماژە بەوە دەکات، لەمپەرو ئاستەنگەکانی بەردەم کارەکانی لیژنەکە سیاسینو هێشتا چارەسەرنەکراون، جگە لەوە ئەو بودجەیەی دانراوە کەمەو بەش ناکات، ئەگەر بڕەکە زیاد نەکرێت، پێدەچێت بۆ چوار ساڵی تر نەتوانن قەرەبووی ئاوارەو هاوردەکان بکەنەوە».

بەپێویستیشی دەزانێت، لەم قۆناغەدا ئەندامانی پەرلەمان کاراتربنو بڕیارو ڕاسپاردەکانی لیژنەی باڵای مادەی (١٤٠) بکەنە مەسەلەیەکی گرنگ لە پەرلەماندا.

هەروەها بە بڕوای حاکم لەتیف، بەم شێوازە لە کارکردن، مادەی (١٤٠) جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو پێش هەموو شتێک دەبێت کۆمەڵێک هەنگاوی یاسایی بگیرێتەبەر، بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارو یاساکانی ڕژێمی بەعسو گەڕاندنەوەی قەزاو ناحیەکان بۆ سەر یەکە ئیدارییەکانی پێشوویان، پاشان هاوردەو ئاوارە بگەڕێنرێنەوە شوێنی خۆیانو دواتر قۆناغەکانی تر جێبەجێ بکرێت، پێویستە ئەم کارانە لە ماوەی ساڵێکدا جێبەجێ بکرێن.

## ئوسامە نوجەیفی بەمەبەستی گەڕانەوەی لیستی برایەتیی دەچێتە موسڵ

# دوو ساڵە کێشەکانی نێوان لیستی حەدباو برایەتیی نەینەوا چارەسەر نەکراون

کاروان عومەر، هاوڕێ عەبدوڵڵا

**دوای نزیکەی دوو ساڵ لە کشانەوەی لیستی برایەتیی نەینەوا لە ئیدارەی پارێزگای موسڵ، تائێستا لیستی حەدباو برایەتیی نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتنی کۆتایی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانی شاری موسڵ دەکات.**

دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ٢٠٠٩/١/٣١، لە نیسانی هەمان ساڵدا، لیستی حەدبا (خاوەنی ١٩ کورسی) سەربەخۆ ئیدارەی ناوچەیی پارێزگای موسڵی دروستکردو لیستی برایەتی نەینەوا (خاوەن١٢ کورسی) بێبەشکرد لە ئیدارەی ناوچەکەو لەو کاتەوە لیستی کوردیی بایکۆتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کردووەو بەهۆیەوە (١٦)یەکەی ئیداریی پارێزگاکەش هەموو پەیوەندییەکیان لەگەڵ پارێزگارو ئیدارەی نوێدا بچڕاندووەو هەڕەشەی پێکهێنانی ئیدارەیەک دەکەن لە دەرەوەی پارێزگای موسڵ بۆ ئەو یەکە ئیدارییانەو ئەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئوسامە نوجەیفی؛ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانی شاری موسڵی کردووەو داوای چارەسەرکردنی کێشەکانی شارەکەی کردووە.

دەرمان خەتاری؛ وتەبێژی لیستی برایەتیی نەینەوا بە ڕۆژنامەی ڕاگەپاند: مەبەستی سەردانەکەشی نوجەیفی هەوڵدان بوو بۆ گەڕاندنەوەی لیستی برایەتپی نەینەوا بۆ ئەنجومەنی پارێزگای موسڵو یەکە ئیدارییەکانی پارێزگاکە، بەڵام تا ئەو کاتەی لیستی حەدبا پۆستەکان لە دەستی خۆیدا بێتو قبووڵی ئەوە نەکات جارێکی تر پۆستە ئیدارییەکان دابەش بکرێنەوە، بایکۆتی لیستی برایەتی بەردەوام دەبێت، ئێمە داوای پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو جێگری پارێزگاری موسلمان کردووە.

لە ماوەی ڕابردوودا چەندین کۆبوونەوەو دانیشتن لەنێوان لیستی حەدباو لیستی برایەتیدا هەبووەو لەگەڵ ئەوەی لەسەر چەند شتێک ڕێککەوتوون، بەڵام تا ئێستا لەسەر مەسەلەی (پێشمەرگە، سنووری ئیداریی) ڕێکنەکەوتوون.

وتەبێژی لیستی برایەتیی نەینەوا ئەوەشی خستەڕوو، لە ئێستاشدا هیچ گفتوگۆیەکی فەرمیی لەنێوان ئێمەو لیستی حەدبادا نییە، لەگەڵ ئەوەی پێشتر بەرپرسانی لیستی حەدبا داوای دەرکردنی هێزی پێشمەرگەو جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠)یان کردووە، بەڵام دوای پێکهێنانی حکومەت کە هەموو لایەنەکان بەشداریيان تێدا کردووە، لیستی حەدبا هەڵوێستیان تارادەیەک گۆڕاوە، ئەوەش هیوای چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولای لێکەوتووەتەوە.

هاوکات بە وتەی دڵدار زێباری؛ جێگری پارێزگای نەینەوا، پێشتر دانوستاندن لەنێوان هەردوولادا هەبووە بە سەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵام ئەو دانوستاندنانە دواخراوە بۆ دوای پێکهێنانی حکومەت.

وتیشی: «ئەو هەواڵانەی کە باس لە بوونی ڕێککەوتنێک لەنێوان لیستی حەدباو برایەتیی نەینەوا دەکاتو دوای سەری ساڵ ئەندامانی برایەتی نەینەوا دەگەڕێنەوە بۆ ناو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا، هیچ بنەمایەکی نییەو دوورە لە ڕاستییەوە، هیچ ڕێککەوتنێکمان ئەنجام نەداوە، بەڵام ئەگەر لیستی برایەتی بەنیاز بێت پاش سەری ساڵ هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت، ئەوە پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیە».

بە وتەی ئەسیل نوجەیفی؛ پارێزگاری نەینەوا، لە مانگی ڕابردوودا چاویان بە مەسعود بارزانی؛ سەرۆک هەرێمی کوردستان کەوتووەو هەرچەند نزیکبوونەوە لە بۆچونەکاندا هەبووە، بەڵام هیچ ڕێککەوتنێک لەنێوان هەردوولا نییە بۆ گەڕانەوەی ئەندامانی لیستی برایەتی نەینەوا بۆ ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا.

نوجەیفی؛ ڕاشیگەیاند: «هیوادارین لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەندامانی لیستی برایەتی نەینەوا ئەوهەڵوێستە بنوێننو بگەڕێنەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا».



دیمەنێک لە شاری موسڵ

# باشووری سودان، جیهان لە چاوەڕوانی وڵاتێکی نوێدایە

راپۆرتی: شاڵاو فەتاح

**بڕیارە یەکشەممەی داهاتوو باشوورییەکان بڕیار لەسەر دروستبوون، یان نەبوونی نوێترین دەوڵەتی جیهان بدەن. ڕۆژی (٩)ی ئەم مانگە یەکێکە لە ڕۆژە هەرە گرنگو مێژووییەکانی ئەو وڵاتە، چونکە دوای چەندین ساڵ لە شەڕی ناوخۆو ململانێی حکومەتەکانی باکوورو باشوور، بڕیار لەسەر چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەدرێت بە ریفراندۆمێکی گشتیی باشوورییەکان بۆ یەکلاییکردنەوەی مانەوە، یاخود نەمانەوەیان لەگەڵ باکووری سوداندا.**

## سودان، وڵاتێکی پڕ کێشە

کۆماری سودان، کە گەورەترین وڵاتی ئەفریقاو عەرەبییەو دەیەمین گەورە وڵاتی جیهانە لە رووی جوگرافییەوە، هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە چەند کێشەیەکی ناوچەیی هـەبـووە، کێشەی بـاکـوورو باشووریی و دارفۆرەکان و بەرەی رۆژهەڵات گەورەترین کێشەکانی ئەم وڵاتەن، ئەم وڵاتە وەک لە رووی جوگرافییەوە جیاکەرەوەی نێوان جیهانی عەرەبو ئەفریقایە، لە رووی کەلتووریشە دابەشبووە بەسەر عەرەبو ئەفریقییەکاندا، هەر لەدوای وەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە میسرو بەریتانیا لە ساڵی (١٩٥٦)دا، ئەم وڵاتە چەند دەیەیەک بەدەست شەڕی ناوخۆ لەسەر کێشە ئێتنی، ئابووریی و دینییەکانەوە گیرۆدە بوو، باکووری سودان عەرەبیو موسڵمانەو باشووریش زیاتر ئەفریقیو مەسیحییە، ئەمە جگە لەوەی زۆرینەی سەرچاوە سروشتییەکانی سودان، کە نەوتە، لە باشووری سوداندایە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی بەردەوام باکوورییەکان هەوڵی سەرکوتکردنو کۆنترۆڵکردنی باشوورییەکان بدەن.

گرنگترین جیاوازییەکان کەلتوورینو خۆیان لە جیاوازیی ئێتنیو دینییدا دەبیننەوە، ئەمە جگە لەوە بوونی سەرچاوەی نەوتی زۆر لە باشووردا، کە هۆکارێکی یاریدەدەری هەڵگیرسانی جەنگەکانی نێوانیان بووە، باشوورییەکان زمانی فەرمییان ئینگلیزیو عەرەبییە، جگە گە لە بوونی نزیکەی (٤٠٠) دیالێکتی ناوچەیی دیکە، بەڵام باکوورییەکان زمانی فەرمییان عەرەبییە، رووبـــەری بـاشـــووری ســـودان (٦٤٠٠٠٠)کــــم٢ یەو ژمارەی دانیشتووانیشی بە زیاتر لە (٨) ملیۆن خەڵک دەخەملێنرێت لە کۆی (٤٤) ملیۆنی تەواوی دانیشتووان، باشوور حکومەتو ئاڵای جیاوازەو خاوەنی ئۆتۆنۆمی خۆیەتیو تەنیا بە ناو لەگەڵ باکووردا یەک وڵاتن، لە ئێستادا سلڤادۆر کیر مایاردیت، سەرۆکی بـاشـــوورەو ژەنـــەراڵ عومەر ئەلبەشیر، سەرۆکی گشت سودانە، باشوورییەکان دینی تەقلیدیی و ناوچەیی خۆیان، بەڵام (٢٠٪)یان مەسیحـییـــەو (١٠٪)یشیان موسڵمانن، ئەمە لە کاتێکدا زۆرینەی باکوورییەکان موسڵمانن.

کێشەی باشوورو باکوور لە دوای کودەتاکەی عـومـەرئـەلـبـەشیر،لە(١٩٥٠)وە بووە بە کێشەی خاکو باشوورییەکان گشت ناوچەی ئابی بە باشووری سودان دەزانـن، بەڵام باکوورییەکان هەوڵیانداوە چەند ناوچەیەک ئابی لەژێر حوکمی خۆیاندا بهێڵنەوە، ئەمە نەتوانرا بە رێککەوتنی ماچاکۆسی (٢٠٠٢)و پەیماننامەی ئاشتی (٢٠٠٥) چارەسەر بکرێت، عومەر بەشیری، سەرۆکی کۆماری سودان لە لایەن دادگای نێودەولەتییەوە بە تۆمەتی کۆمەڵکوژیی بانگهێشتکراوەو تائێستا ئامادە نییە بچێتە بەردەم دادگا، ئەمە جگە لەوەی لە دوایەمین بەڵگەنامەکانی ویکلیکسدا هاتووە: کە ئەم سەرۆکە داهاتی نەوتی بۆ بەرژەوەندیی شەخسیی خۆی بەکارهێناوە.

## کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییو دەولەتێکی نوێ

ســـودان هەمیشە پەیوەندییەکی خـراپـی هـەبـووە لـەگـەڵ دراوسـێـکـانو کۆمەڵگەی نێودەولەتییدا، بە تایبەت دوای ئـەوەی عـومـەر ئەلبەشیر، دەسـەڵاتـی گرتە دەستو سیاسەتێکی ئیسلامییانەی «توند»ی لە وڵاتدا پیادەکرد، لە نەوەدەکاندا ئۆگەندا، کینیاو ئەسیوبیا بە هاوکاریی سوپای ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوپەیمانییەکیان پێکهێنا بە ناوی (وڵاتانی بەرەی پێشەوە)، بۆ کەمکردنەوەی نفوزی حکومەتی نیشتمانیی بەرەی ئیسلامیی لە سودان، بەم هۆیەشەوە حکومەتی سودان هاوکاریی گرووپێکی یاخی دژی حکومەتی ئۆگەندای کرد.

ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکالە ساڵی (١٩٩٣)وە سودانی لە لیستی ئەو وڵاتانەی پشتگیریی تیرۆر دەکەن، ناونووسکردووە، کۆمپانیا ئەمریکییەکانیش لە ساڵی (١٩٩٣) وە بزنسیان لەو وڵاتەدا لێ یاساغکراوە. لە ساڵی (٢٠٠٥)یشدا وڵاتی چاد، کە دراوسێی خۆرئاوای سودانە، جەنگی دژی سودان راگەیاند لەدوای ئەوەی میلیشیاکانی سودان چەند جارێک سنووری ئەو وڵاتەیان بەزاندو سەدان خەڵکیان کوشت، سودانیش لە (٢٠٠٨) دا پەیوەندیی دبلۆماسی لەگەڵ چاددا پچڕاند بە بیانووی ئەوەی یارمەتی یاخیبووەکانی دارفۆر دەدات.

ئەم پەیوەندییە خراپەی سودان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەولەتیی وایکردووە، کە پشتگیریی کەمی باکوور بکرێت لە کێشەکانیدا، بە تایبەت دوای ئەو هێرشە یەک لەدوای یەکانەی دەیکردەسەر باشوورو دراوسێکانی، هەربۆیە لە کێشەی جیابوونەوەی باشووری سودانیشدا زۆرینەی کۆمەڵگەی نێودەولەتیی (لەنێویاندا ئەمریکا) بە توندیی پشتگیریی بەڕێوەچوونی ریفراندۆمەکە دەکات، ئەمریکا کە گەورەترین هێزی نێودەولەتیو میسر، کە گەورەترین هێزی ناوچەیی لە رووی نفوزەوە بەسەر سوداندا، پشتگیریی بەڕێوەچوونی ریفراندۆمەکە دەکەن.

هیلاری کلنتۆن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە دوایین هەوڵیدا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە بەرپرسانی خەرتوومی ڕاگەیاندووە؛ کە دەنگدان لەسەر چارەنووسی باشوور «حەتمییە»و ئەمریکاش هەوڵدەدات ئەو پرۆسەیە بە ئاشتییانە بەڕێوەبچێت، بەڵام لە هەمان کاتدا گومانی خۆی دەربڕی بەرامبەر ئەو پرۆسەیەو پێیوابوو؛ کێشەی راستەقینە دوای دەنگدانی باشوورییەکان لەسەر سەربەخۆیی خۆیان دەستپێدەکات، ئەمە جگە لەوەی میسر کە هێزێکی هەرێمی ئەو ناوچەیەیەو پێشتر رۆڵـی گـەورەی هەبووە لە یەکلاییکردنەوەی کێشەکاندا، جیابوونەوەی نێوان باشوورو باکووری بە حەتمی لە قەڵەمداو هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە سیاسییەکانی باشوورو بـاکـوور هـەوڵـی جدییان بۆ مـانـەوە بە یەکگرتوویی نییە.

## دەوڵەتانی عەرەبیو کێشەی جیابوونەوە

لەنێودەوڵەتانی عەرەبییدا پشتگیریکردنی ریفراندۆمەکە بە گومانەوە لێی دەڕوانرێتو بە «پیلانێکی خۆرئاوا» لە قەڵەمدەدرێت بۆ لاوازکردنی جیهانی عەرەبی، ئەمەش لە چۆنیەتی رووماڵکردنی کێشەکە لە لایەن میدیای عەرەبییەوە دەردەکەوێت.

رەبیع نادر، کە رۆژنامەنووسێکی عەرەبی خەڵکی عێراقەو زانکۆی بەغدای تەواوکردووە لە لێدوانێکیدا بۆ (رۆژنامە) پێیوابوو؛ کێشەی جیابوونەوەی باشووری سودان، شتێکی حەتمییەو «گەورەترین تەحەدا»ش دەبێت بۆ کۆمکاری عەرەبی، چونکە بۆ یەکەمجار لەگەڵ وڵاتێکدا رووبەڕوودەبنەوە، کە تەنیا (١٠٪)ی موسڵمانەو زمانیشی ئینگلیزییە، رەبیع، پێیوابوو؛ دوایەمین کۆبوونەوەی نێوان هەر سێ سەرۆک (عومەر بەشیر، حوسنی موبارەکو موعەممەر قەزافی) «دەرخەری ئەو ترسەیە» کە کۆمەڵگەی عەرەبی هەیانە بەرامبەر ئەو وڵاتە نوێیە.

هـــاروون ئەلرەشید، کە پەیامنێری کەناڵی ئیتیجاهی ئاسمانییە پێیوابوو؛ کێشەی باشووری سودان بەهۆی «دەستێوەردانی دەرەکی»ییەوە تەواو ئاڵۆزبووەو بووەتە هۆی لەدایکبوونی چەندین ئەجێندای جیاواز. هـــاروون، پێیوابوو؛ ئەو دەستێوەردانە دەرەکییە کاریگەریی بۆ سەر تەواوی گرووپە جیاوازەکان لەو وڵاتەدا هەیەو بووەتە هۆی دروستبوونی ململانێ بەردەوامەکان.

ئەمە لە کاتێکدا لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە کێشەکە وەک کێشەی رەوای نەتەوەیەکی جیاواز لێکدەدرێتەوەو پێیانوایە؛ باشوورییەکان مافی خۆیانە لە وڵاتی خۆیاندا بژین، تاکە مەترسییش بەوە دادەنرێت کە لە کاتی ریفراندۆمو دوای ئەنجامەکانیش حکومەتی باکوور هەوڵی دروستکردنی کێشەو پشێویی بداتو بە بەکارهێنانی نفوزی خۆی بۆ سـەر دراوسـێـکـان هەوڵی پەکخستنی باشوورییەکان بـدات. زاک ڤێرتین، شیکاروانی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتیی لە راپۆرتێکی گرووپەکەدا دەڵێت: «گەر شتەکان بەوشێوەیە نەڕوات کە پلانی بۆ دانراوە، بە تایبەت گەر خەرتووم هەوڵی کاریگەریی دانێن لەسەر ئەنجامەکان بدات، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی وەڵامێکی هەبێت بۆ ئەوەی رێ لە جەنگێکی نوێ بگرێت»، لە دوایین راپۆرتی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتیشدا ئەوە هاتووە: کە پێویستە وڵاتانی دراوسێ یارمەتی خەرتوومو جوبا بدەن، بۆ ئەوەی ریفراندۆمەکە بە شێوەیەکی ئاشتی بەڕێوەبچێت.

## کێشەکانی بەردەم باشووری سودان

ئەم دەوڵەتە نوێیە چەند کێشەیەکی گەورەی لە بەردەمدایە بۆ چارەسەرکردن، جگە لە کێشەی خاکو میلیشیاکانی سەر سنوور، دەوڵەت هەر لە سەرەتاوە دەبێت لەگەڵ کێشەی هەژارییدا رووبەڕووببێتەوە. (٩٠٪)ی باشوورییەکان داهاتی رۆژانەیان کەمترە لە دۆلارێـکـو (١٠٪)ی منداڵان پێش ئـەوەی بگەنە تەمەنی (٥) ساڵان، دەمـرن، تـەواوی سیستمی تەندروستی پێویستی بە تازەکردنەوە هەیە، ئەمە جگە لەوەی سیستمی پەروەردەی ئەم دەوڵەتە نوێیە پێویستی بە تازەکردنەوەیەکی ریشەیی هەیە، ئەو یارمەتییەی لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییو رێکخراوە ناحکومییەکانیشەوە پێشکەش بە سودانییەکان کراوە، بووەتە هۆی زەرەردان لە بزنسە بچووکەکانی ئەو وڵاتە، ئەمە جگە لەوەی ئەم وڵاتە پێویستی بە حوکمی یاسا دەبێتو بۆ ئەمەش پێویستییەکی زۆری بە یارمەتی دەرەکیی هەیە. راپرسییەکان دەریدەخەن، کە سلڤاکیر، (٩٣٪)ی دەنگی باشوورییەکان دەهێنێتو دەبێتە یەکەمین سەرۆکی باشوور، بەڵام باشوور لەگەڵ سەرۆکدا پێویستی بە هێزێکی پۆلیسو ئاسایشی بەهێز هەیە.

## ئەنجامی ریفراندۆم

بۆ دروستبوونی نوێترین دەوڵەتی جیهانو جیابوونەوەی باشوور لە باکوور، پێویستە (٦٠٪)ی هاوڵاتییان دەنـگ بە جیابوونەوە بدەن، توێژینەوەیەک لەسەر باشوور لە لایەن پەیمانگەی دیموکراتی نیشتمانییەوە لە ئەمریکا دەریدەخات؛ کە زۆرینەی باشوورییەکان دەنـگ بە جیابوونەوە دەدەن.

لۆکلێنج لۆل، کە گـەورە رێکخەری رێکخراوێکی پـەروەردەیـیـە لە جوبا (پایتەختی باشووری سودان) لە لێدوانێکیدا بە رۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵی دەڵێت: «ئێمە دڵنیاین خەڵک دەنگدەداتو لەوەش دڵنیاین دەنگ بە جیابوونەوە دەدەن».

لە ئێستادا کەشی جیابوونەوە تەواوی باشووری سودانی گرتووەتەوەو هەموو شتێک بۆ دەوڵەتە نوێیەکە ئامادە کراوە، هەر لە کۆشکی سەرۆکایەتییو مەیدانی ئاهەنگێڕانەوە تا کاتژمێری تایبەت بە ریفراندۆمو بانەرەکانی جیابوونەوە، زۆرێک لە میدیای جیهانیش دەرکەوتنی دەوڵەتێک لە باشووری سودان بە یەکێک لە رووداوە نوێیەکانی ساڵی نوێ دادەنێنو پێشبینی روودانـی دەکـەن، لە ئێستادا ریفراندۆم بە جیابوونەوە دادەنرێت، هەر بۆیە باکوورییەکان دەیانەوێت رێ لە ریفراندۆمەکە بگرن، نەک چاوەڕوانی ئەنجامەکانی بکەن، چونکە دڵنیان ریفراندۆمەکە بە مانای جیابوونەوەو دروستبوونی دەوڵەتێکی نوێ دێت.



باشووری سودان سەربەخۆیی دەوێت

# سڵاو وڵاتی ژمارە ١٩٣

ئیکۆنۆمیست

گەر هەموو شتێک بەپێی پلان بروات، لـەم مانگەدا هاوڵاتییانی باشووری سودان دەنگ لەسەر چارەنووسی خۆیان دەدەن. بەهۆی کەمییەکی بەرچاو لە ئامادەکارییەکاندا بۆ ریفراندۆم، دەنگدانەکە دۆخێکی پشێوی بەخۆیەوە دەگرێت، بەڵام دەنگەکان «بەڵێ» دەبن بۆ سەربەخۆیی. ئەمەش ئەوکاتەیە کێشە دەستپێدەکات، یاخود دەستپێدەکاتەوە.

شـــەڕ لــەنــێـــوان ســـودانـــە بـەعـەرەبـیـکـراوەکـەی بـاکـــوورو ناعەرەبییەکەی باشوور لە سەرەتای ١٩٦٠وە دەستیپێکردو لە ١٩٧٢ بە پەیماننامەیەک وەستێنراو لە ١٩٨٣ دەستیپێکردەوەو تا ٢٠٠٥ بەردەوامبوو. بـەڵام دەرکەوتنی بـاشـووری سودان وەک نوێترین وڵاتی جیهان (ژمـارە ١٩٣ بەگوێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان) جەنگێکی نـوێ دروستناکات. بەڵکو جەنگەکە لەناو خودی باشووری سوداندا دەبێت. چونکە شوێنی ئەو خێڵانەیە کە حـەسـوودی بە خـاکو سەرچاوە نەوتییەکانی خۆیان دەبەن. چونکە نەوتیش تاکە سەرچاوەی داهاتی ئابوورییە، دەبێتە هۆی دروستکردنی کارەسات.

نەوتی سودان ماوەی ٣٠ ساڵە ناسراوە. خەمڵاندنە سەرەتاییەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە نەوت لە سودان هەیە بەڵام برەکەی زۆر نییە. ئێستاش بانگەشەی زۆریـی ئـەو بـڕە دەکـرێـت. پێشبینی دەکرێت ٦.٧ ملیار بەرمیل بێت، بەڵام ئەمە راستییەکی ناخۆشە بەراورد بەو دۆخە هەژارییەی لەو وڵاتەدا هەیە. کێڵگە نەوتییە پربەرهەمەکانی سودان لەسەر سنووری نێوان باکوورو باشووردانو زۆرێکیش پێیانوایە لەوێ جەنگە گرەنتی پێکدادان دەکات. بەڵام پێچەوانەکەی راستە، ئەم نەوتە دەبێتە هۆی دابینکردنی ئاشتی. چونکە خەرتووم تەنیا کاتێک توانی سوپاکەی بەهۆی بەرهەمی نەوتەوە ئامادەو تەیار بکات بۆی دەرکـەوت کە دەبێت ئاشتی رابگەیەنێت، چونکە چەند بەرگرییەکی بەهێزت هەبێت، سەرچاوە نەوتییەکان بە هێز کۆنترۆڵ ناکرێن.

ئەو پەیماننامە ئاشتییەی ساڵی ٢٠٠٥ کرا تا ساڵی ٢٠١١ بەرهەمی نەوتی فیفتی بە فیفتی لەنێوان باکوورو باشووردا دابەشکردبوو. ئەوەی کە داهاتی نەوت دوای ریفراندۆم لە باشووری سودان چی لێدێت هێشتا باسی لێنەکراوەو قابیلی دانوستانە. میزاجی خراپو جێهێشتنی مێزی دانووستانیش چاوەڕوانکراوە، بەڵام جەنگ نا. ئەو بۆرییە نەوتییانەی کە نەوت دەگوازنەوە بە باکووردا تێدەپەڕن بۆ دەریای سوورو ئەمەش نەوت دەکات بە پارە بۆ باشوور. هەردوولا لەدوری ئەم راستییە دەبێت سازشبکەن.

جیا لــەوەش هـــەردووڵا، باکوورو باشوور بەپێی پێویست جەنگیان هەیە لە ناوخۆدا کە نەیەرژێنە سەر یەکتر. عومەر بەشیر کە ژەنەراڵێکی پراگماتیستە، دەبێت هەر خەریکی ناوچەی دارفـــوور بێتو پێویستی بە جەنگێکی ناوخۆیی دیکە نییە. سەرۆکی باشووریش سلڤا کیر دەبێتو جێگرەکەی ریک ماچار دەبێت کە لە گەورەترین خێڵی باشوورە، واتە نوور. هەردووکیان دوو ساڵی رابردوویان بە کارکردن بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆیانو خێڵەکانیانەوە بەسەربردووە.

هەرچەندە پارەیەکی زۆر لە دوای ٢٠٠٥وە رووی لە باشوور کردووە، کە بە ٧ ملیار دەخەمڵێنرێت، بەڵام هەمووی بەفیڕۆچووەو ئێستا ئەو هەرێمە لە هەژارییدا گـوزەردەکـاتو پێویستی بە خوێندنگاو نەخۆشخانەی زۆرە. وڵاتانی دیکە هەوڵدەدەن باڵانس لەنێوان خێڵەکانیاندا راگرنو بەرژەوەندییەکان دابەشبکەن، بەڵام باشووری سودان فێری ئەوە نەبووەو تەنیا بەرهەمیشی نەوتە. نەوتیش ملیارێکی دیکە بەرهەمدەهێنێت، بەڵام ئەم ملیارەش دەرواتو خەڵک ئائومێدتر دەبـێـتو بـەربـەرەکـانـێ دروستدەبێت.

چۆن چاکسازیی لە پەرلەمانی کوردستاندا بکرێت؟ 12

# چیرۆکی مالیکیو وەزیرە کوردەکان


هەستیار قادر

دەڵـێـن کاتی خـۆی، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە، بەنهێنیی دەچێتە گوندێکو درەنگە شەوێک لە نهۆمی یەکەمی ئەو خانووە گڵینەدا کە گـەوری ئاژەڵانە، بە یەکێک لە پێشمەرگەکان دەوترێت «برۆ سەیربکە، نـەوەک جـەیـشو جاش بێن»، ئەویش دەڵێت، «ئێمە لەسەرەوەینو ئەوانیش بۆخۆیان لـەخـوارەوەن، عیلاقەمان بەسەریانەوە نییە». دووبارەبوونەوەی ئەم چیرۆکە لە نێوان وەزیرە کوردەکانو حکومەتی عێراقدا، هەندێکجار تووشی شۆکی دەکردین، وەک ئەوەی وەزیرە کوردەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی مۆزەمبیق بنو ڕەخنەیان لە بڕیارەکانی مالیکی دەگرت.

ئەگەر لە رابـردوودا، لۆدی ڕەخنەکان لەسەر دووبارەبوونەوەی حیکایەتی بڕیارەکانی مالیکیو ڕەخـنـەی دواکـەتـوویی کـورد لـە ئەنجومەنی وەزیراندا، زۆر نەبووبێت، ئەوا لەمەودوا ئەم کارە ئاوا ناچێتەسەرو گۆزەکە بەساغی نایەتەوە، ئیتر ئێوە، مەبەستم لە وەزیرە کوردەکانە، بەشێکن لە حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی وەک خۆتان دەڵێنو ڕەگەزێکی بەهێزی بەغدان، وەک چۆن بانگەشەی بۆ دەکەنو ئیدی ناتوانن لەسەر مێزی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، بە بەردەمی مالیکیدا، بودجە بە کەموکورتییەکانەوە ئیمزا بکەنو بێنە دەرەوەو بڵێن، مالیکی «دیکتاتۆرە». ڕای شەقامی کوردی، ئەشهەدو ناکات بۆ موجامەلەکردنی مالیکی لەبەغداو بەدێوکردنی لە هەرێم. ئێوە لەبەردەم بەرپرسارێتیی مێژووییدان، نەک بەرپرسیارێتیی ئیمتیازو خۆدزینەوە لەو بەرپرسیارێتییەش، خۆدزینەوەیە لە جەوهەری سەرەکیی چوونتان بۆ بەغداو پێم سەیرە کە باس لە پیلانی وەزارەتی پلاندانان بۆ دواخستنی سەرژمێرییو پیلانی وەزارەتەکانی تریش دەکەن؟ ئەی ئێوە لە ناو ئەنجومەنی وەزیراندا چی دەکەن؟

ساڵی پار، یەکێک لە وەزیرە کوردەکانی بەغدا، پێی وتم، تا ئێستا نەمبیستووەو نەمبینیوە کە مالیکی لە ئەنجومەنی وەزیراندا، بە نەبرەیەکی تائیفیو نەتەوەیی قسەبکاتو کەسێکی پرۆفیشناڵەو لەم تیۆرەشەوە لێمببوورن کە بڵێم، بێدەنگبوونی ئێوە لە بڕیارەکانی مالیکی لە حکومەتدا، قەناعەتکردنە بە پرۆفیشناڵیی بڕیارەکانی، هەربۆیە بە عەرەبی، زەرەیەک تێبینییان نییەو بە کوردی لە هەرێمەکەمان دنیای لێتێدەگەیەنن، جارێکی تریش لێمببوورن کە وا بیر بکەمەوە کە درێژەدان بە ململانێکان لە بەرژەوەندیی ئێوەدایە، نـەک چارەسەرکردنیو عێراقی دامـەزراوەیـی دەستووریی، ڕێگە لە زۆر پێچو پەنا دەگرێت، ئەگەرنا ئەو تەسعیدکردنە جارەبەجارە ئیعلامیو سیاسییە، بۆچی؟

ئیدی ئـەوە نەما کە وەزیـری کـورد لەسەر فەلسەفەی پاڵدانەوە لە بەغدا، هەموو تۆپەکانی هەڵبداتە پەرلەمانەوە تا ئەوان گۆڵ بکەن، هەڵەیەک کە ئێوە لە حکومەتدا بیکەن، بە پەرلەمانتاران ڕاست ناکرێتەوە.

مەهزەلە سیاسییەکە لەوەدایە کە وەزیری کورد، تا ئێستا درکی بەوە نەکردووە کە لەغیابی ئەنجومەنی فیدراڵیدا، ئەنجومەنی وەزیـران بەشێوەیەک لەشێوەکان، ڕۆڵـی ئـەو ئەنجومەنە دەبینێتو پارێزگاریی لە بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانیش، پێویستی بە جووڵەی ئەوانە.

پێم سەیرە، بۆ هەڵسەنگاندنی سەرکەوتوویی وەزیرێکیش، ڕێژەی دامەزراندنی کورد لە وەزارەتەکە، یان ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەک بۆ ناوچەکوردییەکان بە بەڵگە دەهێننەوە، غافڵ لـەوەی کە یەکەمیان، گەندەڵیی ئیدارییەو دووەمیان، ئەرکی سەرەتایی خۆیەتی وەک وەزیر. جەنتڵمانیی ئەو وەزیرە لەوەدایە کە لەسەروو بەرپرسیارێتیی خۆیەوە چی بۆ کورد کردووە؟ چۆن ڕۆڵی بینیوە لە بە دامەزراوەییکردنی عێراق لەلایەکو بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لەبەغدا لەلایەکی ترەوە؟

لەمەودوا، هاوکێشەکە بەشێوەیەکە، ئێوەو مالیکی لە حکومەتدا یەک بەرەن، هەڵەی ئەو، وەک دەزگای جێبەجێکردن بەرامبەر بە کورد، ئێوەش وەک وەزیرە کوردەکان پشکتان تیایدا دەبێتو ناتوانن خۆتانی لێ غافڵ بکەن، گۆڕانیش کە لە بەغدا ئۆپۆزسیۆنبوونی هەڵبژارد، دەبێت بە وردیی بەدوای ئەو کەتانەوە بێت کە وەزیرو بەرپرسە کوردەکان لەسەر ئاستی حکومەتی بەغداو ناوەندە سیاسییەکاندا دەینێنەوەو ڕاگەیاندنەکانو ڕای گشتیی هەرێمیان لێ تێبگەیەنن.

## لە دەنگی خەڵکەوە دەچێتە دەستی حیزبەکان

# ئاڵوگۆڕی پەرلەمانتاران، کێشە دەنێتەوە

ڕاپۆرتی: کاروان عومەر



ئـاڵـوگـۆڕی ئـەو پەرلەمانتارە عێراقییانەی پۆست وەردەگرن، کێشەی یاسایی لەنێوان پەرلەمانو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا دروست دەکـاتو بە هەموارێک ئەو دەستنیشانکردنە لە دەنگی خەڵکەوە دەدرێتە دەستی حیزبەکانو بەڕێوەبەری ڕێکخراوێکی چاودێریش، بە نایاسایی لە قەڵەم دەدات.

لەپاش ئەوەی بە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، ژمارەیەک لە پەرلەمانتاری نوێ بوونە وەزیر، یان پۆستی باڵایان پێدرا، لە ئێستادا کێشەی یاسایی لەسەر چۆنێتیی پڕکردنەوەی جێگەکانیان هەیە، لەکـاتـێـکـدا بەپێی یـاسـای ژمـــارە (٦)ی ساڵی(٢٠٠٦)ی پەرلەمانی عێراق کە تایبەتە بە چۆنێتیی جێگۆڕکێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە باری نەمانی پەرلەمانتارێک بەهەر هۆکارێکەوە بێت، دەبێت لەهەمان کیانی سیاسییو پارێزگادا قەرەبوو بکرێتەوەو ئـەگـەر ئـەو کیانەش لـە یـەک کەس پێکهاتبوو، ئەوا پەرلەمانتاری جێگرەوە لەو لیستە دەبێت، کە زۆرترین دەنگی دۆڕاوی بەدەستهێناوە، بەڵام ئەو یاسایە بۆ پەیڕەوکردنی سیستمی لیستی داخراو بوو، کە لە خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەراندا پەیڕەو کراوەو بۆ ئەم خولە کە سیستمی لیستی کراوە پەیڕەوکرا، بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی نزیک لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دەبێت پەرلەمانتاری جێگرەوە، ئەو پاڵێوراوە بێت کە زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە لەنێوان سەرنەکەوتووەکاندا، کە بە باشترین دۆڕاو ناودەبرێت.

تاریق حـەرب، پسپۆڕی بـواری یاسا، ئاماژەی بۆ ئـەوە کـرد، بەپێی یاسای ژمارەی شەشی ساڵی(٢٠٠٦)، ئەگەر پەرلەمانتارێک پۆستی وەزارەتی پێبدرێت، یان دەست لەکاربکێشێتەوە، یان لەسەرکار لاببرێت، یان کۆچی دوایی بکات، دەبێت کەسێکی تر لەجیاتی ناوبراو لەهەمان پارێزگاو هەمان لیستو هەمان قـەوارە دابنرێت، تەنیا لەیەک حاڵەتدا ئەوهەنگاوە ئەنجام نادرێت، کاتێک ئەو قەوارەیە، کاندیدی تری نەبێت لە هەمان پارێزگاو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەم سیستمە جیاوازە لە سیستمی قەرەبووی هەڵبژاردنەکان کە لیست ئـازادە لە دەستنیشانکردنی هەر کاندیدێکو لە هەر پارێزگایەک لە پارێزگاکانی عێراقدا».

هـــاوکـــات، کـۆمـسـیـۆنـی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش، ئاماژە بە بوونی دوو یاسای جیاواز دەکات لە جێگرتنەوەی پەرلەمانتارەکانو هەروەک عەبدولڕەحمان خەلیفە، بەڕێوەبەری پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئاماژەی پێکرد: کۆمسیۆن، یاسایەکی تایبەتی هەیەو بەپێی ئـەو یاسایە، لەکاتی ئەوەی پەرلەمانتارێک پۆستی پەرلەمانتاری نامێنێت، کەسێکی تر لەهەمان لیست لەجیاتی ناوبراو دادەنرێت کە زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە، بەڵام نەیتوانیوە ببێت بەئەندام پەرلەمان، بەڵام بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پەرلەمان، یاسایەکی تایبەت بەخۆی هەیەو بەپێی ئەو یاسایە، ئەو کارە ئەنجامدەداتو یاساکەی کۆمسیۆن جێبەجێ ناکات».

ئەمە لەکاتێکدایە کە لە ئێستادا هەوڵێک هەیە بۆ هەمواركردنەوەی یاسای جێگۆڕکێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، تا مافی دەستنیشانکردنی پەرلەمانتاری جێگرەوە لە دەنگی خەڵکەوە بخرێتە دەست قەوارەسیاسییەکەی، تەنانەت ئەو حیزبەش کە پەرلەمانتارەکەی تێدا دەرچووە.

لەوبارەیەوە مەحما خەلیل، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، بۆ ڕۆژنـامـەی ڕوونـکـردەوە، کە بەپێی ئەو هەموارە نوێیە، دەستنیشانکردنی پەرلەمانتاری جێگرەوە، دەچێتە دەست سەرۆکی کوتلە سیاسییەکەیو سەبارەت بە ئەگەری ئاڵوگۆڕی کەسێکی وەک هۆشیار زێباریش لە پەرلەماندا، مەحما خەلیل ڕایگەیاند: «پەرلەمانتاری جێگرەوە لەلایەن ئەو حیزبەی نێو کوتلەکەوە دیاریی دەکرێت کە پەرلەمانتارەکەی تێدا دەرچووە».

هاوکات، جگە لە هۆشیار زێباری، کە پۆستی وەزارەتی دەرەوەی وەرگرتو سامی شۆڕشیش کە لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێو لیستی هاوپەیمانیی کوردستاندا ئەندام پەرلەمان بوو، کۆچی دوایی کردو بەپێی یاساکەی کۆمسیۆن، دەبێت باشترین دۆڕاو لە سنووری هەولێردا جێگەی بگرێتەوە کە سەعدی ئەحمەد پیرەیە لەسەر لیستی یەکێتی، بەڵام وەک سیروان ئەحمەد، پەرلەمانتاری لیستی یەکێتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی پێدا: «بەپێی هەموارکردنە نوێکە، حیزبی پەرلەمانتارەکە خۆیان پەرلەمانتاری جێگرەوە دیاریی دەکەن»و بەوپێیەش جێگەی سامی شۆڕشیش هەر لەلایەن پارتییەوە دیاریی دەکرێت.

لەلایەکی ترەوە، بەکر حەمەسدیق، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامییش، ڕوونیکردەوە، کە دەبوو لە کورسی قەرەبووشدا کەسی جێگرەوە لـە هـەمـان پـارێـزگـا، یـان نزیکترین پارێزگا بوایە کە زۆرتـریـن دەنگی تیا بەدەستهاتووەو پێشی سەیرە کە کۆمسیۆن لەو هەنگاوە بێدەنگ بووە.

ئەو پەرلەمانتارە بە ڕۆژنامەی ڕاگـەیـانـد: «هـەنـدێـک هەنگاو لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا ڕوودەدەن کە یاسایی نینو بڕیاری سیاسینو دواتر ڕووپۆشی یاساییان بۆ دەدۆزرێتەوە».

پسپۆڕانی بواری چاودێریکردنی پەرلەمانیش، جەخت لەسەر بوونی هـەنـگـاوی نایاسایی دەکـەنـەوە لە ئاڵوگۆڕی پەرلەمانتارەکاندا.

موهەنەد کینانی، سەرۆکی تۆڕی عەین بۆ چاودێریکردن، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئاڵوگۆڕکردنی پەرلەمانتارەکان، نایاساییەو بەپێی یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی (٢٠٠٦)، دەبێت پەرلەمانتارەجێگرەوەکان لەهەمان پارێزگاو هەمان قـەوارە بن، چونکە لەعێراقدا سیستمی فرەبازنەیی پەیڕەو دەکرێتو هەموو پارێزگایەک بازنەیەکەو بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «بەڵام ئەوەی لە ئێستادا جێبەجێدەکرێت، پێچەوانەی ئەو یاسایەیەو سەرۆکی لیستەکان بەئارەزووی خۆیان کەسەکان دەستنیشان دەکەن، بۆ ئەوەی جێگای پەرلەمانتارەکان بگرنەوە کە پۆستی وەزارییان پێدەدرێت».

# تورکمانەکان لە عێراقییە جیادەبنەوە

## پەرلەمانتارێکی تورکمان: دەبوایە هەمان هەڵوێستی گۆڕانمان هەبوایە»

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە

پەرلەمانتارە تورکمانەکانی ئیئتیلافی عێراقییە، ڕەخنە لەو ئیئتیلافە دەگرنو بەهۆی پێنەدانی وەزارەتێکی کارا بە تورکمانەکانو ئاماژەکان بۆ ئەوەن لە عێراقییە جیا ببنەوەو پەرلەمانتارێکی تورکمانیش دەڵێت: «دەبوایە وەک گۆڕان بایکۆتی حکومەتمان بکردایە».

لـەپـاش ڕاگـەیـانـدنـی زۆریـنـەی پێکهاتەی حکومەتی نوری مالیکیو پێدانی تەنیا وەزارەتـی دەوڵـەت بۆ کاروباری پارێزگاکان بە تورکمانەکان، نارەزایی پەرلەمانتارانی سەر بەو نەتەوەیەی لێکەوتەوە، بە تایبەت لە ئیئتیلافی عێراقییە کە زۆرترین پەرلەمانتاری تورکمانی تیایەو نارەزاییەکان گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە یاداشتێکیان ئاراستەی سەرکردایەتی ئیئتیلافی عێراقییە کردووەو تیایدا هەڕەشەی کشانەوەیان کردووە لەو ئیئتیلافە، ئەگەر لە پێدانی پۆستەکانی تردا کورسییان پێ نەدرێت.

نەبیل جەربۆ، پەرلەمانتاری تورکمان لەسەرئیئتیلافی عێراقییە جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە؛ کە ئەوان وەک بەرەی تورکمانی خۆیان بە مافخوراو دەزاننو سەرەڕای ئەوەی شەش کورسییان بەدەستهێناوە، بەڵام هیچ وەزارەتێکی خزمەتگوزارییان لە حکومەتی نوێدا پێ نـەدراوەو پێدانی تەنیا وەزارەتێکی دەوڵـەت ناگونجێت لەگەڵ ئیستیحقاقی هەڵبژاردنیانو تایبەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەگەر ئیئتیلافی عێراقییە هەمان سیاسەت پەیڕەو بکات لە پرسی دابەشکردنی پۆستەکانی بریکارو بەڕێوەبەری گشتییو ڕاوێژکارەکان، ئێمە لە و ئیئتیلافە جیا دەبینەوە».

ئەو پەرلەمانتارە تورکمانەی عێراقییە، هیوای خواست کە تورکمانەکان هەمان هەڵوێستی گۆڕانیان بنواندایە بەرامبەر بە بەشداریکردن لە حکومەتی نوێی عێراقداو وتی: «داوام لە پەرلەمانتارەکانی بەرەی تورکمانی کرد لە میانی دەنـگـدان لـەسـەر پۆستە وەزارییەکان هەڵوێستی هاشێوەی فراکسیۆنی گـــۆڕان وەربــگــرنو بایکۆتی حکومەت بکەن، بەڵام ئەندامانی بەرەی تورکمانی بێدەنگبوون لە بێبەشکردن لە مافەکانیان».



ژمارەیەک لە پەرلەمانتارە تورکمانەکان لـە ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێی عێراقدا (٨) پەرلەمانتارنو (شەش)یان لەناو ئیئتیلافی عێراقییەدان، کە ئەوانیش: (ئەرشەد ساڵحیو ژاڵە نەفتچی لە کەرکوکو نەبیل محەمەد جەمیلو عزەدین دەولەو مودریکە ئەحمەد لە نەینەوا)نو (دوو) پەرلەمانتارە تورکمانەکەی تریش لە ئیئتیلافی هاوپەیمانی نیشتمانیدان، کە ئەوانیش: (عەباس بەیاتی لە دیالەیەو موحەمەد تەقی مەولا سەر بە ئەنجومەنی بـاڵای ئیسلامییەو لەسەر پارێزگای نەینەوا، ئەمە جگە لە پەرلەمانتارێکی تری تورکمان بە ناوی جاسم محەمەد جەعفەر، کە وەکو قەرەبوو ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا دەستنیشانکراوە، بەڵام دواتـر پۆستی وەزیـری وەرزشو لاوانـی پـێـدراوەو کەسێکی تر لە جیاتی ناوبراو دانراوە، کە عەرەبە.

لەبەرامبەردا ئەندامێکی ئیئتیلافی عێراقییە، ئـامـاژە بـەوە دەکـات؛ کە تورکمانەکان سوودیان لە عێراقیە بینیوە، نەک بە پێچەوانەوە.

تـــەڵاڵ زەوبــەعــی، سـەرکـردەی ئیئتیلافی عێراقییە تایبەت بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: بــەرەی تورکمانی وەکـو پێکهاتەیەکی عێراقییە بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کردووە، ســـوودی وەرگـــرتـــووە لەوەی بەشێک بووە لە عێراقییەو توانیوێتی (٦) کورسی بەدەستبهێنێت بە سوودبینین لە دەنگەکانی عێراقییە، لەکاتێکدا لە پەرلەمانی ڕابردوو تەنیا یەک کورسییان بەدەستهێنا بوو».

سەبارەت بە ئەگەری جیابوونەوەی پەرلەمانتارە تورکمانەکانیش لە ئیئتیلافی عێراقییە زەوبەعی، وتی: «جیابوونەوەی بـەرەی تورکمانی لە لیستی عێراقییە پرسێکی تایبەتە بە خۆیانو ئەوان ئازادن لە هەر بڕیارێک لەوبارەیەوە».

ژمـارەی تورکمان لە عێراقدا وەک خۆیان ئاماژەی پێدەدەن لە نێوان (٧٥٠) هەزار بۆ (یەک ملیۆن) کەسەو بە شێوەیەکی سەرەکیی لە پارێزگای کەرکوکدانو لە چەند شوێنێکی تر وەکو شاری موسڵو تەلەعفەرو توزخورماتوو قەرەتەپەو قزرەباتو مەندەلیو خانەقین لە دیالەو ناو شاری هەولێرو کفریش بوونیان هەیە، تورکمان لە عێراقدا بەشێکیان سوننەن وەکو تورکمانەکانی کەرکوکو هەولێرو دیالەو کفریو لە بەرامبەردا تورکمانەکانی موسڵو تەلعفەرو توزخورماتوو شیعەن.

هاوکات ئەندامێکی بەرەی تورکمانی لە ئیئتیلافی عێراقییەدا ئەوە بە دوور دەزانێت، کە بەنیازبن لەو ئیئتیلافە بکشێنەوە.

یەکێک لە کێشەکانی تری تورکمانەکان لەگەڵ ئیئتیلافی عێراقییەدا پەیوەندیی هەیە بە کورسییە قەرەبووەکانی ئەو پەرلەمانتارانەی کە دەبنە وەزیر، کە بۆ جێگرتنەوەیان پەرلەمانتاری تورکمان دانراون.

لەوبارەیەوە نەبیل جەربۆ، ئاماژەی بـــەوەدا؛ کە ئیئتیلافی عێراقییە لەو کورسییانەی پەرلەماندا کە دەدرێت بەو پەرلەمانتارە جێگرانەی بوونەتە وەزیر، هیچ تورکمانێکی دانەناوە، سـەرەڕای ئەوەی لەنێوان ئەندامە دەرنەچووەکانی عێراقییەدا عەلی هاشم، کاندیدی بەرەی تورکمانی لە پارێزگای سەڵاحەدین لەنێو دەرنەچووەکاندا زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە.




# پەرلەمانێکی داخراو بە رووی راگەیاندندا

**پێچەوانەی پرەنسیپەکانی راگەیاندنو کاری پەرلەمانتاری، پەرلەمانی کوردستان دەرگا بە رووی رۆژنامەنووسانو کەناڵەکانی راگەیاندندا دادەخاتو وەک بەشێکی پەرلەمانتاران باسی دەکەن، ئازادییەکان بەرتەسک دەکاتەوە، هەربۆیە پەرلەمانتارانی سەرجەم فراکسیۆنەکان، کۆکن لە گرنگی رۆڵی راگەیاندنو بەپێویستی دەزانن کە پەرلەمان زیاتر بە رووی راگەیاندندا بکرێتەوە**

## پەیوەندیی راگەیاندنو پەرلەمان

گرنگترین ئەرکی راگەیاندن بەرامبەر پەرلەمان، دروستکردنی پردی پەیوەندییو گواستنەوەی کارو چالاکییەکانی پەرلەمانتارانو میللەتە، بەو پێیەی پەرلەمان جیاواز لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، نوێنەرەکانی هەڵبژێردراوی میللەتنو پێویستە بەردەوام دەنگدەرو نوێنەرەکان ئاگاداری کارو چالاکیو داواکارییەکانی یەکتربن، بەڵام وەک تێبینی دەکرێت، ئاستەنگەکان بەشێوەیەکن کە ئەو پەیوەندییە وەک پێویست نییە.

عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، ئاماژە بە گرنگیی رۆڵی راگەیاندن دەکاتو لەوبڕوایەدایە کە دیوێکی دیکەی کاری پەرلەمانتارە، بەوپێیەی نوێنەرایەتیی خەڵک دەکاتو بە دەنگی خەڵک هاتووەتە پەرلەمان، «پێویستە خەڵکو دەنگدەر ئاگاداری کارو چالاکییەکانی پەرلەمانتاربن، هەروەها مافی پەرلەمانتارە کە ئەو کارانەی دەیانکات، بیانگەیەنێتە دەنگدەرەکانی، بۆیە لە زۆرێک لە وڵاتاندا زۆربەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانو کۆبوونەوەی لیژنەکانیش پەخش دەکرێن، چونکە کارەکانیان پەیوەستن بە ژیانی خەڵکەوەو هەروەها دەردەکەوێت کە پەرلەمانتار چەند بەوەفایە بەرامبەر دەنگدەرانیو بەرنامەو ئەجێندا سیاسییەکەی، بۆیە دەبێت بەردەوام تیشکی راگەیاندن لەسەر پەرلەمانو پەرلەمانتاران بێت».

ئاسۆ کەریم، وتەبێژی لیستی کوردستانییو سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیرییو راگەیاندن لە پەرلەمانی کوردستان، لەوبڕوایەدایە کە راگەیاندن رۆڵێکی گرنگی هەیە سەبارەت بە پەرلەمانو دەکرێت لەرێیەوە رای گشتیی لە وتووێژەکانیو یاساکانی پەرلەمانو بیرو بۆچوونی پەرلەمانتارانو فراکسیۆنەکان ئاگاداربکرێنەوە، «ئەوە مافی خەڵکیشە کە بزانێت، لە دەزگای نوێنەرایەتیی چی دەگوزەرێت».

لەبارەی نیگەرانییەکانەوە لەنێوان پەرلەمانو کەناڵەکانی راگەیاندنو میدیاشدا، ئاسۆ کەریم وتی: «ئێستا شوێنێک بۆ راگەیاندنکاران دەستنیشانکراوەوهەرکەناڵێکی میدیا بیەوێت دانیشتنەکان وەربگرێتو پەخشی بکات، بەڵام رەنگە کەناڵەکان دەرفەتی ئەوەیان هەبێت، بۆیە پەرلەمان دەبێت هەوڵی ئەوە بدات کە کەناڵێکی خۆی هەبێتو پەخشی راستەوخۆی دانیشتنەکان بکات، ئەوەندەی ئاگادارم، کار بۆ ئەوە دەکرێت».

## پەرلەمانو رێگریی لە رۆژنامەنووسان

هەرچەندە لە خولی رابردوودا بوارێک بە راگەیاندنکاران درابوو، بەڵام دروستکردنی «جۆرێک لە فەوزا» بەهۆی بچووکی هۆڵی پەرلەمانەوە، بووە پاساوێک بۆئەوەی لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە رێگریی لە میدیاکاران بکرێت کە بچنە هۆڵی پەرلەمانو ئامادەی دانیشتنەکان بن، لە ئێستاشدا ژوورێک بۆ رۆژنامەنووسان تەرخانکراوە بۆئەوەی رووماڵی پەرلەمان بکەن، بەڵام ئەو ژوورە بە شیاو دانانرێتو پێویستییەکانی رۆژنامەنووسان پڕناکاتەوەو بە شێوەیەک نییە کە بتوانن سەرجەم زانیارییو دۆکیۆمێنتەکانیان دەستبکەوێتو دیدارو گفتوگۆ بکەن.

پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، لەورووەوە دەڵێت: لە پەرلەمانی کورستاندا، هێشتا تێگەیشتنێک بۆ ئەرکو وەزیفەی راگەیاندن نییە، لەم خولەدا هەموو ئازادییەکان لە رۆژنامەنووس گیراونو راگەیەندنکاران بێبەریکران لە رووماڵکردنی راستەوخۆی کۆبوونەوەکانەوە بەبیانووی سادە کە دەکرا لە دوو هەفتەدا چارەسەر بکرێتو بەشێوازی تەکنیکی نوێ دانیشتنەکان بگوازرانایەتەوە، بەڵام «نیەتێک نەبوو بۆئەوە».

ئەو ئاستەنگانە لەکاتێکدان کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا، مادەو بڕگەیەکی تایبەت بە راگەیاندن نییەو تەنیا ئەوە نەبێت کە لە مادەی (٥٣)دا لە بڕگەی (٢)دا هاتووە، ئەوانەی لە بواری راگەیاندندا کاردەکەن، مافی ئەوەیان هەیە ئامادەی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بن بە ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتیو بە مۆڵەتدان لەلایەن سەرۆکەوە.

لەورووەوە، عەدنان دەڵێت: «ئەوپەیڕەوەی لە ساڵی(١٩٩٢)دا دانراوە، کاتێک بووە کەمترین راگەیاندن هەبووە، بەڵام ئێستا کەناڵەکان زۆرنو دەبێت مافی چەسپێنراو لەبارەی شوێنو زانیارییو ئاسانکاریی بۆ رۆژنامەنووسان هەبێت، چونکە پەرلەمانتارو راگەیاندن دوو دیوی یەک دراون، ئاسانکارییەکان لە ئازادکردن بۆ سەردانیکردنی پەرلەمانو بەشەکانو گفتوگۆکردن دەبێتە جۆرێک لە شەفافییەتو نزیکبوونی پەرلەمان لە خەڵک، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە بەربەست دروستدەکرێتو تا دێت پەرلەمان لە راگەیاندن دوورتر دەکەوێتەوە».

## کەموکوورییەکانی راگەیاندنی پەرلەمان

پەرلەمان، خاوەن بەڕێوەبەرێتییەکی راگەیاندنە کە راستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتیی پەرلەمانەو لە ئێستادا تەنیا سایتێکی ئەلیکترۆنی هەیە، بە بڕوای بەشێکی رۆژنامەنووسانو ئۆپۆزسیۆن، ئەو راگەیاندنە بێلایەن نییەو لەبری ئەوەی رەنگدانەوەی سەرجەم لیستو فراکسیۆنەکان بێت، لایەنداریی بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکات.

هەروەک ئازادکردنی رۆژنامەنووس لەناو تەلاری پەرلەمان، بە داواکردنی دۆکیومێنتەکانو دانیشتنو سەردانی ژوورو وەرگرتنی هەموو ئەو زانیارییانەی دەدرێتە پەرلەمانتاران، جگە لەوەش کراوەبوونی راگەیاندنی پەرلەمان بە رووی سەرجەم لیستەکان بە پێویست دەزانێتو دەڵێت: «تا ئێستا راگەیاندنی پەرلەمان، نوێنەرایەتیی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکاتو لە لە ساتەوەختی جیاوازدا وەک دەزگاکانی تری پەرلەمان نیو بەنیو لەنێوان دوو حیزبی دەسەڵاتداردا دابەشکراوە، کاتێک ئۆپۆزسیۆنی تێدا نەبووەو ئێستا چەند فراکسیۆنێکی ئۆپۆزسیۆن هەیە».

تاریق جەوهەر سارمەمی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پەرلەمان، پێیوایە: لە خولی دووەمەوە راگەیاندن پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، وەک دانانی سایتی پەرلەمانو زیادکردنی کارمەندەکانیو بۆ رۆژنامە وتی: «چالاکییەکانی سەرۆکایەتیو سەرجەم لیژنەکان رووماڵ دەکەینو هەواڵو راپۆرتو بەدواداچوونیان لەسەر ئامادە دەکەین».

هەرچەندە رەتیدەکاتەوە کە لایەنگریی بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان، یان لیستی دەسەڵات بکەنو دەڵێت: «بەپیشەیی کار دەکەینو نامانەوێت ببینە بەشێک لە ململانێی نێوان فراکسیۆنەکانو ئەجێنداو سیاسەتی حیزبەکان، چونکە ئەوان راگەیاندنو کەناڵی خۆیان هەیە، ئێمە تێکستو وێنەو ڤیدیۆ بۆ راگەیاندنی ئەو حیزبانە دەنێرین کە فراکسیۆنیان لە پەرلەمان هەیە»، بەڵام نایشارێتەوەگرنگی بەکارەکانی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەدەنو بۆ ئەوەشی دەگەڕێنێتەوە کە ئەوان تاکە بەڕێوەبەرێتی ناو پەرلەمانن کە سەر بە سەرۆکایەتین، وتیشی: «ئێمە بۆ لایەنێکی سیاسیی کارناکەین، بۆ پەرلەمان کاردەکەین، وەک لیژنەکانو سەرۆکایەتیش هەقی خۆیانە رووماڵی چالاکییەکانیان بکەین، چونکە راگەیاندن سەر بە سەرۆکایەتیی پەرلەمانە».

وتەبێژی فراکسیۆنی کوردستانیی، لەبارەی رای ئۆپۆزسیۆن لەسەر راگەیاندنی پەرلەمان، وتی: «ئۆپۆزسیۆن، ئازادن چ بۆچوونێکیان هەیە لەسەر راگەیاندنی پەرلەمان، بەڵام دەکرێت کاراترو چالاکتر بکرێت بەشێوەیەک کە هەموو لایەک لێی رازی بن».

## چۆن راگەیاندن پێشبخرێت؟

سەرجەم لایەنەکان کۆکن لەوەی کە چاکسازیی لە راگەیاندنی بەڕێوەبەرێتیی راگەیاندن بکرێتو بەرەو پێش ببرێت، بەشێوەیەک کە رەنگدانەوەی سەرجەم پەرلەمان بێتو بڵاوکراوەو رادیۆو کەناڵی خۆی هەبێت.

ئاسۆ کەریم، پێی باشە، زانیاریی زیاتر لەسەر سایتی پەرلەمان هەبن، وەک سەرجەم پرۆژەیاساکان «کە بەداخەوە، تا ئێستا نین، پێویستیشە تا کەناڵی ئاسمانی دەبێت، وتویژەکان لەسەر سایتەکە دابنرێن، هەروەها دەکرێت شتی تر بکرێتو بەیاننامەو هەرشێتێک لەلایەن هەرفراکسیۆنێکەوە دەردەکرێت، لەسەر سایتەکە دابنرێتو بە رووی سەرجەم فراکسیۆنەکان کراوەبێت». وتیشی: «پەرلەمان، چەند کراوە بێت بە رووی راگەیاندندا، هێندە بەسوودتر دەبێتو کراوەش بێت، چونکە دەزگایەکی نوێنەرایەتیکردنە».

سارمەمیش، ئاماژە بە پێویستی گەشەدان بە راگەیاندنی پەرلەمان دەکاتو روونیدەکاتەوە کە لە خولی رابردوودا، پرۆژەیەکیان بۆ ئەو مەبەستە پێشکەش کردووەو وتی: «لە بەرنامەماندایە، رادیۆو بڵاوکراوەیەکی هەفتانەمان هەبێت، جگە لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی، بەڵام دەبێت ئالیەتی کارکردنی ئەوانە رێکبخرێت».


هەروەک عەدنان عوسمان پێشنیازی ئەوە دەکات، کە راگەیاندنی پەرلەمان بڵاوکراوەیەکی هەبێتو کەناڵی راگەیاندنی هەبێت، بەشێوەیەک کادیرەکانی بە لیژنەی پەرلەمانتاری لەسەر لێهاتوویی بێت، نەک کادیرانی حیزبی دەسەڵات، کارکردنیان بێلایەنانە بێتو «کار بۆ پەرلەمان بکەن بەگشتیی».

ئەو، بە پێویستیشی دەزانێت: «وەک سەرۆکایەتیو دامودەزگاکانی تری پەرلەمان، رۆڵی ئۆپۆزسیۆن لە راگەیاندنی پەرلەمان هەبێت، نەک وەک ئێستا کە ئەو سایتەی هەیەتی تا رادەیەک لاوازو تەشریفاتییەو کاری ئۆپۆزسیۆن رووماڵ ناکات، جگە لەوەش هەندێکجار راگەیاندنی پەرلەمان لایەنگیریی دەکاتو وەڵامی فراکسیۆنەکان دەداتەوە کە ئەوە کارێکی سەیرەو جۆرێکە لە سەنگەرگرتن».



راگەیاندنکاران لەکاتی رووماڵکردنی روداوێکدا

# ت پەرلەمان، دووربکەوێتەوە لەوەی کە ببێت بە دەزگایەکی سیاسیی



نیعمەت عەبدوڵا

هەرئەوە نییە تەلارێکی جوانو رازاوە بێت، بەڵکو تاچەند پەرلەمان دەولەمەندەو پڕچەکی مەعریفیو زانستو زانیارییو ئەرشیفەو بە هۆکارەکانی پێشکەوتوو، شارستانی بەڕێوە دەچێتو پەیوەندیی هەڵسەنگاندنو لێپێچینەوەو بەدواداچوونەکانی لە چ ئاستێکدان، ئایا تاچەند شوێنی مەرجەعییەتو رۆڵی وشەی یەکلاییکەرەوەی هەیە (کلمة الفصل) یان دیلو بەندەی دەسەڵاتە؟

**رۆژنامە: بەپێی بۆچوونی تۆ، ئەرکی راستەقینەی دەستەی سەرۆکایەتییو پەرلەمانتارانیش چییە؟**

* بەگشتیی، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، ئەندامی پەرلەمانو سەرۆکی پەرلەمانو جێگرو سکرتێر، پێش هەموو شتێک هەموویان ئەندامی پەرلەمانن، ئەوەندەی هەیە بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان لەلایەن سەرۆکەوەیە کە پێی دەڵێن، قسەکەر یان (speaker)، هەروەها بەڕێوەبردنی کاروباری بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕییو پەیوەندییەکان کە لە ئەستۆی سەرۆکایەتییە، بۆیە ئەگەر پەیڕەوێک بەدەر لەمە هەبێت، پێویستی بە جارێکی تر هەڵسەنگاندنو هەموارکردن، یان گۆڕانکاریی هەیە، پەرلەمان وەک دەزگاکانی حکومەت نییە (رئیسو مرئوس)ی هەبێت، ئەگەر وای لێهات کاروبارەکانی پەرلەمانیش کە گەل چاوەڕێی لێ دەکات، رۆتینو بیرۆکراسی دەیانکوژن.

**رۆژنامە: بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، دەبێت دامەزراوەی پەرلەمان لەلایەن هێزێکی راهێنراوی تایبەت بە خۆیەوە بپارێزرێت، بەڵام تا ئێستا بەو شێوەیە نییەو پەرلەمان خاوەنی ئەو هێزە نییە، هۆکارو چۆنێتیی چارەسەرکردنی، بە رای تۆ چۆنە؟**

* پەرلەمان سەربەخۆییەکەی لەوەدایە کە وەک دەزگایەکی شەرعیی گەل، کاروبارەکانی لەدەست خۆی بێت، مەگەر پێویستی بە هاوکاریی، یان هەماهەنگیی هەبێت، بۆی هەیە داوابکاتو لەمەدا هیچ گرفتێک نییە، بارودۆخی کوردستان هەندێک حاڵەتی سەپاندووە، وەک پرسی ئاسایش وایکردووە، کە پەرلەمان دەست لە هەندێک بەرپرسیاریی خۆی هەڵبگرێتو بیدات بە لایەنێکی تر (حکومەت)، ئەگەر بکرێتو واش دروستە کە پەرلەمان هێزێکی ئاسایشو بەرگریی شارستانی خۆی هەبێت، بە تایبەتی پاراستنی ناو پەرلەمانو هۆڵی کۆبوونەوەکان، لەم هەلومەرجەدا کێشەیەک نابینین کە پاراستنی دەرەوەی پەرلەمان بسپێردرێت بە حکومەت، بێئەوەی کایگەریی هەبێت لەسەر کاروبارەکانی پەرلەمان.

**رۆژنامە: یەکێک لە گرفتەکانی پەرلەمان، بودجەکەیەتی کە بەهۆی ئەوەی پەرلەمانتاران پەسەندی ناکەنو لە پەیڕەودا ئەو مافەیان پێنەدراوە، ساڵانە نیوەی بودجەکەیان دەگەڕێتەوەو خەرج ناکرێت، پێتوایە، دەبێت بە چ ئالیەتێک بودجەی پەرلەمان پەسەند بکرێت، تا شەفاف بێتو پەرلەمانتاران لە ناوەڕۆکەکەی ئاگاداربن؟**

* لەکاتێکدا پەرلەمان چاودێریی حکومەتو لایەنەکانی تری کۆمەڵگە بە ئەرکی خۆی دەزانێت، یان بەدواداچوونی خەرجیی بودجە، لەسەر ئەمانە گفتوگۆ دەکاتو لێپرسینەوە دەکات، کەواتە سەبارەت بە بودجەی پەرلەمان، ئەوا دەبێت زیاتر ئەوە نیشانبدات کە لە ماڵی خۆیەوە دەستپێدەکات تا بتوانێت لە ماڵی خەڵکی تر بپرسێتەوە، بۆیە ئەگەر پەیڕەوی ناوخۆ رێگەی ئەوە نەدات کە پەرلەمانتاران لە بودجەی خۆیان بکۆڵنەوەو بێئاگابن، ئەمە وا دەگەیەنێت کە هێشتنەوەی ئەم نەبوونی دەسەڵاتەی پەرلەمانتاران کە لە پەیڕەوی ناوخۆ جێگەی بۆ نەکراوەتەوە، دەبێتە جێگەی گومانو کەموکوڕیی زۆر لە ئەدای خەرجییەکانو رەنگە ئەمە زیان بە ئەدای پەرلەمان بگەیەنێت کە لەو باوەڕەداین کەس ئەم زیانەی لا قبووڵ نەبێت تا دەگاتە سەرۆکایەتیش.

**رۆژنامە: ئایا هەیمەنەی حیزب چ کاریگەرییەکی لەسەر پەرلەمانی کوردستان دروستکردووە، ئەوە بەهۆکارێک دادەنێیت لە سستکردنی پەرلەمان؟**

* مەسەلەی هەیمەنە، زۆر مەترسیدارە، بەڵام رەچاوکردنی بەرنامەو هەڵبژاردن کە حیزبێک هەیەتی بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵ خراپ نییە، مەرج نییە لە هەموو روویەکەوە پەرلەمان تایبەت بێت بە حیزب، بەڵکو دەبێت حیزب پابەندی پەرلەمان بێت دوای ئەوەی کە یاسایەک، یان بڕیارێک دەردەکات.

سەربەخۆیی لەوەدایە کە ئاراستەی حیزبایەتیی بگۆڕێت بۆ ئاراستەی بەرژەوەندیی گشتییو ئەگەر پاشکۆیی قبووڵ بێت لە هەموو شت، ئەوا دەبێت پەرلەمان بەدەربێت لەم پاشکۆیەتییە، چونکە پێویستە لە بنەڕەتدا هەڵبژاردن لە رێگەی کێبڕکێی شەریفانەوە ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی لە دواییدا پەرلەمانتار دەستی کراوە بێت بۆ گەیشتن بە ئامانج.

# چۆن چاكسازیی لە پەرلەمانی كوردستاندا بكرێت؟

پەرلەمانی كوردستان یەكەمین دامەزراوەی یاسایی‌و تەشریعی هەرێمی كوردستانە.
ئەم دامەزراوەیە كە ئێستا تەمەنی (١٨) ساڵەو سێ خولی هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدراوە، بە رای شارەزایان‌و چاودێران پێویستی بە چاكسازیی‌و گۆڕانكارییە.
(رۆژنامە) بۆ ئەو مەبەستە دۆسیەیەكی لەم بارەیەوە كردووەتەوەو چاوەڕوانی بۆچوونی جدیی‌و رەخنەگرانەی كەسانی شارەزاو چاودێران‌و پەرلەمانتارانە، كە بە تێڕوانینەكانیان دۆسیەكە دەوڵەمەند بكەن.
دۆسیەكە تیشك دەخاتە سەر ئەم بوارانەی كاری دامەزراوەی پەرلەمان:
١- سیستمی بەڕێوەبردنی كارەكانی پەرلەمان (پەیڕەوە ناوخۆییەكەی). ٢- كەسایەتی ئەندام پەرلەمان. ٣- بودجەی ساڵانەی پەرلەمان‌و مووچەی پەرلەمانتاران‌و خانەنشینكردنی سەدان پەرلەمانتار.
٤- پێكهێنانی هێزێكی بێلایەن بۆ پاسەوانیكردنی دامەزراوەی پەرلەمان.
ئامادەكردنی دۆسیە: سەنگەر جەمال

## پەرلەمان وەك دەزگایەكی ئایدیاڵ‌و پەرلەمانی كوردستان

د.دانا سەعید سۆفی *



لە وڵاتێكی دیموكراسیدا، ئەگەر دامودەزگاكان بە شێوەیەكی ئایدیال كار بكەن، زۆربەی دەسەڵاتە گشتییەكان لە خەڵكەوە هەڵدەقوڵێن‌و نوێنەرایەتی سەرەكیی خەڵكیش پەرلەمانی ئەو وڵاتەیە، واتە پەرلەمان لە رێی ئەو رۆڵەی كە نوێنەرایەتی خەڵك دەكات، بڕیار لەسەر پرسە گرنگەكان دەدات، شەرعییەت بە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات دەدات‌و بەدواداچوون دەكات بۆ راستی‌و دروستی ئەو بەڕێوەبردنە، لەم وتارەدا من هەوڵدەدەم لە رێی باسكردنی ئەركی، یاخود چۆنایەتی پەرلەمانێكی ئایدیال، باس لە ئەدای پەرلەمانی كوردستان بكەم وەك دەزگایەك‌و تێبینییەكانم دەكرێ وەك پێشنیار تەماشا بكرێ، بۆ چاكسازیی لە ئەدای پەرلەمانی كوردستان.

یەكێ لە سەرەكیترین ئەركەكانی پەرلەمان دەركردن‌و هەمواركردنی یاسایە، ئەو یاسایانەی كە دەكرێ وەك پەیمانێكی كۆمەڵایەتی سەیریان بكرێ، لەبەر ئەوەی ئەو یاسایانەی كە پەرلەمان بڕیاریان لەسەر دەدا بە مانای رەزامەندیی زۆرینەی ئەندامانی كۆمەڵگەیە، بێگومان بەپێی دیموكراسیەتی نوێنەرایەتی، دیارە سەروەریی پەرلەمان تەنیا لە دەركردنی یاساكان نییە، چۆنایەتی یاساكان گرنگە، بەڵام جێبەجێ نەكردنی یاساكان سەروەریی پەرلەمان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، دیارە لە پەرلەمانی كوردستان یاسا دەردەچن، بێ گوێدانە چۆنایەتی یاساكان، دەتوانین بڵێین؛ بەشێكی زۆر لە یاساكان لە ژیانی رۆژانەی هاوڵاتییان رەنگ نادەنەوە، نەك لەبەر ئەوەی كە یاسای گرنگ دەرناچێ، بەڵكو لەبەر ئەوەی جێبەجێ ناكرێن، هۆكاری جێبەجێ نەبوونی یاساكان بەشێكی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێ یاسا لەوانەیە تەواو گونجاو نەبن لەگەڵ واقیعی كۆمەڵگەی كوردستانی، بەشێكی دیكەی هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ كەمتەرخەمیی دەسەڵاتی جێبەجێكردن، كە نیوەی كەمتەرخەمیی دەسەڵاتی جێبەجێكاریش لە ئەستۆی پەرلەماندایە، چونكە ئەركی پەرلەمانە كە چاودێریی جێبەجێبوونی بڕیارو یاساكانی خۆی بكات.

ئێستائیمە باس لە ئەركی دووەمی پەرلەمان دەكەین؛ كە بەدواداچوون‌و چاودێریكردنی دەسەڵاتی جێبەجێكردنە، كاری چاودێریكردن ئەگەر بەرێكی بەڕێوەبچێ، گەرەنتی ئەوەمان دەداتێ كە ئەو پەیمانە كۆمەڵایەتییەی، یان ئەو یاسایانەی كە لەسەری رێككەوتین ژیانی خۆمانی پێ رێكبخەین، لە پەیوەندییەكانی رۆژانەماندا لەگەڵ دامودەزگاكان رەنگیداوەتەوە، ئەندامانی پەرلەمان بۆ نموونە دەتوانن بەدواداچوون بكەن بۆ پرسێكی دیاریكراو، ئەگەر گومانێك هەبێ لە خراپ جێبەجێكردنی یاساو رێنماییەكان لە لایەن دامودەزگاكانەوە، ئەندام پەرلەمان دەتوانێ پرسیار ئاراستەی وەزیرەكان بكات، هەروەها پەرلەمان دەتوانێ متمانە بكێشێتەوە لە وەزیرێك، ئەگەر سەرپێچیی یاساكانی كردبێت، بێگومان پەرلەمان دەتوانێ لێپێچینەوەش بكات لە چۆنییەتی بەكارهێنانی داهاتی وڵات لە رێی دیوانی چاودێریی داراییەوە، پرسیارەكە ئەوەیە؛ ئایا تا چ ئاستێك پەرلەمانی كوردستان ئەو ئەركەی خۆی بەجێگەیاندووە؟ پەرلەمانی كوردستان بە هۆی زۆر حیساباتی سیاسیی نەیتوانیوە بە تەواوی رۆڵی چاودێریكردن بگێڕێت، لەم خولەدا پرسیاری زۆر ئاراستەی وەزیرەكان كراوە، بەڵام هەموویان لە كاتی یاسایی خۆیان وەڵامیان نەدراوەتەوە، هیچ وەزیرێكیش لەسەر ئەوە بانگهێشتی پەرلەمان نەكراوە، تائێستا لە مێژووی پەرلەمانی كوردستاندا متمانە لە هیچ وەزیرێك نەكێشراوەتەوە، لە كاتێكدا بەپێی بوونی سەرپێچیی یاسایی زۆر دەبوایە پەرلەمان ئەو دەسەڵاتەی خۆی بەكاربهێنێت، پەرلەمان بە شێوەیەكی گشتیی نەیتوانیوە لێپێچینەوەی تەواو بكات لە سەرپێچییە یاساییەكانی دەسەڵاتی جێبەجێكردن‌و خراپ بەڕێوەبردنی وڵات، ئەم دەسەڵاتە بە شێوەیەكی روون لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە، بەڵام كە پەیڕەوی نەكراوە پەیوەندیی بەوەوە هەیە، كە پەرلەمان بە شێوەیەكی موئەسەساتی لە چاودێریكردن‌و لێپێچینەوەی حكومەتدا كاری نەكردووە، پێشنیاری من ئەوەیە پەرلەمان دەبێ وەك دامەزراوەیەك كار بكات بەپێی پەیڕەوی ناوخۆیی‌و دوور لە حیساباتی سیاسیی‌و هەژموونی حیزبی لەو شوێنانەی كە پەیوەندیی بە بەڕێوەبردنی كارو ئەركەكانی پەرلەمانەوە هەیە، وەكو دەزگا.

ئەركێكی تری پەرلەمان بڕیاردانە لەسەر پێشنیاری حكومەت بۆ بودجەی وڵات، پەرلەمان لەڕێی موسادەقەكردنی بودجەوە هەموو ساڵێك هەوڵدەدات بەشێوەیەكی یەكسان‌و دادپەروەرانە داهاتی وڵات دابەش بكات، بەشێوەیەك كە حیساب بۆ ناوچە جیاجیاكان، سێكتەرە جیاجیاكان‌و چین وتوێژە جیاجیاكان بكات، دواتریش لە ریی دیوانی چاودێری داراییەوە موتابەعەی شێوازی خەرجكردنی ئەو داهاتە بكات، لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠) گفتوگۆیەكی زۆری پێشنیاری بودجە كرا، تا ئەندازەی موبالەغەكردن‌و دووركەوتنەوە لە خودی پێشنیارەكە، بە هەرحاڵ گفتوگۆكان لایەنی ئیجابی زیاتر بوو بۆ خودی ئەدای پەرلەمان، بەڵام دواتر موتابەعەی چۆنییەتی خەرجكردن نەكراوەو پرسیار نەكراوە بۆ زیاد لە پێویست كورتهێنانی دارایی هەیەو سنووری خەرجییەكان بەزێندراوە، ئەمە بێجگە لەوەی كە تائێستا میكانیزمێك نەدۆزراوەتەوە بۆ چارەسەركردنی گرفتی دواكەوتنی پێشنیاری بودجە لە كاتی خۆی، پەرلەمان‌و حكومەت دەبێ چارەسەرێكی یاسایی بۆ ئەو گرفتە بدۆزنەوە، چونكە پێشكەوتنی ئابووریی‌و ژێرخانی ئەو وڵاتە پەیوەندیی بە باش بەكارهێنانی داهاتی نیشتیمانییەوە هەیە، ئەگەرچی بەشێكی گرفتەكە پەیوەندیی بە حكومەتی فیدراڵییەوە هەیە، بۆ چارەسەركردنی ئەو گرفتە دەكرێ وادەی پێشكەشكردنی بودجە بگۆڕدرێ، یان لە كاتی یاسایی خۆیدا پێشكەش بكرێت، بەڵام خەرجییەكان بە نیسبەتی لە سەدا دابنرێت، بۆ ئەوەی چاوەڕوانی بەغدا نەكەین چۆن پشكی هەرێم دیاری دەكەن.

ئەركێكی دیكەی گرنگی پەرلەمان كە لە هەرێمی كوردستان فەرامۆشكراوە، بڕیاردانە لەسەر سیاسەتی دەرەوە، پەیوەندییەكانی وڵات‌و سیاسەتی دەرەوەش دەبێ بە پەرلەماندا تێبپەڕن، بۆ ئەوەی شەرعییەت وەرگرن، لێرەدا مەبەست ئەوەیە كە پەرلەمان وەكو نوێنەرایەتی خەڵك دەبێ رۆڵی هەبێ لە پەیوەندیی‌و سیاسەتە چارەنووسسازەكاندا، بۆ نموونە چۆنییەتی مامەڵەكردنمان لەگەڵ حكومەتی مەركەزیداو لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی، هەروەها مەسەلەی هاوپەیمانێتییەكان لەگەڵ لایەن‌و وڵاتانی دەرەوە، ئەمانە هەمووی پێویستی بەو شەرعییەتەوەیە كە لە لایەن پەرلەمانەوە دەتوانرێ بەدەست بێت، بۆ ئەوەی پەرلەمان رۆڵی هەبێ لە رەنگڕێژكردنی سیاسەتی دەرەوەو پەیوەندییەكان، پێویستە پەرلەمان رۆڵی مەرجەعیەتی بۆ بگێڕدرێتەوەو پرسە چارەنووسسازەكان دواجار بە پەرلەماندا تێبپەڕن، ئەوكاتە هەم سەروەریی پەرلەمان بەهێزتر دەبێ‌و هەم پەیوەندییەكان‌و سیاسەتی دەرەوەمان شەرعیتر دەبن.

هەندێ جار باس لە پشوو و دەوامكردنی پەرلەمان، یان پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەكرێ بۆ چاكسازیی لە ئەدای پەرلەمان، بە باوەڕی من گرفتەكە لە دەوام‌و پشووی پەرلەماندا نییە، بەقەد ئەوەی لەكاتی دەوامی یاسایی خۆیدا چ كارێك ئەنجام دەدرێت، من پێموایە؛ كاتەكانی دەوام‌و پشوو مادام بە یاسا رێكخراوە دەبێت پەیڕەوی بكرێت، بەڵام نابێت ئەوەش لەیاد بكەین كە كاری پەرلەمانتاری فلێكسیبلەو ئەو كاتانەی كە پەیوەندیی بە كۆبوونەوەو گفتوگۆی پرۆژەیاساكانەوە هەیە پێویست بە ئامادەگی دەكات، كاتەكانی دیكە پەرلەمانتار پێویستە بۆ بەدواداچوون‌و لێكۆڵینەوەی تەرخان بكات، كە بە زەروورەت مەرج نییە لە بینای پەرلەمان، یان ئۆفیسی پەرلەمانتاران بێت، بە كورتییەكەی پەرلەمان وەزارەتخانەیەك نییە.

ئەوەی پەیوەندیی بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە هەیە، بێگومان پێویستی بە هەمواركردنە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە كە كەموكوڕییەكانی خۆمان بخەینە ئەستۆی ئەو پەیڕەوی ناوخۆیەو پێمانوابێ كە لەگەڵ هەمواركردنی ئیدی پەرلەمان وەك سەعات ئیشدەكات. ئەگەر ئەو پەیڕەوی ناوخۆیەی ئێستای پەرلەمان كە كەموكوڕی زۆری تیایە، وەك خۆی پەیڕەو بكرایە، ئەدای پەرلەمان زۆر باشتر دەبوو لە ئێستای، بەڵام گرفتەكە لەوەدایە كە یاساكان، نەك تەنیا لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێكردنەوە بە تەواوی پەیڕەو ناكرێن، بەڵكو لە لایەن خودی دەزگای یاسادانانیشەوە. پرۆژەیاساكان لە كاتی یاسایی خۆیان لە لیژنەكان تاوتوێ ناكرێن، راپۆرتی لیژنەكان دوادەكەون، وەڵامی راپۆرتی لیژنەكان لە سەرۆكایەتی دوادەكەوێ، یان نایەتەوە، پرۆژەیاسای زۆر كرچوكاڵ رەوانەی لیژنەكان دەكرێت، یان دەخرێتە بەرنامەی كارەوە كە دەزانرێ دواتر چارەنووسیان رەتكردنەوەیە، كاروباری لیژنەو فراكسیۆنەكان تێكەڵ بە یەك دەكرێن، بەشێك لە پرسیارەكانی پەرلەمانتاران لە بنەڕەتدا پرسیار نین. پەرلەمانتاران لە گفتوگۆو دانیشتنی پەرلەماندا قسەی یەكتر دووبارە دەكەنەوەو خوتبەو محازەرە دەدەن لەبری تەركیزكردنە سەر بابەتەكە، ئەمانەو زۆر كەموكوڕی دیكە ئەدای پەرلەمانیان لاواز كردووە، دیارە بەشێكی ئەو كەموكوڕییانە چارەسەركراون لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بەڵام ئەگەر پەیڕەو بكرێت، بەڵام زۆر ئەركو دەسەڵاتیش هەیە پێویستییان بە روونكردنەوەو هەمواركردن هەیە.

دواجار ئەوەی من دەمەوێ باسی بكەم؛ ئەركو دەسەڵاتی لیژنەكانە، لەبەر ئەوەی لیژنەكان پەرلەمانێكی بچووككراوەن‌و تاوتوێكردنی پرۆژەیاساكان بە لیژنەكاندا تێدەپەڕێت، بە هۆی نەبوونی بەرنامەیەكی رێكوپێك بۆ رەوانەكردنی پرۆژەیاساكان بۆ لیژنەكان هەندێ لیژنە پرۆژەیاسایەكی زۆریان بۆ دەچێ، كە توانای ئامادەكردنی راپۆرت لەسەریان زەحمەت دەبێ لە كاتی یاسایی خۆیدا، لە كاتێكدا هەندێ لیژنە بۆ ماوەیەكی زۆر هیچ پرۆژەیاسایەكیان لا نییە بۆ تاووتوێكردن. پێویستە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لەوبارەیەوە هەموار بكرێت، بە جۆرێك كە لیژنەكان كۆمەڵێ پرۆژەیاسایان بە یەكجار بۆ نەچێت، بەڵكو یەك لە دوای یەك، بۆ ئەوەی راپۆرتی لیژنەكان لە كاتی خۆی ئامادە بێ‌و بخرێتە بەرنامەی كار، ئێستا بە هۆی رۆتین‌و بیرۆكراتییەتی ئیداریی لیژنەكان ناتوانن بە خێرایی پەیوەندیی بە وەزیرو وەزارەتەكانەوە بكەن، هەر بۆیە ناتوانن ئەركی لێپێچینەوە بە باشی ئەنجام بدەن، ئەمەش بە هۆی ئەوەی كە پەیڕەوی ناوخۆ ئەو دەسەڵاتەی نەداوە بە لیژنەكان، یان سەرۆكایەتی لیژنەكان، كارەكان خێراتر بەڕێوەدەچن، ئەگەر لیژنەكان راستەوخۆ پەیوەندیی بە وەزیرو وەزارەتەكانەوە بكەن، ئەو كاتە رای حكومەت لەسەر پرۆژەیاساكان زووتر وەردەگیرێنەوەو كاری چاودێریكردنیش مەجرای خۆی وەردەگرێت، لە كۆتاییدا دەڵێم؛ ئەگەر پەرلەمان چاكسازیی لە كاروبارەكانی خۆیدا بكات، كاریگەریی لەسەر ئەدای حكومەتیش دەبێت، بۆیە بۆ پتەوتركردن‌و بنیاتنانی دیموكراسی، بۆ باش بەڕێوەبردنی وڵات پێویستیمان بە پەرلەمانێكی كارا هەیە، لەو روانگەیەوە دەبێ چاكسازییەكان دەست پێبكەین.

*دكتۆرا لە كۆمەڵناسی، زانكۆی ستۆكهۆڵم، ئەندامی پەرلەمان، سەرۆكی لیژنەی كۆمەڵی مەدەنی

danasofi@hotmail.com

## سەرۆكی یەكێتیی پەرلەمانتاران: هەیمەنەی حیزب زۆر مەترسیدارە، دەبێ

**نیعمەت عەبدوڵڵا، سەرۆكی یەكێتیی پەرلەمانتاران لە كوردستان، لەم دیدارەدا تیشك دەخاتە سەر خاڵەكانی دۆسیەكەو بیروبۆچوونەكانی لەبارەی چۆنێتیی چاكسازیی لە پەرلەمانی كوردستان دەخاتەڕوو.**

**رۆژنامە: بە بۆچوونی بەڕێزتان، دامەزراوەی پەرلەمانی كوردستان، پێویستی بە چ جۆرێك لە چاكسازیی هەیە؟**

* پەرلەمان وەك دەزگایەكی یاسادانەرو بڕیاردەر لە پرسە هەستیارەكان، هەمیشە پێویستی بە چاكسازیی هەیە لە كاروباری وڵات بۆ ئەوەی هاوكێشەو رەهەندەكان بەلای بەرژەوەندیی گشتیدا بكشێنێتەوە بە قازانجی كۆمەڵگە بە هەموو چین‌و توێژەكانییەوە، خۆی كێشەكە لەوەدایە، ئەگەر پەرلەمان پێویستی بە چاكسازیی‌و ریفۆرم هەبوو، ئەمە هەر بە خودی پەرلەمان دەكرێت بۆ ئەوەی ئەركو دەسەڵاتەكانی بە باشترین شێوە بەڕێوە ببات، كە بریتییە لە: پێشكەشكردنی پرۆژەیاساو دەركردنی، متمانەدان بە حكومەت، وەرگرتنەوەی متمانە لێی، پەسەندكردنی بودجە، لێپرسینەوەو لێپێچینەوەو بەدواداچوون، چاودێریی حكومەت، هەندێك لە وەزیفەكانی دەرەوەی یاسادانان، بڕیاردان لەسەر پرسەچارەنووسسازەكان‌و هتد... ئەم كارانە پیویستیان بە بناغەیەكی پتەوی كاركردن هەیە، ئەویش لە رێگەی پەیڕەوی ناوخۆو دەسەڵاتەكانی سەرۆكایەتیی پەرلەمان‌و لیژنە هەمیشەییەكان.


دەبێت پەرلەمان دوور بكەوێتەوە لەوەی كە ببێت بە دەزگایەكی سیاسیی، یان شوێنی ململانێ‌و ركابەریی بەرژەوەندییە تەسكەكان.

**رۆژنامە: پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە یەكەم خولی پەرلەمان دانراوەو ئێستا (١٨)ساڵ تێدەپەڕێت‌و پەرلەمانی كوردستان لە خولی سێیەمیدایە، تا چەند گونجاوە كار بەو پەیڕەوە كۆنە بكرێت، ئایا گرفتەكانی لە كوێدا دەبینیت؟**

* پەیڕەوی ناوخۆ، پێویستی بە گۆڕین، یان دەستكاریی هەیە، جاری وا هەیە هەر خولەو پەیڕەوێكی دەبێت، چونكە هەلومەرجەكانی كاركردن بەپێی كات‌و رۆژگار دەگۆڕێن، ئەمەش وا دەكات، بەرنامەی كاركردنیش لەگەڵیدا بگونجێت، ناكرێت كار پەیڕەوێك بگرێت ئەگەر لە ئاست گۆڕانكارییەكانی زانستی‌و ئابووریی‌و تەكنەلۆژیی‌و سیاسیی نەبێت، بە رەچاوكردنی مەسەلەكانی دیموكراسی‌و فراوانبوونی مەودای ئازادییەكان بە تایبەتی لەسەر پێشهات‌و رووداوە بەپەلەو نەخوازراوەكان، دەبوایە خولی دووەمی پەرلەمانی كوردستان لە سەرەتای دەستبەكاربوونییەوە، ئەم ئەركەی جێبەجێ بكردایە بۆ پێداچوونەوە بە پەیڕەوێك كە (١٨)ساڵی بەسەردا تێپەڕیبێت، پەلەكردن لەسەر پەیڕەوێكی تر، نەوەك هێشتا زووە، بەڵكو زۆر درەنگە بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر هەر رێگرییەكی لەبەردەمدا هەبێت، بەشێوازێكی نوێی كاركردن سوود بە پەرلەمان‌و داخوازییەكانی گەل بگەیەنێت.

**رۆژنامە: زۆرترین گرفت‌و ئاستەنگ لە بەردەم پەرلەمان‌و ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان پەیڕەوی ناوخۆیە، بۆچی پەرلەمانتار وەك پێویست خاوەن دەسەڵات‌و را نییە، لەكاتێكدا نوێنەری هەزاران دەنگە، چی بكرێت بۆئەوەی پەرلەمانتار خاوەن كەسایەتی بەهێز بێت لەناو پەرلەماندا؟**

*كەسایەتیی بەهێزی پەرلەمانتار، خۆی لەوەدا دەبینێت‌و دەوەستێتەوە كە لە رێگەی هەڵبژاردنەوە هاتووەو دەنگی گەلی پێیە، ئەم دەنگەش لەناو دەزگایەكی بەهێزە كە پەرلەمانە، واتە دوو هێزی لەگەڵدایە، هێزی گەل‌و هێزی دەزگا، ئەمانە زۆر گرنگن‌و گرەنتی كەسایەتیی بەهێز لەوەدایە، ئەگەر پەرلەمانتار خۆی ئەم هێزەی تیدا نەبێت كە بتوانێت سوود لەو دوو هێزە وەربگرێت‌و فەلسەفەی پەرلەمان‌و فەلسەفەی خۆی تێكەڵوپێكەڵ بكات، ئەمە وا دەگەیەنێت كە ئەو پەرلەمانتارە، یان ئەو لایەنەی پەرلەمانتارەكەی گەیاندووەتە پەرلەمان، میللەتیان بە هەڵەدا بردووە. جیاواز لە دامودەزگا حكومی‌و كۆمەڵایەتی‌و ئەكادیمی‌و كەلتوورییەكان، پەرلەمان كاروبەرنامەی خۆی هەیە، ئەویش لە رێگەی وەرگرتنی شەرعییەت لە خەڵكەوە بەوەی راستەوخۆ بە شێوەی دروست‌و شیاو كۆمەڵگە ئاراستە دەكات‌و پەیوەستە بە ژیان‌و گوزەران‌و بەڕێوەبردنی تەواوی دەزگاكانی، چونكە ئەگەر دەستوور دایكی یاساكان بێت، ئەوا پەرلەمان شوێنی لەدایكبوونی دەستوورە (مسقط رأس).



پەرلەمان بەرپرسیارێتیی كاریگەرو گرنگی هەیە، بۆیە پێویستە ئەندامەكانیش لەئاست ئەم ئەركەو بەرپرسیارێتییەدابن‌و تەواوكەری یەكتر بن، بە مەبەستی رێكخستنی كاروباری خەڵك‌و حكومەت. پەرلەمان

## چوار ساڵە دەڵێن كارەبا چارەسەر دەكەین

# حكومەت بەڵێنێكی تریشی نەبردەسەر







راپۆرتی: رۆژنامە

**حكومەت كەمتر لە نیوەی پێداویستیی هاوڵاتییان كارەبای بۆ دابین دەكرێت، لەكاتێكدا سەرۆكی حكومەت‌و وەزیری كارەبای پێشووش لە سالی (٢٠٠٩)وە كۆتاییهێنان بە كێشەی كارەبایان راگەیاند.**

لە ئێستادا وەزارەتی كارەبا توانای دابینكردنی تەنیا (١٢٠٠)مێگاوات كارەبای هەیە، لەكاتێدا ئاستی داواكاریی خەڵك بۆ كارەبا زیاتر لە (٢٣٠٠)مێگاوات كارەبایە، وتەبێژی وەزارەتەكەش ئاشكرای دەكات، كە «لە خوار ئاستی داواكاریی خەڵكەوەن بۆ كارەبا».

### بەڵێنی گەورەی بێ ئەنجام

چوار ساڵ پێش ئێستاو لە سەرەتای سالی (٢٠٠٧) لە بەردەم پەرلەمانی كوردستاندا هۆشیار سیوەیلی، وەزیری پێشووی كارەبا، بەڵێنی بە پەرلەمان‌و هاوڵاتییان دا، كە لە ناوەڕاستی سالی داهاتوو (٢٠٠٨)، كێشەی كارەبا چارەسەر بكات.

لە كاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەكانی سالی (٢٠٠٩)یش حیزبە دەسەڵاتدارەكان «كۆتاییهێنان بە كێشە»ی

## حكومەت كەمتر لە نیوەی پێداویستی كارەبای بۆ دابین دەكرێت

كارەبایان راگەیاند: رۆژی ٢٠٠٩/٧/٩ هۆشیار سیوەیلی، وەزیری پێشووتری كارەبای هەولێر لە چاوپێكەوتنێكی رۆژنامەی خەباتدا رایگەیاند: «كابینەی پێنجەم كۆتایی بە كێشەی كارەبا هێنا» رۆژی دواتریش وەك بەشێك لە بانگەشەی هەلبژاردن نێچیرڤان بارزانی، وێستگەی (٥٠٠) مێگاواتی كارەبای كردەوەو رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٣یش بەردی بناغەی وێستگەی كارەبای (٦٠٠)مێگاواتی (هەلمی خەباتی) دانا، لە رۆژانی ٩-٢٠٠٩/٧/١٤یش هەمان رۆژنامە بە چوار بەش چاوپێكەوتنی لەگەڵ هۆشیار سیوەیلی، وەزیری كارەبا ئەنجامدا، بە ناونیشانی: (بەری خۆر بە بێژنگ ناگیرێت.. پرۆژەكان دەدوێن)، سیوەیلی، كۆتایهێنان بە كێشەی كارەبای راگەیاند.

دوای ئەو هەموو بەڵێنە لە ئێستادا كەمتر (٥٠٪)ی كارەبا بۆ هاوڵاتییان دابین دەكرێت، بە (٨) سەعات كارەبای موەلیدەشەوە نزیكەی (٢٠) سەعات كارەبا بە شێوەیەكی «پچڕپچڕو نارێك» دابین كراوە.

**دیار بابان، وتەبێژی وەزارەتی كارەبای حكومەتی هەرێم** بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە ئێستادا (١٢٠٠) مێگاوات بەرهەممان هەیە، بە بەراورد لەگەڵ سالی رابردوو نزیكەی (١٠٠٠) مێگاوات بەرهەممان هەبووە، ئاستی بەرهەمهێنانی ئەمساڵ زیاترە لە پار، بەڵام خواست‌و داخوازیی هاوڵاتییان بە شێوەیەكی بەرچاو زیادی كردووە، پار ئەم كاتە پێویستی كارەبا بۆ هەر سێ پارێزگاكە نزیكەی (١٧٠٠) مێگاوات كارەبا بوو، ئەمساڵ گەیشتووەتە (٢٣٠٠) مێگاوات كارەبا، لە سالی رابردووەوە نزیكەی (٥٠٠) مێگاوات ئاستی داواكاریی كارەبا زیادی كردووە، بەڵام لە كاتێكدا ئێمە نزیكەی (١٠٠-١٥٠) مێگاوات كارەبا بەرهەممان زیادی كردووە. بۆیە ئێمە لە خوار ئاستی خواستی هاوڵاتییانەوەین بۆ بەرهەمهێنانی كارەبا، نزیكەی (٩٠٠-١٠٠٠) مێگاوات كەمترمان هەیە لە داخوازیی هاوڵاتییان.

ئەو كارەبایەی كە ئێستا دەدرێتە هاوڵاتییان، كەمتر لە (١٢) سەعاتەو (٨) سەعات كارەبای موەلیدەش بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییەكانی خەڵكە لەناو شاری سلێمانیو لە قەزاو ناحییەكانی دەوروبەری سلێمانی كەمتر لەو رێژەیەش كارەبا دەدرێتە هاوڵاتییان.

**یاسین حەسەن، بەڕێوەبەری گشتیی كۆنترۆڵو گەیاندنی كارەبا** لە لێدوانێكی رۆژنامەونیدا ئاشكرای كرد: «سەعاتەكانی پێدانی كارەبا لەنێوان (١٢-١٣) سەعاتدا دەبێت‌و رۆژانە موەلیدە ئەهلییەكانیش پێداویستییەكانی دیكە پڕ دەكەنەوە، بەمشێوەیە رۆژی یەكەم سەعات (٩-١٢)ی پێشنیوەڕۆ (٤-٨)ی ئێوارەو رۆژی دووەمیش (١٢-٤)ی عەسرو (٨-١)ی شەو.

### بەرهەمی كەم‌و داخوازیی زۆر

دەربارەی كەمبوونەوەی سەعاتەكانی كارەباش وتەبێژی وەزارەتی كارەبا وتی: «راستە بەرهەم زیادی كردووە، بەڵام داخوازییەكان زۆر زیاتر كردووە لەو بڕەی كە هەیە».

هەرێمی كوردستان لە ئێستادا خاوەنی سێ وێستگەی بەرهەمهێنانی كارەبایە لەگەڵ هەردوو سەرچاوەی بەنداوی دووكان‌و دەربەندیخان‌و ئاستی بەرهەمهێنان بەمشێوەیەیە: وێستگەی (٧٥٠) مێگاواتی چەمچەماڵ چوار یەكەی كار دەكات‌و توانای بەرهەمی (٤٥٠) مێگاواتەو (٢٤) كاتژمێر كار دەكات، بڕیاریشە لە دوومانگی داهاتوودا دوو یەكەی دیكەی بكەوێتە كار. وێستگەی (٥٠٠) مێگاواتی هەولێر هەر چوار یەكەكەی لەكاردایەو نزیكەی (٥٠٠) مێگاوات بەرهەم دەهێنێت. وێستگەی (٤٠٠) مێگاواتی دهۆك تەنیا یەك یەكەی كار دەكات‌و توانای بەرهەمهێنانی (١٢٥) مێگاوات‌و بڕیارە هەفتەی داهاتوو یەكەكەی دیكەی‌و مانگی ئازارو نیسانیش هەردوو یەكەكەی دیكەی بكەوێتە كار.

هەردوو وێستگەی كارۆئاوی دووكان‌و دەربەندیخان هیچ بەرهەمێكیان نییە، كە ئاستی بەرهەمی راستەقینەی خۆیان (٦٥٠)مێگاواتە، هیچ بڕێكیش لە كارەبای نیشتمانیی عێراقەوە نادرێتە هەرێم.

جگە لەوەش لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٢ بەردی بناغەی وێستگەی كارەبای هەڵمی (٦٠٠)مێگاواتی خەبات دانرا، كە لە لایەن كۆمپانای (KNCO)وە جێبەجێ دەكرێت، كە بڕیارە ئەو وێستگەیەش لە دوو سالی داهاتوودا بە تەواوەتی بكەوێتە كار.

### كوردستان كارەبای پێویستی نەبووە

بەپێی ئەو شەش گرێبەستەی كە حكومەت لە سالانی (٢٠٠٧-٢٠٠٨) ئەنجامیداوە، دەبوو لە سالی رابردووەوە هەرێمی كوردستان خاوەنی (٢٠٠٩) مێگاوات كارەبا بوایە، جگە لە بەرهەمی هەردوو وێستگەی كارۆئاوی دووكان‌و دەربەندیخان‌و كارەبای بەشە كارەبای نیشتمانیی عێراق، لە كاتێكدا بەرزترین ئاستی پێداویستی هەرسێ پارێزگاكە لە (١٧٣٧) مێگاوات كارەبا لە سالی (٢٠٠٨) تێپەڕی نەدەكرد.

سالی (٢٠٠٥) بەرزترین ئاستی پێداویستی هەرێمی كوردستان بۆ هەرسێ پارێزگاكە (١٤٤) مێگاوات بووە، سالی (٢٠٠٦) بەرزترین ئاست (١١٩٧) بووەو سالی (٢٠٠٧)یش (١٧٣٧) بووە، بە وتەی وەزیری كارەبا لە نێوان سالی (٢٠٠٥) بۆ سالی (٢٠٠٧) رێژەی (٤٥٪) داواكاریی كارەبا زیادی كردووە، سەرەڕای ئەوەی ئاستی بەرهەم جێگیربووەو ئەو بڕە كارەبایەی لە تۆڕی نیشتمانیی عێراقەوە هاتووە، كەمیكردووە.

| وێستگە | یەكە | توانای بەرهەم (مێگاوات) | بەرهەمی ئێستا | داهاتوو |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| هەولێر | 4 | 500 | 500 | – |
| چەمچەماڵ | 6 | 750 | 450 | 250 |
| دهۆك | 4 | 450 | 125 | 325 |
| دوكان+ دەربەندیخان | 2 | 650 | سفر | – |
| هەلمی خەبات | 4 | 600 | سفر | 600 |
| نیشتمانی عیراقی | 1 | دیارینەكراو | سفر | – |
| كۆی گشتی | | | 1200-1000 | 2850 مێگاوات |









كارەبای نیشتمانیو موەلیدە خەمی هەموو كەسێكە جگە لە بەرپرسان

فۆتۆ: رۆژنامە

واسیتەچییەکان ناهێڵن مامۆستایان بە یەکسانی دابەشبن 16

راقەی بودجە

# ئۆتۆمبێلو قوتابخانە



عەلی حەمەساڵح

هەموو حکومەتێک بۆ راییکردنی کارەکانی پێویستی بە ئۆتۆمبێلە، بەڵام نابێت کڕینی ئۆتۆمبێل لە ئەولەوییەتی کارەکانی حکومەت بێت، بە تایبەت ئەگەر حکومەتێک ئۆتۆمبێلێکی زۆری ڕۆژانە بۆ کاری کەسیی بەکاربێنێتو لە بودجەی گشتیش ئۆتۆمبێل بۆ خەڵکی حیزبیی بکڕێت..

ئۆتۆمبێلو قوتابخانە، کامیان ئێستا بۆ هاوڵاتییانی کوردستان پێویستن، هەڵبژاردنی ئەم دوو پێویستییە بۆ بەراوردکاریی، هەوڵدانە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە ئایا حکومەت پلانی هەیە لە خەرجییەکانیدا یاخود نا؟ ئەگەر نەیزانیوە کە تائێستا دەیان قوتابخانە لە ماڵاندانو دەیان قوتابخانەش بە سێ دەوامی لە یەک بینادا سیستمی سویدی دەخوێنن، ئەی چۆن پێشووتر دەیوت لە بێ پارەییدا ناتوانین قوتابخانە دروستبکەین؟ با بزانین حکومەت کڕینی ئۆتۆمبێلی لا گرنگە، یان دروستکردنی خوێندنگە.

ئەگەر تەنیا ساڵی (٢٠٠٩)وەربگرین، حکومەتی هەرێمی کوردستان (٣٥)ملیارو (٥٨٤)ملیۆن دیناری بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل خەرجکردووە، کە (٦) ملیار دیناری ئەو پارەیە بۆ ئۆتۆمبێلی (مواصفات خاصە) بووە، کە لای هەموو هاوڵاتییەک روونە ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلە بۆ کێیە، هیچ کام لەم ئۆتۆمبێلانە بۆ پەرلەمانتارانیش نەبووە، چونکە پەرلەمانتاران لە ساڵی (٢٠١٠)دا ئۆتۆمبێلیان بۆ کڕدرا، بەم پارەیە کە (٢٩)ملیۆنو (٨٣١) هەزار دۆلار دەکات، دەتوانرێت(١٤)هەزارو (٩١٥) ئۆتۆمبێل بکڕدرێت، ئەگەر نرخی هەر ئۆتۆمبێلێکیش (٢٠)هەزار دۆلار بێت.

لە هەمان ساڵدا، (١٦)ملیارو (٢٧٥)ملیۆن دینار کە (١٣)ملیۆن دۆلار دەکات، لە چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلدا خەرجکراوە کە هەر ئۆتۆمبێلێکیش هەزار دۆلاری بۆ خەرجکرابێت، واتە حکومەتی هەرێم (١٣) هەزار ئۆتۆمبێلی بەو پارە چاککردووەتەوە، ئایا حکومەت لە یەک ساڵدا (١٣)هەزار ئۆتۆمبێلی خراپ دەبێت؟ ئەگەر ئۆتۆمبێل تەنیا کاری حکومەتی پێبکرێتو لەپاش دەوامی فەرمیی بۆ کاری تایبەت بەکارنەیەت، بۆ (١٣) هەزار ئۆتۆمبێلی تێکدەچێت؟ ئەوەی جێگای سەرنج بوو بۆ من، پارەیەکی زۆر لە کرێی ئۆتۆمبێلدا خەرجکراوە، (١٤) ملیارو (٢٢٠)ملیۆن دینار بۆ کرێی ئۆتۆمبێل خەرجکراوە، لە کوێ هەیە بۆ هەرێمێکی سێ شاریی (١١)ملیۆنو (٩٤٩) هەزار دۆلار لە ساڵێکدا بدرێتە کرێی ئۆتۆمبێل، لە کاتێکدا تۆ لە هەمان ساڵدا (٤٦) ملیۆن دۆلارت دابێت بە کڕینو چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل؟ ئەگەر هەر ئۆتۆمبێلێکیش بە (٢)دەفتەر بکڕدرێت لە یەک ساڵدا پارەی کڕینی (٥٩٧) ئۆتۆمبێل بدرێتە کرێی گواستنەوە، ئایا چ لۆجیکێک رێگا بەمە دەدات؟

بەپێی ئەو ژمارانەی کە لە سەرەوە خستمانە روو، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەک ساڵدا (٦٦)ملیارو (٧٩) ملیۆن دیناری لە ئۆتۆمبێلدا خەرجکردووە.

بەپێی زانیاری باوەڕپێکراوو چەندین بەڵگەنامە، لە بودجەی گشتیی خەڵکی کوردستان چەندین ئۆتۆمبێل بۆ بەرپرسی حیزبی یەکێتیو پارتیو ژنی بەرپرسانی حیزبیی کڕدراوە، ئەوەی بەلای منەوە جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەرێم بە شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ موڵکی حکومەتدا دەکەن بە موڵکی خۆیانی دەزانن، نەک هاوڵاتییان، چۆن؟

بەشێکی ئەو وەزیرانەی کە لە کابینەکانی پێش ئێستادا وەزیر بوون، پاش ئەوەی لە کارەکانیان نەمان، ئەو ئۆتۆبیلانەی کە پێشووتر لە خزمەتیاندا بووە، وەک وەزیر پاش وەزیریش هەر لە خزمەتیاندا بووە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک لە کابینەی چوار، یان پێنج، وەزیری پەروەردە بووبێت، ئەوا ئێستاش ئەو ئۆتۆمبێلە بە ژمارەی وەزارەتی پەروەردەوە لای هەمان کەسە، واتە هاوڵاتی ئاسایی ئێستا ئۆتۆبیلێکی وەزارەتی پێیە بە ژمارەی وەزارەتەوە.

پێشووتر حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی ئەو رەخنانەی بە شێوەیەک دەدایەوە کە باسیان لە نەبوونی قوتابخانە دەکرد، گوایە حکومەت پارەی نییە قوتابخانە دروستبکاتو بەوپەڕی فشارکردنەوە لە خۆی ئەمەی کردووە، بەڵام ئەمە جگە لە چەواشە، هیچی دیکە نییە، چونکە ئەو پارانەی بۆ ئۆتۆمبیل خەرجکراوە لە ساڵێکدا، زۆر زیاترە لەو پارانەی کە لە هەمان ساڵدا بۆ دروستکردنی قوتابخانە خەرجکراوە، نەک دروستکردنی قوتابخانە بەڵکو ئەو پارانەی بۆ ئۆتۆمبێل خەرجکراوە زۆر نزیکە لە هەموو ئەو پارانەی بۆ سەرجەم پرۆژەکانی وەزارەتی پەروەردە خەرجکراوە بە دروستکردنی قوتابخانەو بینا بۆ بەڕێوەبەرێتییەکانی پەروەردەو سەرجەم بیناکانی دیکەی وەزارەتی پەروەردە، بەوپێیەی (٦٦)ملیار دینار بۆ ئۆتۆمبێل خەرجکراوە، بەڵام (٧٠)ملیار دینار بۆ سەرجەم پرۆژەکانی وەزارەتی پەروەردە خەرجکراوە.

# پەرلەمان بودجەی تایبەت، یان تەواوکاریی پەسەند کرد؟

## بودجەی تەواوکاریی بەپێی یاسا دەبوو رەتبکرێتەوە، نەک پەسەند بکرێت

راپۆرتی: چاوان عەلی

بە وتەی شارەزایانی ئابوورییو دارایی، بودجەی تەواوکاریی پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠١٠)، پێچەوانەی یاسا هاتووەتە پەرلەمانو پەرلەمانتارانیش ئەو پاساوەی دەسەڵاتیان بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرد کە بودجەی تەواوکاری بەناوی بودجەی تایبەت بێتە پەرلەمانو بە بودجەی تەواوکاری پەسەندبکرێت.

بودجەی تەواوکاریی لە ٢٠١٠/١٠/٢٧ گەیشتە پەرلەمانی کوردستان، بە «کەموکورییەکانیەوە»و لەگەڵ ئەوەش کە تێبینی لەسەر بودجە تەرخانکراوەکەی هەبوو لە (٢٢)ی مانگی رابردوو بە دەنگی پەرلەمانتارانی لیستی دەسەڵات پەسەندکرا، کە بەپێی یاساو بە بڕوای شارەزایانی دارایی نەدەبوو، ئەو بودجەیە لە مانگی (١٢)داو بە پەلە پەل پەسەند بکرێت، چونکە لە عێراق یاسایەک هەیە بە ناوی یاسای کارگێڕییو کاروباری دارایی، کە لە ساڵی (٢٠٠٤) دەرچووەو لە بەشی پێنجەمی بابی حەوتەمیدا هاتووە: «حکومەت مافی ئەوەی هەیە داوای بودجەی تەواوکاریی بکات، بە مەرجێک داواکردنەکە لە مانگی حوزەیران تێپەڕ نەکاتو پەسەندکردنەکەشی بەر لە کۆتایی مانگی تەمموز بێت، هەروەک بۆ داواکردنی بودجەکەش لە چەند بارێکدا دەبێت ئەویش، کاتێک ئەو وڵاتە لە شەڕدا بێت، یان کارەساتی سروشتی روویدابێت، یان هەندێک پرۆژەی ستراتیژیی کە سوود بە هەموو هاوڵاتییان دەگەیەنێت، وەستابێتو بودجەکەی کورتیهێنابێت».

لەم بارەیەوە، د.ئیسماعیل شکور، جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق جەختی لەوە کردەوە؛ داواکردنو هاتنی بودجەی تەواوکارییەکەی هەرێم بۆ پەرلەمان لە بنەڕەتدا نایاساییە، چونکە ناکرێت لە مانگی (١٠) حکومەت داوای بودجەی تەواوکاریی بکاتو لە کۆتایی مانگی (١٢) پەسەند بکرێت، بێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی باوەڕپێکراو هەبێت بۆ داواکردنی ئەو بودجەیە، وتیشی: «سەرسوڕهێنەرە کە حکومەتی هەرێم لە ماوەی هەفتەیەکدا، واتە پێش ٢٠١١/١/١ بتوانێت (٢٥٠) ملیۆن دۆلار سەرف بکات».

ئەم بودجەی تەواوکارییە، جێگەی پرسیاری بەشێک لە پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستانیش بوو، کاردۆ محەمەد ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمان دەڵێت: «پێویستبوو لەگەڵ پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١٠) لە سەرەتای ساڵدا بودجەکە بهاتایەتە پەرلەمان، یان چاوەڕوانی بودجەی (٢٠١١) بکرایە، چونکە تا بودجەکەی بۆ پەسەند دەکرا (٢٠١٠) کۆتایی هاتو بەمەش پرۆژەکان دەبێت لەم ساڵدا بکەونە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەمەش کەموکورییەو هۆکارەکەی لای ئێمە نەزانراوە».

بودجەی تەواوکاریی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ساڵی (٢٠١٠)، (٢٩٥) پرۆژە لە خۆدەگرێت، کە بڕی (٢٣٧) ملیارو (٢٦٩) ملیۆن دیناریان بۆ تەرخانکراوە، پارێزگای هەولێر (١٠٦) پرۆژە بە بڕی (٥٣) ملیارو (٣٠٠) ملیۆن دینار، پارێزگای سلێمانی (٨٥) پرۆژە بە بڕی (٧٥) ملیارو (٩٤٩) ملیۆن دینار، گەرمیان (٣٩) پرۆژە بە بڕی (٢١) ملیارو (٣٣٢) ملیۆن دینار، پارێزگای دهۆک (٦٥) پرۆژە بە (٨٦)و (٦٨٨) ملیۆن دیناریان بۆ دانراوە.



پرۆژەکانیش «ستراتیژیی نینو پرۆژەی بچووکن»، کە دەکرا لە بودجەی (٢٠١١) جێیان بکرایەتەوە.

د.کاوە قەرەداغی، شارەزای کاروباری کارگێڕیی پێیوابوو؛ دەبوو سەرۆکایەتی پەرلەمانو پەرلەمانتاران نیشانەیەکی سەرسوڕهێنەرو پرسیاریان لەسەر ئەم بودجەیە دابنایە، کە نازانرێت مەبەست لە پشت هاتنو پەسەندکردنی چییەو چۆن چاودێریی خەرجکردنی دەکرێت.

وەک پاساوێکی یاسایش، بودجەی تەواوکاریی لە لایەن حکومەتەوە بە ناوی بودجەی تایبەتەوە رەوانەی پەرلەمان کراوەو سەرۆکایەتییەکەشی هەر بەو ناوەوە کاری لەسەر کردووە، د.زانا رەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان جەختی لەوە کردەوە؛ کە ئەم پاساوە بۆ ئەوە هێنراوەتەوە تا ئەو یاسایەی عێراقیان بەسەردا پەیڕەو نەکرێت، چونکە بە ناوی بودجەی تایبەتەوە هاتووەو گفتوگۆی لەسەر کراوەو بەناوی بودجەی تەواوکاریی پەرەپێدانی پارێزگاکان پەسەند کراوە، بۆیە نازانرێت پەرلەمان بودجەی تایبەت، یان بودجەی تەواوکاریی پەسەندکرد.

ئەم پاساوە یاساییانەو تێپەڕاندنی بودجەو پرۆژەیاساکان پێچەوانەی ئەوەن کە لە پەرلەمانی عێراق بەدی دەکرێن، لەوبارەیەوە د.ئیسماعیل شکور، وتی: «ساڵی (٢٠٠٩) حکومەتی عێراق لە مانگی ئەیلول داوای بودجەی تەواوکاریی کردو رەوانەی پەرلەمانی کرد، بەڵام پەرلەمانتارانی عێراق بە کۆی دەنگ رەتمان کردەوەو داوامان کرد بچێتە سەر بودجەی ساڵی داهاتوو، بەڵام لە پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگو بە چەپلەڕێزان پەسەندیان کرد».



# دەسەڵات پشتگیریی پێشخستنی کشتوکاڵ ناکات

## لە پارێزگای سلێمانی (٤٩٪)ی گوندنشینان بەرەو شارەکان کۆچیان کردووە

هۆشەنگ سەروچاوەیی

لیستی کوردستانیی کە لە پەرلەمانی کوردستان زۆرینە پێکدەهێنێت، پرۆژەیاسای پێشخستنی کشتوکاڵی رەتکردەوە، کە لە لایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە پێشکەشکرابوو، لە کاتێکدا بواری کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان بەرەو داتەپین دەڕوات.

کاردۆ محەمەد؛ ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «بواری کشتوکاڵ بایەخێکی گەورەی هەیە بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەهۆی کەمئاوییو داتەپینی کشتوکاڵەوە ژمارەیەکی زۆری جوتیاران روویان لە سەنتەری شارەکان کردووە، بۆیە ئێمەش بۆ چارەسەری ئەم گرفتانە پرۆژەیاسای پێشخستنی کشتوکاڵمان پێشکەشی پەرلەمان کرد، بەڵام بەداخەوە لە لایەن لیستی دەسەڵاتەوە رەتکرایەوە».

ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان ئاماژەی بەوەشکرد، کە بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستیاندایە، لە پارێزگای سلێمانیدا (٤٩٪)و لە سنووری گەرمیانیش (٥١٪)ی هاوڵاتییانی گوندنشین لەم دوو ساڵەی رابردوودا بەرەو شارەکان کۆچیان کردووە.

لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)دا پەرلەمانی کوردستان بڕی (٥٠) ملیار دیناری بۆ کەرتی کشتوکاڵو داهاتە ئاوییەکانو (٥٠) ملیار دینار بۆ قەرزی بانکی کشتوکاڵیی دابینکردبوو، جگە لەوەی بڕیار بوو حکومەت لە ساڵی (٢٠٠٩و ٢٠١٠)دا، (٢٠٠٠) خانووی پلاستیکی وەک هاوکاریی بە جوتیاران بدات، بەڵام ئەو پەرلەمانتارەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان وتی: «بەداخەوە دەبینین هەموو ئەم کارانە لە هەرێمی کوردستان نەکراوە، تەنیا حکومەت شتێک دەکات بە بڕی (٨) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، کە جوتیاران سوودی لێوەربگرن».

کاردۆ محەمەد، بە پێویستی دەزانێت بەڕێوەبەرێتییەکی تایبەت بە بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ هەبێتو پێشیوایە: حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکات، کە ئێستا زۆربەی بەروبوومی کشتوکاڵیی لە دەرەوە دەهێندرێنە ناو هەرێمو حکومەت هەوڵ نادات لە ناوەوە پەرە بە بەرهەمی ناوخۆیی بدات.

# ڕۆژنامە شکستی یەکێک لە پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئاشکرا دەکات

## لە کۆی (٥٠٠)، تەنیا (١٨٢) خانوو کاریان تێدا دەکرێت و بەشێکی زۆر لە (٩) ملیۆن دۆلارەکەش وەرگیراوە

بەدواداچوونی: دارا دلێر

پرۆژەکانی دروستکردنی (٥٠٠) خانوو لە کۆی ئەو (٢٠٠٠) خانووەی وەک شارۆچکەیەکی مۆدێرن بڕیار بوو لە (تابین)ی بناری پیرەمەگرون لە سەرەتای (٢٠٠٨) بە بڕی (٩) ملیۆن دۆلار جێبەجێبکرێت، دوای چوار ساڵ جگە لە چەند خانوویەکی «ناڕێک»، هیچیتری لێ بەرهەم نەهاتووە.

بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون، بیرۆکەی دروستکردنی (٦٠٠٠)هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە سێ شارۆچکەی مۆدێرن، لە ناوچەکانی (تابین و سیتەک و زرگوێز) بە فەرمانی عومەر فەتاح؛ سەرۆکی حکومەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی) بڕیاری لێدرا.

لەم ڕاپۆرتەدا تیشک دەخرێتە سەر شکستی پرۆژەکەی تابین کە لە مانگی (٦ی ٢٠٠٦) بەپێی گرێبەستێک لەنێوان حکومەت و گرووپی هاوبەشی (بەرزنجە و لازبێت) بڕیار بوو لە قۆناغی یەکەم و لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٨)، (٥٠٠) خانوو تەواو بکرێت.

بەپێی ئەو گرێبەستە، بەهای پرۆژەکە (٩) ملیۆن دۆلارەو بۆ هەر مەتر دووجایەک لە خانووەکان، بەڵێندەر بڕی (١٥٠) دۆلاری بۆ تەرخانکراوە، ئێستا کە (٣٢٪)ی پارەکە لە لایەن بەڵێندەرەوە خەرجکراوە، لە واقعدا پرۆژەکە دوای سێ ساڵ لە دواکەوتنی، (١٠٠)خانوویەکی بە ناتەواویی لێ بەرزبووەتەوە، بەم حاڵەشەوە کە پرۆژەکە وەستاوەو بەڵێندەر پەیوەست نەبووە بە گرێبەستەکەی لەگەڵ حکومەت، «هیچ» ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر نەکراوە.


لەو چوارچێوەیەشدا، وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون ئاماژەی بەوەکرد، کە نرخی کەرەستەی بیناسازیی بەرزبووەتەوەو بەڵێندەر ناتوانێت بە هەمان نرخ کارەکانی تێپەڕێنێت، بۆیە پێشنیازیان بۆ ئەنجومەنی وەزیران کردووە کە گۆڕانکاریی لە نرخی مەتر دووجای خانووەکان بکرێت لە (١٥٠) دۆلارەوە بۆ (٣٢٠) دۆلار.

بچووککردنەوەی ئەو پرۆژەیە لە (٥٠٠) خانووەوە بۆ (١٨٢) خانوو کە بەشێکی زۆریان لە قۆناغی سەرەتای دروستکردندان، دوای تێپەڕبوونی (٥)ساڵ بەسەر دانانی بەردی بناغەی پرۆژەکە لە لایەن عومەر فەتاح؛ سەرۆکی حکومەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی)یەوە دێت، سەرەڕای ئەوەی ڕووبەرێکی فراوانی زەویش کە بەشێکی کشتوکاڵین و قەدەم قەدەم کراوەو خاوەنەکانیان قەرەبوو نەکراونەتەوە.

حەکیم عومەر؛ دانیشتووی گوندی کانی میران، یەکێکە لەو هاوڵاتییانەی زیاتر لە نزیکەی (١٥٠) دۆنم زەوییان بەر شوێنی ئەو خانووانە کەوتووە، دەڵێت: « پێنج ساڵە لەبەر ئەو پرۆژەیە نەمانتوانیوە سوود لە زەوییەکان ببینین بۆ کاری کشتوکاڵیی».

ئەو هاوڵاتییە، ئەوەشی خستنە ڕوو کە ئەو موڵکانە بە تاپۆ هی ئەوانەو لە ڕابردوودا زۆر هەوڵیانداوە بۆ قەرەبووکردنەوەیان، بەڵام وەزارەتی پەیوەندیدار هیچ هاوکارییەکی نەکردوون. وتیشی: «ناتوانن چیتر زەوییەکان بۆ کشتوکاڵکردن بەکاربهێنن، چونکە قەدەم قەدەم کراوە، ئەو پرۆژە بێکەڵکە تێکیداوە».

بۆ ئەوەی لەسەر زەوی تەرخانکراو واقیعی پرۆژەکە بخرێتەڕوو، پەیامنێری مەیدانی «ڕۆژنامە» لە نزیکەوە پرۆژەکەی بینی و ئاماژەی بەوەکرد، دوای ئەو گۆڕانکارییانەی لەم دواییەدا بۆ بەهای پرۆژەکە کراوە، ئێستا جگە لە چەند خانوویەکی تەواونەکراو، هیچ سیمایەکی شارۆچکەی نیشتەجێبوونی تێدانییە، هاوکات، تەنیا کارمەندێکی کۆمپانیا تورکییەکە لە شوێنی کارەکە ئامادەبوو، بەوەش هیچ لێدوانێکمان لە لایەنی بەڵێندەر دەستنەکەوت، تا خەمساردیی ئەوان بەرامبەر پرۆژەکەو هۆکاری تەواونەکردنی ئاشکرابکرێت.



پێشەوا تۆفیق:

> لەکاتێکدا ناحیەی پیرەمەگرون بە دەست چەندین گرفتی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنن، کەچی حکومەت زیاتر لە (١٥) ملیار دینار لە پرۆژەیەکی شکستخواردوودا سەرفدەکات

لەلایەکی تریشەوە، پەرلەمانتارێکی سنوورەکە، ئەوەی ئاشکراکرد، لە پرۆژە بەردەوامەکانی (٢٠١٠) بڕی پانزە ملیارو چوارسەدو شەش ملیۆن دینار، بۆ تەواوکردنی ئەو (٥٠٠) خانووە تەرخانکراوە.

پێشەوا تۆفیق؛ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: « بەدواداچوونمان بۆ ئەو پرۆژەیە کردووەو دوای ئەو هەموو دواکەوتنە لە کۆی (٥٠٠) خانووەکە، کار لە دروستکردنی زیاتر لە (١٠٠) خانوو دەکرێت، ئەویش زۆر خەمساردیی و کەمتەرخەمیی تەواوی بەڵێندەرەکەی پێوەدیارە».

بەپێی زانیارییەکانی ئەو پەرلەمانتارە، لە ساڵی (٢٠٠٩) دوانزە ملیارو حەوتسەد ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، بۆ ساڵی (٢٠١٠)ش لە پرۆژە بەردەوامەکانەو پێشنیازی زیادکردنی دوو ملیارو شەشسەد ملیۆن دیناری تری بۆ کرا.

پیشەوا تۆفیق، وتیشی: «لەکاتێکدا ناحیەی پیرەمەگرون بە دەست چەندین گرفتی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنێت، کەچی حکومەت زیاتر لە (١٥) ملیار دینار لە پرۆژەیەکی شکستخواردوو سەرفدەکات و جگە لە زیانگەیاندن بە خەڵک، هیچ سوودێکی نییە».

بۆ ڕوونکردنەوەی کەموکورتییەکانی ئەو پرۆژەیەو خەمساردیی بەڵێندەر لە بەرامبەر جێبەجێکردنی، کامەران ئەحمەد؛ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەی تەواوی خستە بەردەم «ڕۆژنامە»، بە تایبەت ئێستا ئەو پرۆژەیە لەژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئیدارەی وەزارەتی ناوبراودایە.

کامەران ئەحمەد، ڕوونیکردەوە ئەو پرۆژەیە لە ناوەڕاستی (٢٠٠٦)ەوە گرێبەستی نێوان حکومەت و (گرووپی هاوبەشی بەرزنجە و لازبێت)، تەواو بووە، بۆ ئەوەی لە قۆناغی یەکەم (٥٠٠) خانوو تەواوبکرێت و دوای تەواوبوونی ئەو ڕێژەیەش، بەپێی پێویستیی ژمارەکەی تری خانووەکانیش بەپێی ماستەرپلانێک ئامادەبکرێن، بەڵام دوای ئەوەی شوێنەکە تەسلیمی بەڵێندەر کراوە، بەهۆی کەمئەزموونییەوە چەند هەڵەیەک لەناو گرێبەستەکەدا هەبووە، لەوانە تێیدا هاتووە ئامادەکردنی شوێنی پرۆژەکە لایەنی یەکەم، واتە حکومەت ئامادەی بکات، لە کاتێکدا ئەمە کاری بەڵێندەرە، نەک حکومەت.

لە بەردەوامیی لێدوانەکەیدا ئەوەشی خستەڕوو، کە دواتر گۆڕانکاریی لە گرێبەستەکەدا کراوەو فەرمانی پێدەرچووە، تا ئەو کاتەش بڕیار بوو بەڵێندەر بۆ هەر مەتر دووجایەک (١٥٠) دۆلاری پێبدرێت، بەڵام دوای ئەوەی لە (٢٠٠٧)ەوە نرخی کەرەستەو دەستی کار لە بیناسازیی بەرزبووەتەوەو کارەکان وەستاون، لە (٢٠٠٨) بەڵێندەر داوای زیادکردنی نرخی کردووە، دواتر حکومەت بڕیاریداوە بەپێی یاسا دەستلەکارکێشانەوەی لە پرۆژەکە لێبکرێت، بەڵام لەسەردەمی عیماد ئەحمەد؛



کامەران ئەحمەد:

> بەهۆی ئەوەی لە (٢٠٠٧)ەوە نرخی کەرستەو دەستی کاری بیناسازیی بەرزبووەتەوە، کارەکان وەستاون و بەڵێندەر داوای زیادکردنی نرخی کردووە

وەزیری پێشووی ئاوەدانکردنەوە لە (٢٠٠٩) لیژنەیەکی بۆ دروستکراوەو ڕاسپاردەیان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزکردووەتەوە، تێیدا ئاماژە بەوەکراوە بەو نرخە ئێستا بەڵێندەر ناتوانێت کارەکەی تەواو بکات.

ئەو پرۆژەیە بەو زنجیرە گرفتەدا تێپەڕیوە، تا ئەوەی ئێستا بەپێی قۆناغی جیاواز ئیش لەسەر (١٨٢) خانوو دەکرێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پرۆژەکە، وەزارەتی ناوبراو نووسراوێکیان بۆ فەرمانگەی پلاندانانی ئەنجومەنی وەزیران کردووەو تێیدا داوایان کردووە، نرخی تێچوونەکە بۆ ئەو (١٨٢) خانووە بۆ هەر مەتر دووجایەک بکرێتە (٣٢٠) دۆلار، بەپێی لێدوانەکەی کامەران ئەحمەد؛ «ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەند نەبێت، پرۆژەکە لە بەڵێندەر وەردەگیرێتەوەو ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵدا دەکرێت».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا هۆکاری ئەو کارئاسانییەی بۆ کۆمپانیای پرۆژەکە دەکرێت چییە، لە کاتێکدا پەیوەست نەبووە بە گرێبەستەکەی لەگەڵ حکومەت؟

وەزیری ئاوەدانکردنەوە وتی: «ئێمە دەمانەوێت پرۆژەکە ئەنجامێکی هەبێت، نەک کۆمپانیایەک سزا بدەین، ئینجا هیچ کارئاسانییان بۆ نەکراوە، چونکە بەپێی نرخی ئێستا، تێچوونی هەر مەتر دووجایەک (٣٢٠) بێ قازانج، جگە لەوەی ئەو بەڵێندەرەش لە شوێنی پرۆژەکە چەندین ئامێرو کارگەی داناوە، بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر خانوو دروستبکات، بەڵام ئێمە ئەم زیادکردنەمان تەنیا بۆ (١٨٢) خانوو لە کۆی (٥٠٠) خانووەکە کردووە، ئەمەش لە زیانی کۆمپانیایە نەک، قازانجی».

پەیوەست بە قەرەبووکردنەوەی خاوەنی زەوییەکانی پرۆژەکە، کامەران ئەحمەد ڕایگەیاند: «ئەگەر زەوییەکان بەپێی یاسا بە ناوی خەڵکەوە بێت، بێگومان مافی قەرەبووکردنەوەیان دەبێت، بەڵام بەداخەوە لێرە خەڵک خۆی دەکات بە خاوەنی شاخەکانیش، چونکە پێشتر شوێنی پرۆژەکە بەردەڵان بووە، نەک کشتوکاڵیی».

لای خۆشیەوە، پێشەوا توفیق کە ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمانە، ئەماژەی بەوەکرد؛ ئەگەر ئەو زەوییانە کشتوکاڵی بن و خەڵکەکە بەڵگەی یاساییان هەبێت کە هی ئەوانن، بێگومان بەدواداچوونیان بۆ دەکەین و لە هەوڵی چارەسەری کێشەکەشیاندا دەبین.



هەفتەی ڕابردوو، وێنەی نموونەی ئەو خانووانەی کە ماوەی ٤ ساڵە بڕیارە دروست بکرێت

فۆتۆ: ڕۆژنامە

سەیدسادق پلەی یەکەمی لە کێشەو کەموکوڕیدا بەردەکەوێت 18

# یەکێتیی مامۆستایان‌و داخوازییەکانی مامۆستا لەچیدا خۆی دەبینێتەوە؟


ڕێبوار محەممەد یوسف

مامۆستایان توێژێکی بەرفراوان‌و زیندووی پڕ لە زانست‌و زانیاریی سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی پێکدەهێنن، کە هەموو هەوڵ‌و ماندوبوونێکیان بێجگە لە خزمەتکردنی ئەم کۆمەڵگەیە، هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەت بە خۆیان نییە، هەر ئەو توێژە گرنگەشە لە ڕێگەی مەهامی پیشەکەیانەوە پەرە بە زانست‌و زانیاریی دەدەن، تا نەوەیەک بۆ دواڕۆژی کۆمەڵگەکەمان دەستەبەر بکەن.

توێژی مامۆستایان کە بە توێژێکی زیندووی کۆمەڵگە ناسراون، یەکێک لە پایە گرنگەکانی ئەم گەلەن، بۆ خزمەتکردنی تەواوی چین‌و توێژەکانی کۆمەڵ تێدەکۆشن بەبێ جیاوازیی، شەو و ڕۆژیان خستووەتە سەریەک تاکو ئەو بەرنامەیەی کە پێوەی پابەندە، بە شێوەیەکی بەرنامە داڕێژراو بیگەیەنێتە سەرجەم نەوەی دواڕۆژی ئەم گەلە.

ئەو توێژە بەرفراوانەشە کە شەرەفی خزمەتکردنی ناوەندەکانی خوێندنی پێبڕاوە، سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی لە بواری خوێندندا دێنە ڕێگەیان، کەواتە لێرەدا جێگەی خۆیەتی هەموو یەکخستن‌و تواناو وزەکانی مامۆستایان لە بەرەیەکی یەکگرتوودا کۆبکرێنەوەو سوودو پشتگیریی لە خەبات‌و تێکۆشانیان بکرێت، بۆ بەدیهێنانی مافە ڕۆشنبیریی‌و زانستییەکانیان. «بۆیە ناکرێت مامۆستایەک کە چرای ڕۆشنکەرەوەی ئەم گەلەی بە دەستەوە بێت، هەلێکی وای بۆ نەڕەخسێت کە حەزو ئارەزووەکانی پەرەپێنەدات‌و لە ئەنجامدا بە ناکاملی بمێنێتەوە.

ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/٢ بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەو سکرتاریەتێکی نوێ‌و بووژانەوەی سەرلەنوێی لقەکانی مامۆستایان بە بەشداری نزیکەی (١٢٠)هەزار مامۆستا لە سەرتاسەری کوردستان، هەڵبژاردن ئەنجامدراو ڕێژەیەکی زۆری مامۆستایان بە جیاوازی قەبارەو لیستەکانیانەوە بەشدارییان کرد، دیارە ئەوەش بۆ ئەوەی سیاسەتێکی ژیرانەی پیشەیی گشتیی‌و پێشنیارو گۆڕین‌و بەرنامەو دەستکاری سەرلەنوێی پەیڕەوو پڕۆگرامی ئەو یەکێتییە بکەن کە ماوەی (١٨) ساڵ بوو بەهۆی بارو زروفی کوردستانەوە یەکێتی مامۆستایان کۆنگرەی نەبەستبوو، سەرەڕای کۆمەڵێک کێشەو گیروگرفتی تەکنیکی‌و هونەریی‌و ئاستەنگ دروستکردن، هەڵبژاردن کۆتاییهات‌و هەموو لیستە بەشداربووەکان سەرەڕای سەرنج‌و تێبینییەکانیان بە گیانێکی دیموکراتیانەوە هەڵبژاردنەکەیان پەسەند کرد، تا کۆنگرەیەک ببەسترێت سەرجەم داخوازی‌و داواکارییەکانی مامۆستایان لەبەر ڕۆشنایی ڕاسپاردەکان کێشەو گیروگرفتەکانی چارەسەر بکرێن، لەو کۆنگرەیەدا کۆمەڵێک بڕیار بدات لەوانە «ڕێگەخۆشبکات تا زۆربەی ئەو مامۆستایانەی کە بەتوانان لە زانکۆو بەشەکانی خوێندنی باڵا وەربگیرێن، هەروەها بایەخ بە خوێندنگاکان‌و یارمەتی مامۆستا بەهرەدارەکان بدرێت بە شێوازێکی نوێ تاکو ئەو بەهرەمەندانە دەستگیرۆیی بکرێن‌و پەرە بە بوارەکان بدرێت تاکو سەلیقەو تواناکانیان بخرێنە ڕوو، هەروەها ئەرکی ئەو یەکێتییەیە کە چەندین خولی ڕۆشنبیری بکاتەوەو لەو خولەدا ئەوانەی کە ئاستی زانست‌و زانیارییان باشە بڕوانامەی ڕیزلێنانیان پێبدرێت‌و هەوڵبدات خزمەتێکی باش بە ئەنجام بگەیەنێت، بۆ خزمەتی کۆی گشتیی مامۆستایان‌و دەستگیرۆییان بکات بە چارەسەرکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، کە هەمووومان دەزانین مامۆستا لە ڕووی پێداویستی‌و دابینکردنی ژیانەوە، زۆربەیان کەمدەرامەتن‌و توانای دروستکردنی خانوویان نییەو کرێچین.

ناکرێت یەکێتییەک کە خۆی بە پێشڕەوی ئەم توێژە بەرفراوانە بزانێت، بە دەنگ داواکارییەکانیانەوە نەچێت‌و گوێ لە کەموکوڕیی‌و کێشەو گیروگرفتەکانی مامۆستایان نەگرێت‌و پشتگوێیان بخات.

هەروەها زۆر گرنگە خزمەتی هەموو ئەو مامۆستایانە لەبەرچاو بگرێت کە چەندین ساڵە خزمەتی ئەو بوارەیان کردووەو ئێستا لەناویاندا نەماون، یاخود شەهید بوون، یاخود خانەنشین کراون، پێویستە لە کۆنگرەدا ئەم خاڵە لەبەرچاو بگیرێت‌و بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتییەوە جێبەجێ بکرێت، ئەو یەکێتییە هەوڵبدات کەرەستەو کەلوپەلی خوێندنگەکان دابین بکات‌و نەهێڵێت هیچ کەموکورییەک لە خوێندنگەکاندا بمێنێت، ئەمە جگە لە چاککردنی ژیانی مامۆستایان بە چارەسەرکردنی کێشەی مووچەکانیان، کە لەگەڵ ئەم ڕۆژگارەی ئێستادا بگونجێت‌و باری قورسیان کەمبێتەوە، کە بەهیواین کۆنگرە کە چەندین خاڵ‌و پێشنیار لەخۆدەگرێت، یاخود لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا ئاراستەی مامۆستایان کرا بۆ دەنگدان، بتوانێت چارەسەریان بکات، تاکو هەمووان لەژێر ئاڵای ئەو یەکێتییەدا کۆببنەوەو بە خاوەنی خۆمانیان بزانین.

# لەنێوان هەرێم‌و بەغدادا،
# ناوی بەشێک لە خوێندکارانی تواناسازیی دەردەهێنرێت

هەنگاوهاشم- هەولێر

به بیانووی ناردنەدەرەوەیان بۆ خوێندن لە لایەن حکومەتی بەغداوە، ناوی ژمارەیەک خوێندکار لە بەرنامەی تواناسازیی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەردەهێنرێت‌و بێبەشدەکرێن.

بەرنامەی تواناسازیی بە مەبەستی ناردنە دەرەوەی بەشێک لە خوێندکاران بۆ تەواوکردنی خوێندنی ماستەرو دکتۆرا لە دەرەوەی وڵات، چەند مانگێک پێش ئێستا ڕاگەیەنرا کە بودجەیەکی تایبەتی بۆ دیاریکراوە، بەهۆی دەرهێنانی ناوەکانیان لە بەرنامەی تواناسازیی لاوانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێم، نارەزایی بەشێک لە خوێندکارانی ماستەرو دکتۆرای لێکەوتووەتەوە.

**د.گۆڤەند شێروانی؛ بەڕێوەبەری گشتیی نێردراوان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی** بە ڕۆژنامەی وت: «ئەو خوێندکارانەی کە ناویان هاتووەتەوە لە ناردنەدەرەوەی بەغداو لە هەرێمی کوردستانیش پێشکەشیان کردووە، ئێمە وەکو وەزارەتی خوێندنی باڵا ناوەکانیانمان لای خۆمان کوژاندووەتەوە، تاوەکو مافەکەمان لە بەرنامەکانی عێراق نەفەوتێت».



وەزیری خوێندنی باڵا لەکاتی باسکردنی ریفۆرمی سیستەمەکەدا

وتیشی: «ژمارەی ئەو کەسانەی بێبەشکراون لە بەرنامەی تواناسازیی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی، نزیکەی (١٠٠) کەسە، بەرنامەکەش نزیکەی (٨٥٠) کەس دەگرێتەوە».

لە سەرەتای ئەمساڵدا بەرنامەی تواناسازیی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە قۆناغی یەکەمی ڕاگەیەنرا، سەرەتا بۆ یەکەمەکانی کۆلێژو زانکۆکان‌و بڕیاریشە لەم ماوەیەدا قۆناغی دووەمی ناردنە دەرەوەی خوێندکاران بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی وڵات ڕابگەیەنرێت.

**زوبێر ڕەسول؛ مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین**، یەکێکە لەو کەسانەی کە ناوی دەرهێنراوە لە بەرنامەی تواناسازیی لاوانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێم، بە ڕۆژنامەی وت: «ئەو بەرنامەیە تائێستا چەند جارێک دەستکاریکراوە، ناوی دەرچووەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بە تایبەت لەم ماوەیەدا وەزارەتی خوێندنی باڵا بێ ئەوەی ئاگاداری ئەو خوێندکارانە بکاتەوە کە ناویان سڕاوەتەوە، هەڵساوە بە دەرهێنانی ناوی چەند کاندیدێک کە پێشتر لە ساڵەکانی (٢٠٠٩و٢٠١٠) لە بەرنامەی ناردنەدەرەوەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق وەرگیراون بەبێ ڕەزامەندیی ئەو خوێندکارانە، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەشێک لە خوێندکارەکان بۆ ماوەی (٣) مانگ دەبێت گشت مامەڵەکانیان تەواوکردووە لە قۆناغی ڤیزا وەرگرتندان».

وتیشی: «بەڕێوەبەریتی ناردنەدەرەوەی بەغدا لە ناوچەی سەوزەو ئێمە ناتوانین بە مانگێکیش بیانبینین، ئەمە جگە لەوەی ئەوان تائێستا مامەڵەی بەشی زۆری خوێندکارەکانی ساڵی (٢٠٠٩)یان تەواونەکردووە، بۆ نموونە من ئەوە بۆ ماوەی سێ مانگ دەبێت خەریکی بەرنامەی تواناسازیم هەموو پێداویستییەکانم تەواو کردووە، نزیکەی (١٧٠٠)دۆلارم خەرجکردووە بۆ گرەنتیکردنی کۆرسی زمان، خەریکی مامەڵەی ڤیزا بووم کە دەبوایە بۆ (٢٠١١/١/٥) لە بەریتانیا بم، لەناکاو وتیان ناوی تۆ چووەتە سەر ناردنەدەرەوەی بەغدا لەبەرئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٩)ەوە ناوم لای ئەوان تۆمارکراوە، لەکاتێکدا ماوەی ساڵێکە وازم لە ناردنەدەرەوە لەڕێی بەغداوە هێناوە».

## هەر (١٢) خوێندکار، مامۆستایەکی بەردەکەوێت
# واسیتەچییەکان ناهێڵن مامۆستایان بە یەکسانی دابەشبن

ڕاپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر، پشتیوان سەعدوڵڵا


نادادپەروەریی لە دامەزراندنی مامۆستایاندا کێشەی خوێندن بەردەوام دەکات

لە سنووری پەروەردەی پارێزگای سلێمانیدا نزیکەی نیو ملیۆن خوێندکارو (٣٥) هەزار مامۆستا هەیە، بەو پێیە بۆ هەر (١٢) خوێندکار مامۆستایەکی بەردەکەوێت، بەڵام نادادپەروەرییەکی بەرچاو لە دابەشکردنی مامۆستایاندا هەیەو هاوکات بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات؛ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە ئاسان نییەو کاتێکی زۆری دەوێت.

لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ساڵی خوێندنی ساڵی (٢٠١٠-٢٠١١) (١) ملیۆن‌و (٤٩٧) هەزارو (٨٠٦) خوێندکار لە قۆناغە جیاجیاکاندا دەخوێنن‌و نزیکەی (١٢٠) هەزار مامۆستا هەیە، هەروەها بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان لە سنووری پەروەردەی پارێزگای سلێمانیدا، کە (١١) بەڕێوەبەریتی پەروەردە لەخۆ دەگرێت، (٤٤٦٨٨٢) خوێندکارو (٣٥١٩٤) مامۆستا هەیە، بەوپێیە بۆ هەر (١٢) خوێندکار مامۆستایەکی بەردەکەوێت، لەگەڵ ئەو ژمارەی زۆرەی مامۆستا، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا نادادپەروەرییەکی زۆر لە دابەشکردنی مامۆستایان بەسەر خوێندنگەکاندا هەبووە، ئەوەش چەندین کێشەی پەروەردەیی دروستکردووە.

لەوبارەیەوە **م.جەبار حەمە ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی پارێزگای سلێمانی** بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: خراپ دابەشکردنی مامۆستا کێشەیەکی بنەڕەتییەو پێشووتریش هەبووە، لە ناو شاری سلێمانی مامۆستایەکی زۆر هەیەو بەشە وانەی کەم دەڵێنەوە، هەروەها لە وەزارەتەوە دامەزراندنی مامۆستای بابەتی کۆمەڵایەتی بەردەوامە، لە کاتێکدا ئێمە پێویستمان بە مامۆستای کۆمەڵایەتی نییەو زیادەن، بەڵکو پێویستمان بە مامۆستای وانەکانی (فیزیا، کیمیا، زیندەوەرزانی، ئینگلیزی، بیرکاری) هەیەو نەبوونی مامۆستای ئەو بابەتانە کێشەی بۆ دروستکردووین.

مامۆستایان پێیانوایە؛ بێ پلانی لە دابەشکردنی مامۆستایاندا هۆکارێکی سەرەکیی کێشەکەیە، ئەو نادادپەروەرییەش حیزب بە درێژایی چەند ساڵی ڕابردوو دروستی کردووە لە ڕێگەی واستەکردن بۆ دامەزراندن، یان گواستنەوەی مامۆستایاندا.

بە بڕوای **مەریوان سەلاح، مامۆستا لە یەکێک لە خوێندنگەکانی سنووری پارێزگای سلێمانیدا** «واسیتەو واسیتەکاریی ناعەدالەتییەکی زۆری لە دابەشکردنی مامۆستایاندا دروستکردووە».

بەپێی چەند بەدواداچوونێکی مەیدانی ڕۆژنامە بۆ ژمارەیەک لە قوتابخانەو خوێندنگەکانی شاری سلێمانی‌و دەوروبەری، دەرکەوتووە کە زۆربەی قوتابخانەو خوێندنگەکان کێشەی کەمیی مامۆستا (میلاک)یان هەیە، بە تایبەتی لە بابەتەکانی (فیزیا، کیمیا، بیرکاری، زمانی ئینگلیزی، کوردی، وەرزش، وێنە).

**م.عەبدوڵڵا مەهدی**، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ناعەدالەتی زۆرە لە میلاکاتی مامۆستا بەسەر خوێندنگەکاندا، بە تایبەتی لەدەرەوەی شار، بە ڕادەیەک کە لە هەندێک لە خوێندنگەکاندا تا کۆتایی ئەم وەرزە چەند وانەیەک نەخوێنراوەو ئەوەش کاریگەریی بۆ سەر ئاستی زانستیی خوێندکاران هەیە».

هەروەک م.جەبار حەمە، پێیوایە؛ بە شێوەیەکی زۆر خراپ مامۆستایان بەسەر قوتابخانەو خوێندنگەکاندا دابەشکراون‌و کۆمەڵێک نەریتی ناشرین لە دابەشکردنی مامۆستایاندا پەیڕەو کراوە، قوتابخانە هەیە ژمارەی مامۆستاکانی لە ژمارەی خوێندکارەکانی زیاترە، بەڵام قوتابخانە هەیە مامۆستای کەمە، ئەم جۆرە دابەشکردنە وایکردووە مامۆستایان پەرشوبڵاوببنەوەو جێگەی خۆیان نەگرنەوە.

جگەلەمامۆستایان، سەرپەرشتیارانی پەروەردەییش نادادپەروەریی لە دابەشکردنی مامۆستایاندا بۆ بێ پلانی وەزارەتی پەروەردەو واسیتە دەگەڕێننەوە.

**م. شەفیق حەمەڕەشید، سەرپەرشتیاری کارگێڕیی** ئەوە دەخاتە ڕوو؛ ناعەدالەتیی لە دابەشکردنی مامۆستا بەسەر خوێندنگەکاندا هەیە، خوێندنگە هەیە شەش پۆلە (٢٠) مامۆستای هەیەو دوو دوو مامۆستا دەچنە پۆلەکانەوە، بە پێچەوانەشەوە قوتابخانە هەیە مامۆستای چەند بابەتێکی نییە، بۆ نموونە لە سنووری ناحیەی بازیاندا کە سەرپەرشتی دەکەم، چەند خوێندنگەیەک تائێستا وانەکانی کیمیاو فیزیایان نەخوێندووە».

وتیشی: «ئەم کێشەیە بە هۆی واسیتەو واسیتەکاریی‌و حیزبایەتییەوە سەریان هەڵداوەو وەزارەتی پەروەردەش هیچ پلانێکی بۆ چارەسەرکردنی نییە».

بە بڕوای بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی، چارەسەرکردنی ئەو کێشە ئاسان نییەو کاری زۆرو کاتی دەوێت، چونکە ماوەیەکی زۆرە ئەو کێشەیە بەردەوامە.

هەرچەند مامۆستایان‌و چاودێرانی بواری پەروەردە وەزارەتی پەروەردە بە کەمتەرخەم وەسفدەکەن لە ئاست چارەسەرکردنی کێشەی میلاکات، بەڵام وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەریتی پەروەردەکان بە بەرپرس دادەنێت لە ڕێکخستنی میلاکاتدا.

**ئیسماعیل بەرزنجی، وتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم**، ڕایگەیاند: «هەموو پەروەردەکان بەرپرسن لە شارەکەی خۆیان‌و بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە میلاکاتی خۆیان ڕێکدەخەن‌و ئەو کێشەیەش نەک لە سلێمانی، لە هەولێرو دهۆکیش هەیە، بەڵام کێشەکە لە سلێمانی زیاترە، چونکە گەورەتربووەو چەندین قوتابخانەی نوێ کراونەتەوە، کێشەی میلاکاتیش بە زوویی چارەسەر ناکرێت».

# زۆرترین ڕووداوی هاتوچۆ لە سلێمانی ڕوودەدات



**هەنگاوهاشم**

هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل تائێستا کۆنترۆڵی جۆریی لەسەر نییەو هەرێمی کوردستانیش بووەتە پارکێکی گەورە، بەم هۆیەشەوە ژمارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە زیادبووندایەو ڕێژەکەش لە سلێمانی لەپێشەوەیە.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتیی هاتوچۆی هەرێم لە ساڵی (٢٠١٠)دا، (٢٣٩) هاوڵاتیی لە شاری سلێمانی گیانیان لەدەستداوەو (٣٢٦٣) هاوڵاتیی دیکەش بریندار بوون، لە شاری هەولێریش (١٦٩) هاوڵاتیی گیانیان لەدەستداوەو (٢١١٢)هاوڵاتیی دیکەش برینداربوون، لە شاری کەرکوکیش (٩٧) هاوڵاتیی گیانیان لەدەستداوەو (٦٥٤) هاوڵاتیی دیکەش برینداربوون، لەشاری دهۆکیش (٩٢) هاوڵاتیی گیانیان لەدەستداوەو (٦٩٨) هاوڵاتیی دیکەش برینداربوون، لە سۆرانیش (١٤) هاوڵاتیی گیانیان لەدەستداوەو (١٣٤) هاوڵاتیی دیکەش برینداربوون، بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە.

**عەمید قادر سدیق؛ بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن وپەیوەندییەکانی هاتوچۆی هەرێم**، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە شاری سلێمانی، ساڵانە زۆرترین ڕووداوی هاتوچۆ ڕوودەداتو زۆرترین قوربانیش بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە لەو شارە دەبێت».

بەڕێوبەری ڕاگەیاندنو پەیوەندییەکانی هاتوچۆی هەرێم وتیشی: «لە ئایندەیەکی نزیکدا لیژنەیەکی هاوبەش پێکدەهێندرێت لەنێوان وەزارەتەکانی ناوخۆو داراییو بازرگانی، بۆ هێنانی ئۆتۆمبێل، بە جۆرێک هاتنی ئۆتۆمبێل لەسەر بنەمای (مواسەفات) تایبەتمەندیی بێت، ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە دەهێندرێن تایبەتمەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتی عێراقدا بگونجێت».

ناوبراو باسی لەوەشکرد، کە هاتنی ئۆتۆمبێل بۆ ناو هەرێمی کوردستان، تاوەکو ئێستا کۆنترۆڵی جۆریی لەسەر نییە.

هاوکات،ئەندامێکی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنی خۆجێییەکانی پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات، هەرێمی کوردستان بووە بە پارکێکی گەورەی ئۆتۆمبێل.

**کاروان ساڵح ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنی خۆجێییەکانی پەرلەمانی کوردستان** بۆ ڕۆژنامە وتی: «ڕێژەیەکی زۆری ئۆتۆمبێل هەیە لە هەرێمی کوردستان، بە جۆرێک مەترسیی لەسەر ژیانی هاوڵاتییان هەیە».

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا، بوونی ژمارەی زۆری ئۆتۆمبێل وایکردووە کە هەرێمی کوردستان وەکو پارکێکی گەورەی ئۆتۆمبێلی لێهاتووە، بۆ ئەم مەبەستەش کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە.

# ئەفسەرەکان، بڕیارەکانی بەڕێوەبەری هاتوچۆ پێشێل دەکەن


٦٨٩٠٥٧
٦٨٩٤٥٧

**ئاریان حەسەن**

چەند ئەفسەرێک پێشێلی بڕیارەکانی بەڕێوەبەری هاتوچۆی سلێمانی دەکەنو سزای ئەو شۆفێرانە دەدەن کە لەو شوێنانە دەوەستن کە هیچ هێمایەکی هاتوچۆی لێ نییە.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی سلێمانی، ڕایگەیاند: ئەگەر ئۆتۆمبیلێک لە شوێنێک وەستا کە قەدەغە بوو، بەڵام هێمای هاتوچۆی لێ نەبوو، هیچ ئەفسەرێک ناتوانێت سزای بداتو غەرامەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

ئەنوەر حسێن ڕەشید، شۆفێری تەکسی، شەوانە لە بەردەرکی سەرا دەوەستێت بۆ کار، بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەفەسەرەکانی دەڵێت: بەڕێوبەرێتی هاتوچۆ نایەڵن کار بکەینو هەر ئەوەندە دەزانی دێنو وەسڵێکی غەرامەت بۆ دەکەن، بەبێ ئەوەی ئەم غەرامانە یاسایی بن.

لەبەرامبەردا **نەقیب ئەمین، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی سلێمانی**، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەگەر لە هەر شوێنێکدا ئۆتۆمبێل ڕاگیراو بووە هۆی ڕێگرتن، یان پێشێلکردنی مافی هاوڵاتییانی دیکە، وەک شوێنە گشتییو قەرەباڵغەکان، کە ئەم شوێنانە ئەگەر هێمای قەدەغەکردنی هاتوچۆشی لێ نەبێت، ئەفسەری هاتوچۆ دەتوانێت سزایان بدات، چونکە بووەتە هۆی دروستکردنی قەرەباڵغییو ئەم جۆرە سەرپێچییانە هەموو جۆرێکی ئۆتۆمبێل دەگرێتەوە».

شۆفێری تەکسییەکە وتیشی: «لە بەردەرکی سەرا هیچ هێمایەکی قەدەغەکردنی وەستانی لێ نییە، بەڵام ئەوە دوو جارە لەسەر یەک نەقیبێکی هاتوچۆ دێتو سزامان بۆ دەنووسێو لە بڕیارەکانی بەڕێوەبەرەکەی لادەدات، جاری (٢٠) هەزار دینار غەرامەم دەکات، بەڵام سزای ئۆتۆمبێلە تایبەتەکان نادات».

لە چاوپێکەوتنێکی ژمارەی پێشووی ڕۆژنامەدا لیوا مەریوان کەمال، بەڕێوەبەری هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی ڕایگەیاند: هەر شۆفێرێک لەسەر وەستانی ئۆتۆمبێل لە شوێنێکدا سزا درا، بەڵام هێمای هاتوچۆی لێ نەبوو، ئەو کاتە غەرامەکەی بۆ پووچەڵدەکەینەوەو سزای نادەین.

# ـێشەو کەموکوڕیدا



ئێرە نەبێت».

دووریی خوێندنگەکانو خراپیی ڕێگەوبانیش، خەمی گەورەی لای منداڵە بچووکەکان دروستکردووەو هێڤارمحەمەد ڕەشید، کە خوێندکاری بنەڕەتییە بە هەناسەتەنگییەوە وتی: «خوێندنگەکەمان زۆر دوورە، قاچمان هەمووی دەبێتە قوڕ، بە ئاسانی پاکی ناکەینەوە، چونکە ئاوی لێ نییە کە دێشمەوە بۆ ماڵەوە، هەمووشەوێک قاچو پشتم زۆر دەیەشێت».

## بەرپرسانیش قسەیان هەیە

هەرچەندە ڕۆژنامە نەیتوانی پەیوەندیی لەگەڵ هەریەک لە قایمقامی سەیدسادقو بەڕێوەبەری کارەبای ئەو قەزایەدا ببەستێت بۆ وەگرتنی ڕاوبۆچوونیان، بەڵام دوو بەرپرسی تری حکومەتی ئەو شارە سەبارەت بەو کێشانە بۆ ڕۆژنامە دوان.

**جەمال ئەحمەد محەمەد؛ سەرۆکی شارەوانی** سەبارەت بە خراپیی ڕێگای سەیدسادقو قوڕو چڵپاوی کۆڵانەکانو نەبوونی ئاو و ئاوەڕۆ لە زۆربەی گەڕەکەکان، بە ناونانی نوێی ئەو گەڕەکانە دەستی پێکردو وتی: «ناوی تازەمان هێناوە بۆ گەڕەکەکانی سەیدسادق لە ساڵی تازەدا تابلۆکانی هەڵدەواسین».

سەرۆکی شارەوانیی سەیدسادق، ئاماژە بەوە دەکات کە لەدوای ساڵی (١٩٩٢) کە ئاسەواری ڕووخانی سەردەمی بەعسی پێوە دیار بووە، هاوڵاتییان لەسەر بودجەی خۆیان ئاوەدانیان کردووەتەوەو تا ساڵی (٢٠٠٣)ش شەڕی ناوخۆی تیابووە، ڕاشیگەیاند: ڕاستدەکەن کۆڵانەکان بە هاوین تەپوتۆزو بە زستان قوڕوچڵپاوە، لەسەردەمی حیزبی بەعسیش قیری کەم بۆ کرا، لە ئێستاشدا نزیکەی پێنج کیلۆمەتر قیری بۆکراوە، بەڵام ئەویش لەبەر ئەوەی شۆستەی نییە، خراپ بووەو ئێستا خەریکی پاککردنەوەی ئەو قیرەینو لەسەردانی سەرۆکی حکومەتدا کە وتی خەڵکی گلەیی چیمان لێدەکەن؟! منیش وتم: قیرتاوکردنو شۆستە؟

جەمال ئەحمەد محەمەد، ئاماژەی بەوەشدا، کە (١٧)کیلۆمەتر ئاوەڕۆیان بۆ گەڕەکی بەختیاری کردووەو ئێستا لە جێبەجێکردندایە، بەڵام لە دەرخستەکەدا کە بۆی کراوە، حسابی ئاوەڕۆی سندووقی بۆ نەکراوە، دواتر دەرخستەکە گۆڕانکاریی تیادا کراوەو ئەو پارەیەی کە دیاریکرابوو بۆ چەوڕێژکردنی، دوای ئاوەڕۆکە کرابوو بە زێرابی سندووقی، وتیشی: «کاتێک پارێزگاری سلێمانی هات تەکلیفم لێکرد کە ئەو (١٧)کیلۆمەترە مەجاری بۆکراوەو چەوڕێژی بۆنەکراوە، دەرخستەم بۆ کردو ناردوومە بۆی، چاوەڕوانم کە ڕەزامەندیی لەسەر بکاتو بۆمان چەوڕێژ بکەن».

سەبارەت بە پرۆژەی دووسایدکردنی ڕێگەی چوونە ناو دەروازەی قەزاکەش کە بڕی (دوو ملیارو هەشتسەد ملیۆن)دینار دراوە بە کۆمپانیای عەلی کەریم، سەرۆکی شارەوانی وتی: «درەنگ دەستیان پێکرد، جگە لەوە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی تری تێکەوت کە ئاوەڕۆی تێدانەبوو، (٢٥٠) مەتری تێکەوتو ئاوی سەرەکی سەیدساق لەوێوە دەهات، بۆیە گلەییمان لە کۆمپانیاکە هەیە کە ستافی کەم بوو تەنانەت لێپرسینەوەمان لە ئەندازیاری کۆمپانیاکە کردووەو بەڵێنیداوە هەفتانە صیانەی ئەو ڕێگەیە بکات، تا خەڵک گلەییمان لێنەکەن».

سەبارەت بە چەمی چەقانیش کە ترسی لافاوی هەیە، سەرۆکی شارەوانیی سەیدسادق ئاماژەی بەوەدا، کە لە کاتی دیزاینی ئەو چەمەدا (٢٥)مەتریان بۆ چەمەکەو شەش مەتریش ئەمبەرەوبەر بۆ دووجادە دیاریکردووەو (٥٠٠)مەتری ماڵ و خانوو دووکانی خەڵکی بەردەکەوتو دوای پێکهێنانی لیژنەیەک، بڕیاردرا لە(٢٥) مەترەوە بیکەن بە (١٨)مەترو جادەکانیش بکەنە چوارمەتر، ئیمزایان کردووە دوای دیراسەکردن گەر زیان بگات بەو قەزایە، ئەو لیژنەیە کە لە قایمقامو چەند کەسێکی تر پێکدێن، بەرپرسن.

بەپێی ئامارێکی پەروەردەی قەزای سەیدسادق، لە قەزای سەیدسادق (١٢٨١) مامۆستای بنەڕەتیو (٢٠٩) مامۆستای ئامادەیی، وانە دەڵێنەوە لە سێ خوێندنگەی ئامادەیی بە ناوەکانی (ئاسۆی کچانو کوردستانی نوێی کوڕانو سەیدسادقی کوڕان)، (٢٤) خوێندنگەی بنەڕەتی لەناو قەزاکە هەیە، ئەمە جگە لەوەی بە کۆی گشتیی بە ئامادەییو بنەڕەتییەوە (٥٨) خوێندنگەو دوو باخچەی ساوایان لە دەرەوەی سنووری ئەو شارەوانییەدا هەن.

**جەعفەر لەتیف محەمەد؛ بەڕێوەبەری پەروەردەی سەیدسادق** سەبارەت بە گرفتی پەروەردەی ناوچەکەیان وتی: «چاوەڕوانی بودجەی نوێ دەکەین بۆساڵی نوێ، بەڵام نازانین ئەو بودجەیەی کە داوای دەکەین بۆمان دابین دەکەن؟چارمان نییە قوتابخانەیەک قەرەباڵغە، دەبێت لێیان بنێرین بۆ شوێنێکی تر».

بەڕێوەبەری پەروەردە گلەیی هەبوو لەسەر شارەوانیو خەڵک، وتیشی: «بەداخەوە دابەشکردنی زەوی لە کاتی خۆی وەک پێویست نەبووە، شارەوانی وەک پێویست جێبەجێی نەکردووەو خەڵکیش لەسەر دابەشکردنی زەوی کاریان نەکردووە، بەڵکو بە ئارەزووی خۆیان زەویان داگیرکردووەو جێگەی خزمەتگوزارییان نەهێشتووەتەوە،ڕەچاوی شوێنی خزمەتگوزاریی بۆ باخچەو شوێنی قوتابخانەو دایەنگا نەکراوە بۆ ئایندە».

بە وتەی خوێندکاران، مامۆستایان کەمەو زۆرجار لە وتنەوەی وانەدا ڕەچاوی پسپۆڕیی ناکرێت، لەهەمانکاتدا گەنجانێکی زۆری ئەو قەزایە زانکۆو پەیمانگایان تەواو کردووەو دانەمەزراون.

م.جەعفەریش دەڵێت: «بە نووسراو پێماندەڵێن لەسەر دوو بنەما ناومان بۆ بنێرن، بەپێی پێویستو بەپێی بەرزترین کۆنمرە، (٢٣) کەسیان بۆ دابینکردووین ئەوەی فەراغی ئێمە بووە، پسپۆڕییەکانی (فیزیا، کیمیا، بیرکاری، بایۆلۆجی، کوردی) بووە کە دیاریمان کردووە، ئەوەی جگە لەم پسپۆڕییانەیە دامەزراندنی بۆ کراوە،لەسەر خواستی ئێمە نەبووەو ئێمە نەمانکردووە».



## خەڵکیی ئەرکی خۆی بەجێگەیاندووەو چاوەڕوانی حکومەتن

کۆستەی چەم، کە یەکێکە لە گەڕەکە هەرە دێرینو هەژارەکانی بەکرەجۆو بەم نزیکانە گەورەترین مۆڵ لەسەر ئاستی سلێمانی لە تەنیشتیدا دەکرێتەوە، بە ناوی (ماجدی مۆڵ)ەوەو فرۆکەی سەدان وڵاتی جیهانیش لە فرۆکەخانە نێودەوڵەتییەکەی تەنیشتییەوە لەم سنوورەدا دەنیشنەوە، کەچی فەرمانگەی کارەبا خەمساردانە پشتێنی لێکردووەتەوە، ئەوە بۆ زیاتر لە (٣) مانگە ئەمە حاڵی ئەم ستوونانەیە لە دوای ئەوەی خەڵکەکەی لە لایەن شارەوانییەوە داوای لێکراوە خانووەکانیان ببەنە دواوە بۆ گەورەکردنی شەقامەکانیو گوایە بەپێی نەخشە بڕیاری لەسەر دراوە، بڕیارەکە لەلایەن خەڵکەکەوە جێبەجێکراوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە بەڕێوەبەرێتی کارەبا زۆر کەمتەرخەمو خەمساردە لە گواستنەوەی ستوونی کارەباکانو دوورخستنەوەیان لە چەقی کۆڵانەکان، ئەمە لەکاتێکدا چەندان ستوون کەوتوون بەهۆی ئەوەی ئۆتۆمبێل خۆی کێشاوە بە ستوونی کارەباکاندا، گەر ئەم حاڵە وا بڕوات چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت کارەساتی گەورەی لێبکەوێتەوە، هەروەها زەرەرێکی زۆری گەیاندووە بە هاوڵاتییانو حکومەتیش، تەنیا هۆکاریش کەمتەرخەمیی لایەنی پەیوەندیدارە، ئەمە بێجگە لەوەی حکومەت لە لێپێچینەوە لەو فەرمانگەیە بەرپرسیار دەبێت، بەهۆی کارانەبوونیو سستیی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بە مەبەستی خزمەتکردنی هاوڵاتییان، کە بووەتە جێگەی ڕەخنەی زۆری هاوڵاتییان، سنووری بەکرەجۆ بەگشتییو ئەم گەڕەکە بە تایبەتی لەو گەڕەکانەیە کە ژمارەی ماڵەکانی لە زیادبووندایە، تۆڕی کارەبای ئەم گەڕەکە زۆر کۆنە، پێشتر بۆ ژمارەیەک ماڵی دیاریکراو دانراوە، بەڵام ئێستا چەندان قات زیادیکردووە، کە ئەمە وایکردووە بەردەوام هاوڵاتییان گرفتی کارەبایان هەبێت بەهۆی ئەوەی کە کارەکان هەمووی بە پینەو پەڕۆ ئەنجام دەدرێتو تۆڕێکی کارەبای بێسەروبەرەی کۆنی هەیە، هۆکارێکی تر، ئەو ڕێژە کەمەی کارمەندانی ئیشکەرە (لەکاتێکدا بڕۆرە بنکەکە لەبەر زۆریی فەرمانبەری بێئیش گوێیان لە قسەی موراجیع نییە کە ئیشێکی هەیە) لە سیانەی کارەبای بەکرەجۆ کە بەردەوام ناوچەیەکە لە فراوانبووندایە، فریای چاککردنەوەی ناکەون، بە شێوەیەک ماڵی واهەیە بۆ شلبوونەوەی خەتی ساردی ماڵەکەی، دوو هەفتە بەبێ کارەباو ئاو ڕۆژی کردووەتەوە لەکاتی تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەمی خوێندنی ئەمساڵی قوتابیان، ئەمەش کاریگەریی زۆری کردووەتە سەر متمانەی خەڵکی بەرامبەر بە حکومەت بەگشتییو بەڕێوەبەرێتی کارەبای سلێمانی بە تایبەتی.

**دانیشتوویەکی گەڕەکی کۆستەی چەم**

بەختیار عەلی: واقیعی رۆژنامەگەری کوردی تراژیدییە 20

# رێـگـاکـانـی کـۆیـە شـکـسـتـدەهـێـنـن

**راپۆرتی: ئاری سابیر**

سەرەڕای ئەوەی نزیکەی (٣) ملیار دیناریان تێدا خەرجکراوە، هەردوو ڕێگای شەست مەتریی‌و هەرمۆتە لە قەزای کۆیە شکستیان هێناوە، بە بڕوای هاوڵاتییانیش حکومەت کەمتەرخەم بووە لە چاودێریکردن‌و سزادانی لایەنی سەرپەرشتیارو جێبەجێکاری پڕۆژەکان.

فەرهاد مەجید؛ شۆفیرێکی قەزای کۆیەیە، باس لەوە دەکات بەو پارەیەی کە لە پڕۆژەی شکستخواردوودا خەرجکراوە، دەتوانرا کێشەی خزمەتگوزاریی چەند گەڕەکێکی پێ چارەسەر بکرێت.

ئەو شۆفێرە بۆ ڕۆژنامە وتی: «فراوانبوونی کۆیەو زیادبوونی ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل، پێویستی بە ڕێگایەکی دەرەوەی شار هەیە، کە بە بەرنامەو پلان دروست بکرێت، بەڵام شکستهێنانی پڕۆژەکانی ڕێگاوبان لە کۆیە ئەوە دەردەخات کە هیچ پلانێک نەبووە لە کاتی ئەنجامدانی پڕۆژەکان».

پڕۆژەی ڕێگای (کۆیە ـ هەرمۆتە) لەلایەن وەزارەتی شارەوانی بڕی (یەک ملیارو پێنجسەدو شەستونۆ ملیۆن‌و چوارسەدوپەنجا هەزار دینار)ی بۆ تەرخانکراوەو دراوە بە کۆمپانیای شەقڵاوە بۆ جێبەجێکردنی، لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩) تەواو بووەو تاکو ئێستا چوار جار هەڵکەندراوەتەوەو چاکسازیی تێدا کراوە.


دیمەنی ڕێگای هەرمۆتە – کۆیە
فۆتۆ: رۆژنامە

فەرەیدون مامەند، یەکێک لە ڕۆشنبیرەکانی کۆیەیە، پێوایە شکستهێنانی ئەو پڕۆژانە جگە لەوەی زیانێکی زۆری بە بودجەی کۆیە گەیاندووە، ناوی کۆیەشی ناشیرین کردووە.

فەرەیدون بۆ ڕۆژنامە وتی: «(٣) ملیار دینار بودجەی یەک ساڵی (٧٠) هەزار کەسی دانیشتووی قەزایەکە، ناکرێت بەهەدەر بدرێت‌و هیچ خزمەتگوزارییەکی پێ ئەنجام نەدرێت، هەموو خەڵک دەزانێت پڕۆژەی ڕێگای شەست مەتریی کۆیە زیاتر لە (١٠) ملیار دیناری دەوێت، بەو بڕە پارە کەمە تەواو نابێت، ئەو بڕە پارەیە ڕێگایەکی لە بازگەی تۆبزاوەوە بۆ هەواوان پێ دروست دەکرا، باشتر بوو بەو پارەیە ڕێگایەکی ئاوای پێ دروست بکەن، نەک شەست مەتریی».

فەرەیدون، وتیشی: «دروستکردنی ئەو ڕێگایانە بۆ کەمکردنەوەی قەڵەباڵغی ناو شار بوو، ئەو پارە زۆرەی لە ڕێگای شەست مەتریی کۆیە خەرجکراوە هیچ سوودێکی نەبووە، کارەکانی بە تەواویی شکستیهێناوەو ڕێگای هەرمۆتەش هەموو مانگێک نۆژەن دەکرێتەوەو هەڵدەکەندرێتەوە، هاتوچۆ تێیدا زۆر سەخت بووە».

پڕۆژەی ڕێگای شەست مەتریی بازنەی کۆیە لە ٢٠٠٣/١٢/٢٧ بە شێوەی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن شارەوانیی کۆیەوە دەستکراوە بە کارکردن تێیدا، بڕی (دوو ملیارو چوارسەدو چلویەک ملیۆن) دیناری بۆ تەرخانکراوە، دوای ماوەیەک کارکردن تێدا پڕۆژەکە وەستاوە، بەبێ ئەوەی بتوانرێت هاتوچۆی پێدا بکرێت.

سەبارەت بە کێشەو کەموکوڕییەکانی ئەو پڕۆژانە، ئەندازیار **هیمداد مەجید؛ سەرۆکی تازەی شارەوانیی کۆیە** ڕایگەیاند: «بەنسبەت پڕۆژەی ڕێگای (هەرمۆتە ـ کۆیە)، ئێمە وەک شارەوانی تەنیا سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە بووین، چاودێریی‌و گۆڕانکاریکردنی پڕۆژەکە لەلایەن سلێمانییەوە بووە، ئەو ڕێگایە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت، بۆیە داوامان لە وەزارەتی شارەوانی کرد لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەو کێشەیە دروستبکات، تاوەکو بزانین کێ بەرپرسیارە لە لیژنە دروستبووەکە، پڕۆژەکەش لە بەڵێندەرەکە وەرنەگیراوە، هەر کەسێک کەمتەرخەم بێت سزا دەدرێت».

وتیشی: «پڕۆژەی ڕێگای شەست مەتریی بازنەی کۆیە، ماوەی پێنج ساڵە بە بڕیاری سەرەوە وەستاوەو بەشێک لەو بودجەیەی کە بۆی تەرخانکرابوو، لە بانک مابووەوە، ئێستا پردێکی لە نزیک گوندی هەواوان پێ دروستدەکرێت بۆ ڕێگایەکی دەرەوە».

# سەیدسادق پلەی یەکەمی بەردەکەوێت لە ک



**بەدواداچوونی: خالید مەحمود**

## کەرتی تەندروستیی

سوارە حەمە موراد، (٣٢)ساڵ کە دانیشتووی گەڕەکی سەرای قەزای سەیدسادقە، گازندەی خۆی بۆ ڕۆژنامە دەرکاند، لەسەر خراپیی کەرتی تەندروستیی لە قەزاکەیاندا، کە هەندێکجار ناچاریان دەکات ڕوو لە نەخۆشخانەکانی سلێمانی، یان هەڵەبجە، یان ناوچەکانی تر بکەن‌و دەڵێت: «لە نەخۆشخانەکەمان ڕازی نین، گەر کات گەیشتە دوانیوەڕۆ لە نەخۆشخانەی گەورەی سەیدسادق چارەسەر نییەو دەڵێن بڕۆ بۆ حەسار، بە دوو دەنک حەب ڕازیت دەکەن‌و ئەگەر گەورەترین نەخۆشیشت هەبێت لە کۆڵ خۆیانت دەکەنەوە، بۆ نەشتەرگەریی‌و نەخۆشیی گەورەش دەبێت بڕۆینە هەڵەبجەی شەهید، یان سلێمانی‌بەوقەرەباڵغی‌و نارەحەتییەی ڕێگا،جگە لە مەسرەفی زۆر کە لەوانەیە هەموو کەس پێی هەڵنەسوڕێت».

سوارە، بێئومێد بووە لەوەی ئەو کێشەو کەموکوڕییانەیان لە لایەن بەرپرسانەوە چارەسەربکرێت‌و وتی: «تەواو نائومێد بووین لە چوونمان بۆ لای بەرپرسان، بڕۆین‌و نەڕۆین، سوودی نییە، بە چەند قسەیەک ڕاییمان دەکەن‌و کێشەکانیشمان وەک خۆی دەمێنێتەوە».

## بێکاریی، دەردە کوشندەکە

باهر عەبدولقادر، تەمەن (٤٠)ساڵ کە لەبەردەم مزگەوتێکی سەیدسادقدا بە دیار عەرەبانەیەکەوە دانیشتبوو، لەپاڵ زیاتر لە (١٠٠) هاوپیشەی خۆیدا، چاوەڕوانی ڕێبوارێک بوو کە شتێکی لێبکرێت‌و خەمی بێبازاڕیی برەوێنێتەوە، وەک خۆی باسیکرد «چاوەڕوانم لەم بێبازاڕیی‌و بیکارییەی ئەم شارەدا، کەسێک شتم لێبکرێت، بێکاریی زۆر هەیە لەم شارەمان بەم شوێنە شوکرین، گەر شوێن هەبێت، لەبەردەم ئەم مزگەوتە ئەم ژمارە زۆرەی عارەبانە کۆنابینەوە».

باهر، دەڵێت: «کاتێک کەسێک بە ڕێبوارێی، بە قەزای سەیدسادقدا بڕوات، گەنجانێکی زۆر دەبینێت لە چاخانەکان کات بەسەردەبەن».

بێکاریی تەنیا خاوەن هێزو بازووەکانی نەگرتووەتەوە، بەڵکو خاوەن هێزی عەقڵ‌و بیریی سەیدسادقیشی نیگەران کردووە.

هێمن محەمەد، (٢٥)ساڵ؛ گەنجێکی دەرچووی زانکۆیەو بە نائومێدیی وتی: «نەک خۆم، هاوڕێم زۆرن کە تەواوبوون لە خوێندن‌و دانەمەزراون، دەشزانین کە خەڵکی هەڵەبجەو سلێمانی دادەمەزرێن ئێمە دانامەزرێین، لە کاتێکدا سەیدسادق پێویستی زۆری بە مامۆستا هەیە، پێویستی ئەمەش بە لاوازیی پەروەردەی سەیدسادق دەزانم، مەعقولە خوێندن تەواو بکەیت‌و کرێکاریی بکەیت».

## گۆڕستان لەبری باخچە

دیاری والی؛ خوێندکاری پێنجەمی وێژەییە لەگەڵ دوو هاوڕێی لەنێوان دوو(گۆڕ)ی گۆڕستانێکی سەیدسادقدا، گوزارشتی لە هەڵبژاردنی ئەو شوێنە لەبری باخچە دەکردو بەوپێیەی قەزای سەیدسادق باخچەیەکی بۆ ئەوان تیا نییەو وتی: «لە بێشوێنی نەبێت، کێ حەز دەکات بڕواتە ناو گۆڕستان، لەبری ئەوەی بێتاقەتی‌و ناخۆشیی دەروونمان لابەرین، دەروونمان ئازار دەدرێت، خۆمان وەک مردوو دەبینین کە لەگەڵ ئەم گۆڕو مردووانە دەبینە هاوڕێ کە جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لەنێوانماندا».

دیاری، ڕەخنە لە بوونی تەنیا باخچەیەکی دوور لە شار دەگرێت‌و دەڵێت: «تەنیا باخچەیەک هەیە زۆر دوورەو گەنجی گیرفان بەتاڵی بێکار، یان خوێندکارێکی وەک ئێمە کە ماڵەوەمان پارەمان دەداتێ بە ئەستەم خوێندن تەواو بکەین لەکوێمانە پارەی تەکسی بدەین بۆ چوون بۆ ئەو باخچەیە».

سەردانکردنی گۆڕستان لەلایەن گەنجەکانی سەیدسادقەوە لەبەری باخچە، بەدەر نییە لە گومانی خەڵک‌و ماڵە هاوسێکانی ئەو گۆڕستانە، هەروەک دیاری باسیکرد، «گەر ڕێبوارێک نەزانێت، گومان دەبات کە بۆچی ئەم گەنجانە لێرە دانیشتوون، بەڵام ماڵەکانی نزیک گۆڕستانەکە لایان ئاسایی بووەتەوە دەزانن لە بێشوێنیدا لێرەین، بەڵام خەڵکانێک هەن لەوانەیە وا گومانبەرن کە هەرگەنجێک دێتە ئێرە، بۆ خواردنەوەو سیکۆتین هەڵمژین دێت».

مێردمنداڵانی قەزای سەیدسادقیش بەدەرنین لە خەمی بێباخچەیی‌و شاری یاریی، ڕێباز قادر کە خوێنکاری چواری بنەڕەتییە، ئاماژە بەوە دەکات؛ کە شاری یارییان نییە، دەبێت لە ماڵ نەیەینەدەر لەبەر قوڕو چڵپاو، یان دەبێت بچینە گۆڕستان بۆخلیسکێنە کە لەسەر بارزاییەکی گڵین دروستکراوە، بەڵام «کە دەڕۆم بۆ سلێمانی یاریی چەلەقوفەلەق‌و یاریی تر دەکەم، زۆرخۆشە».

## خزمەتگوزارییەکی ون

قەزای سەیدسادق کە (١٤)هەزار ماڵی تێدایەو لە چوار گەڕەکی سەرەکیی(حەسار، سەرا، شێخان، بەرکێو) پێکهاتووە، بە دەست پەتای نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی ڕێگاوبان‌و ئاوو ئاوەڕۆ... هتد وە دەناڵێنێت.

نەسیم عوسمان، تەمەن (٣٨)ساڵ کە ئافرەتێکی ماڵەوەیە، لە دووری (٢٠٠) مەترەوە بە سۆندە ئاوی بۆ ماڵەکەی ڕادەکێشا، بەهۆی دروستکردنی ئاوەڕۆیەکی سندووقیی بۆ گەڕەکەکەیان. نەسیم وتی: «چەند ڕۆژێکە شارەوانی ئاوەڕۆی سندووقیی بۆ هێناوین، بەڵام خۆمان وەک کرێکار یارمەتیمان داون، چەوڕێژ نەکراوەو بەبێ جزمە هاتوچۆ ناکرێت‌و بەهۆی ئەو مەشروعەوە مانگێکە نەموێراوە ئاو بگرم، چونکە لێڵ‌و پیس بووە.

کارەباش، خەمێکی تری نەسیم بوو کە وەک خۆی ئاماژەی پێدا، «لەبری ستوونی ئاسن، لە دووری (٥٠٠) مەترەوە کارەبایان بەسەر دارەوە ڕاکێشاوە بۆماڵەکانیان».

هەندێک گەڕەکی تری قەزای سەیدسادق، نەک پڕۆژەیەکی ئاوەڕۆی نیوەناچڵ، بەڵکو پڕۆژەی لەو جۆرەیان تائێستا نییەو خۆیان چاڵ بۆ زێرابەکانیان هەڵدەکەنن.

سەمیرە حسێن، تەمەن (٤٧)ساڵ کە ئافرەتێکی دانیشتووی گەڕەکی بەختیاریی سەیدسادقە، باسی لە نەهامەتیی ئەو زێرابە دەستکردانەو مەترسیی تێکەڵکردنی کرد بە ئاوی بیرو وتی: «ئاوەڕۆمان نییە، چاڵمان هەڵکەندووە بۆ زێراب، ترسیشمان زۆرە ئاوی بیر تێکەڵ بە زێراب ببێت، چونکە لەیەک حەوشەدان، ماڵیش هەیە چاڵی هەڵنەکەندووە هەر بە گەڕەکەکەدا دەڕوات، ئاوی سەرەکیش نییەو گەر ماڵێک هەیبێت، تەنکییەکی بچووک زیاتر پڕناکات».

وەستا یادگاری کەبابچی، کە (١٥)ساڵە ئەو پیشەیە دەکات، لەوە تورەیە کە لەسەر حسابی خۆیان بە بڕی تێچوونی (٨٠٠) دۆلار، ئەلیکۆبۆنیان بۆ دووکانەکانیان پێدەکەن، لەکاتێکدا کە خزمەتگوزارییەکانی تر لە ئاستی پێویستدا نین‌و نارەزایی بوو لەوەی کە بە ناچاریی سیمای ناوبازاڕیان پێدەرازێننەوە، لەکاتێکدا کۆڵانەکان وێران‌و قوڕاویی‌و بێخزمەتگوزارین، بۆیە وتی: «من کرێچیم لەم دووکانە، شارەوانی لەسەر حسابی خۆمان ئەلیکۆبۆنمان پێدەکات بۆ دووکانەکانمان، پێدەچێت تەنیا لەبەر ئەوەی سیمای بازاڕ جوان بکات، گەر ڕێبوارێک هات ناشرینییەکان‌و قوڕو چڵپاو و کەموکورتی ئەم شارە دیار نەبێت، با شارەوانی خۆی ئەو کارەی بکردایە، نەک دووکاندارەکان».

وەستا یادگار، پێیوایە: قەزای سەیدسادق سیمای شاری پێوە دیار نییەو دەڵێت: «سەیدسادق سیمای شاری پێوە دیار نییە، ئەم قەزایە چێشتخانەو عەیادەو هەموو جۆرێکی لە یەک ڕیزدان، کەس لێکیان جیاناکاتەوە، بە تایبەت نەخوێندەوارو نەشارەزا، کە خەڵکی


سەید سادق
فۆتۆ: خالید



# ـــــامەگەری کوردی تراژیدییە

> لە کوردستان ئێستا سەدان سەرنووسەرو سەدان خاوەنی ئیمتیازمان هەیە، چەندیان دەتوانن ستوونێکی باش بنووسن؟

کەناڵێک بۆ ئەو کینەو عەشقەی ناو خۆیان بدۆزنەوە... هەر لە بەر ئەوەشە لە وڵاتی ئێمە سیاسەت ناوەڕۆکە ئایدیۆلۆژییەکەی هەرچییەک بێت، دواجار دادەگەڕێت بۆ گەمەیەک، کە تەنیا لەسەر سۆزو عاتیفەی مرۆڤەکان ئیشدەکات... سیاسەتی بەهێز لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەیە، کە زۆرترین بڕ لە ئیحساساتی خۆشەویستیو کینە دروستبکات... زۆرترین هەست بجولێنێت... بە بەهێزترینو گوڕمدارترین شێوە مرۆڤەکان بهەژێنێت. لێرەوەیە هەم هەڵەی گەورەی سیاسەتو هەم هەڵەی ترسناکی میدیای ئێمەش لەگەڵ سیاسەتدا دەستپێدەکات. میدیای ئێمە هەموو ئەم گەمەیە لەگەڵ سیاسەتدا دووبارە دەکاتەوە، دەبێتە سەحنەو شانۆی هەموو ئەو دیاردانە... دەبێتە شوێنی رقو بوغزو تورەییو لاقرتیکردن، هەتا کاراکتەری هەندێک لە رۆژنامە حیزبی، یان میدیا دووەمەکانی حیزب زۆر لە کاراکتەرە سیاسییەکان دەچێت، لە دۆخی ئاساییدا وەک سیاسییەکان ویقارێکی رووکەشو خۆپارێزییەکی جەنتڵمانانە دەبینین، بەڵام کە سیاسییەکان تورە دەبنو هەڵدەچنو زمانیان لە ویقاری رۆژانە دەترازێت، ئەوانیش هەم تورە دەبنو هەڵدەچنو زمانیان دەگۆڕێت. هەندێکی دیش لە میدیامان هەیە، لەسەر یەک هێڵ تورەییو گرژییو ناعەقلانییەتی سیاسیی دروستدەکەن، من کێشەم لەگەڵ میدیایەکدا نییە سیاسیی بێت، بەڵام کێشەم لەگەڵ میدیایەکدا هەیە، توانای بینینو تێگەیشتنو تێرامانی لە جەوهەری سیاسەت نەبێت، کێشەم لەگەڵ میدیایەکدا هەیە کە بێئاگایانە نەخۆشییەکانی سیاسەت دووبارە بکاتەوە، زۆربەی میدیای ئێمە بۆ ئەوە دانەمەزراوە باس لە ئابوورییو فەرهەنگو کەلتوور بکات، بۆ ئەوە دامەزراوە کە کەناڵیزەی ئەو هەستو سۆزو عەشقو تورەبوونە سیاسییە بکات، کە لە ناو دەروونی مرۆڤەکاندا کۆبووەتەوە.... هەتا میدیای ئازاد لەمڕووەوە مۆدێلێکی جیاوازی پێشکەش نەکردووین. چاککردنی ئەم دۆخە پێویستی هەم بە عەقڵانیکردنی تەواوی کایەی سیاسییو هەم بە عەقڵانیکردنی میدیا هەیە... ئەمەش لە ئێستادا داوایەکی کەمێک خەیاڵییە، چونکە بۆ ئەوەی سیاسەت ریفۆرم بکەین، پێویستیمان بە کۆمەڵێک گۆڕانی ریشەییو رادیکال لە کۆمەڵگەدا هەیە... بەهەر حاڵ ئەوەیان باسێکی ترە. ئێستا گرنگە سیاسەت وا لێبکەین، لەوە دووربکەوێتەوە کە تەنیا شانۆو تەنیا سەحنەی کینەو خۆشەویستی، شەڕو برایەتی بێت، مرۆڤەکان دەبێت سۆزو هەڵچوونو پێداویستییە دەروونییەکانی خۆیان بە پلەی سەرەکیی لە دەرەوەی سیاسەت تێر بکەن، بۆ ئەوەی بەو هەموو گرێ دەروونییەوە نەیەنە ناو سیاسەت... بە بڕوای من میدیای باش ئەوەیە؛ کە دەبێتە جێگەی تێرامانو بیرکردنەوە، جێگەی بە عەقڵانیکردنی سۆزو عاتیفەکانی مرۆڤ، دوورخستنەوەی سیاسەت لە نەخۆشیو دوورخستنەوەی نەخۆشەکان لە سیاسەت، ئەوە ئامانجێکی ئیدیالە کە باوەڕناکەم ئێمە لە ژیانی خۆماندا بیبینین، بەڵام دەبێت کار بۆ ئەوە بکەین نەوەکانی دواتر بیبینن.

**رۆژنامە: ئەگەر لە ئەمریکاو ئەوروپا شەڕی کەپیتاڵە سەرمایەدارەکانو کۆمپانیا زلهێزەکان راستەوخۆ لەناو میدیادا بێت، پێتوانییە لای ئێمە شەڕی سەرکردە سیاسییەکان پانتاییەکانی میدیای تەنیوە، ئەمە تا چەند خزمەت بە داگیرکردنی فیکری خەڵک دەکات، لە لایەن سیاسییەکانەوە؟**

* میدیا لە سیستمی کەپیتاڵیزمیدا رۆڵێکی گەورە لە دروستکردنی مرۆڤی تاکرەهەنددا دەبینێت، مرۆڤێک کە توانای تورەییو نارازیبوونی نەماوە، مرۆڤێک بووە بە ماشێنێکی گەورەی مەسرەفکردن، بەڵام میدیا لە خۆرئاوادا هەندێک شتی دیکەش دەکات، کە گرنگەو بایەخێکی ستراتیژیی لە پتەوکردنی هوشیاریی دیموکراسیدا هەیە، بە کورتی میدیای خۆرئاوایی بە دیوێکدا بەشێکە لە سیستمی کەپیتالیستی کە سەرمایەی گەورەی تێدا دەگەڕێت، بەڵام بە دیوێکی دیشدا رۆڵێکی ستراتیژیی لە بەهێزکردنو پراکتیزەی دیموکراسییەتدا دەبینێت... نابێت ئەم دوو خاڵە لە یەکدی جیانەکەینەوە، بۆ نموونە لە خۆرئاوادا موقەدەسێکی سیاسیی، یان دینی نەماوە کە میدیاکان بیپارێزن، دەسەڵاتی سیاسیی ناتوانێت راستەوخۆ رێگریی لە میدیا بکات، ئەوەی میدیا بڵاوی دەکاتەوە کەس ناتوانێت سووکو سادە فەرامۆشی بکاتو گوێی لێ نەگرێت، بە هۆی میدیاو بزێویی ئەوەوە، سیستمی زانیاریی لە ئیدارەدانو بەڕێوەبردنو ئابووریدا ناتوانێت رۆشنو شەفاف نەبێت، لەوێ سیاسیی موبارەکو سەرۆکی ئەبەدی بوونیان نییە تا دەزگای راگەیاندن دروستبکەنو تەلەفزیۆن دامەزرێنن، کە ئیشیان ئەوەبێت دەهۆڵو زورنای بۆ لێبدەنو لە هەڵبژاردندا بۆ کاری خۆی بیانخاتە گەڕ، میدیا لەوێ بەشێکی گرنگی کایەی سیاسییە، بەڵام بەشێکی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی دەسەڵاتی سیاسیی نییە، بە کورتی ئەم مۆدێلە کە لە کوردستاندا باڵادەستە، کۆپییەکی ئەزموونە دیکتاتۆرییەکانەو نە لەدوورو نە لە نزیک کارێکی بە مۆدێلو سروشتی ئیشکردنی میدیاوە لە دیموکراسییەتەکانی خۆرئاوادا نییە، لە خۆرئاوا کەپیتاڵیستێک دەتوانێت سەرمایەی خۆی بخاتە بواری میدیاوەو کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دابمەزرێنێت، بەڵام سیاسییەک، لە پارەو ماڵی گشتیی، لە سەروەتی کۆمەڵگە ئەو کارە بکات، ئەمە مەحاڵە... لای ئێمە مۆدێلێکی سەد دەر سەد دیکتاتۆری ترسناک باڵادەستە، ئەوە تەنیا بیرکردنەوەی خەڵک نییە کە داگیر دەکرێت، بەڵکو ژیانیو هەستەکانیو نانیو بژێویو ئیشیو پاشەڕۆژی هەمووی لە دەستی ئەو نوخبە حوکمڕانەدایە، کە لە سەرەوە وڵات دەبەن بەڕێوە. دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانو دەزگا حیزبیو ئەمنییەکانیان بەرامبەر هاوڵاتییان رەهاو بێ سنوورە، هاوڵاتی سادەی ئێمە بەرامبەر دەزگاکانی حیزبو دەوڵەت بوونەوەرێکی رووتەڵو بێ مافە، دەسەڵات لای ئێمە درندەیەکی ترسناکە، کە خۆی نەبێت کە هەندێجار بە پێویستی دەزانی خۆی رابگرێت، هیچ هێزێک نییە بتوانێت بیوەستێنێت، بە کورتی دەسەڵات لای ئێمە هێشتا لەوە سەرەتاییترو پریمیتیڤترە کە بیەوێت لە رێگەی «توندوتیژییەکی رەمزییو ناڕاستەوخۆوە» لە رێگەی بەگەڕخستنی ئەو تەکنیکە تازانەوە، کە «میدیای مۆدێرن» پێشکەشی دەکات، دەست بەسەر خەیاڵو بیرکردنەوەی خەڵکدا بگرێت... دەسەڵات لای ئێمە سروشتی دەسەڵاتی کالیگۆلایی هەیە، هێزێکی رەهایە کە دەتوانێت هەر کەسێک بیەوێت بیکوژێتو سزاش نەدرێت، هەر کەسێک بیەوێت بیگرێتو کەسیش نەزانێت بۆ گرتوویەتی، هەر ماڵێکو زەوییەکو دەزگایەکی بوێت داگیری بکاتو کەسیش نەتوانێت بڕیارەکەی هەڵوەشێنێتەوە، هەر بڕیارێک دڵی بگرێتو هەر یاسایەک حەزی لێبکات دەریبکاتو گوێ لە هیچ تورەبوونێکیش نەگرێت... دەسەڵاتی سیاسیی لای ئێمە هێشتا دەسەڵاتێکی موتڵەقە، دەسەڵاتێکی بێ سنوورو بێ بەربەستە... ئەوەی دەچێتە سەر تەخت، دەبێت بە نوێنەری خوداش لەسەر زەوی، گەمژەییە وا بزانین ئەوەی لە خۆرهەڵاتدا بە گشتیی و لە کوردستاندا بە تایبەتی هەڵبژاردن دەباتەوە دەبێت بە نوێنەری میللەت لەناو دەزگاکانی دەوڵەتدا، ئەوەی لە خۆرهەڵاتدا هەڵبژاردن دەباتەوە دەبێت بە نوێنەری خودا لەسەر زەوی... دەبێت بە ئیرادەی موتڵەقی ئەو بەسەر ژیانی هاوڵاتییانەوە... هەڵبەت خوداش هیچ هەڵبژاردنێک نادۆڕێنێت، لەبەر ئەوە حوکمڕانان لە دەڤەری ئێمەدا وا دەردەکەون، وەک ئەوەی ئەبەدی بن... هەر بەو هۆکارەش هێزی حوکمڕانانی ئێمەو دەسەڵاتی رەهایان بەسەر ئازادییو ژیانی ئێمەوە رەهاو ئەبەدیو بێ سنوور دەردەکەوێت. لێرەوە کاتێک دەسەڵاتداران «وەک پشیلەیەک کە یاریی بە مشک دەکات» بەو چەشنە یاریی بە رۆژنامەکان دەکەن، لەبەر ئەوە نییە کە ناتوانن ئەو رۆژنامانە دابخەن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە نایەوێت دایانبخەن... خودا دەتوانێت هەموو رۆژنامەیەک دابخاتو سەرۆکەکانی ئێمەش نوێنەری خودان لەسەر زەوی، ئالێرەدا تەواو جیاوازیی دیموکراسییەتو دیکتاتۆرییەت دەردەکەوێت، لە دیکتاتۆرییەتدا کە ناکوژرێین، کە دەممان داناخرێت، لەبەر ئەوەیە کە سەرۆکو نوخبەی حوکمڕان نایەنەوێت بمانکوژنو دەممان دابخەن، بەڵام لە دیموکراسییەتدا کە ناکوژرێینو دەممان داناخرێت، لەبەرئەوەیە سەرۆکو نوخبەی دەسەڵاتدار ناتوانن بمانکوژنو دەممان دابخەن، سیستمێکو یاسایەکو کۆمەڵێک پرەنسیپی کۆمەڵایەتیو سیاسیی هەیە رێگریییان لێ دەکات، لەبەر ئەوەی سوپاو هێزی چەکدارو ئاسایش بۆ ئەوە دروست نەبوون سەرۆکو سیاسییەکان بپارێزن، ئەم جیاوازییە زۆر زۆر گەورەیە، بە ئەندازەی جیاوازیی نێوان کالیگۆلاو تۆکفیل گەورەیە... ئامانجی دیکتاتۆرییەت کوشتنی خەڵک نییە، بەڵکو ئەوەیە بە خەڵک بڵێت؛ ژیانو بوونو بژێوییو ئازادییان بەدەست ئەوە، کە دیکتاتۆر یەکێک دەکوژێت بۆ ئەوەیە لە رێگەی کوشتنی چەندانێکەوە ئەو پەیامە بۆ ئەوانی دی بنێرێت، کە ئەوان زیندوونو مووچە وەردەگرنو کاریان هەیەو هەناسە دەدەن لە بەرەکەتی ئەوە، لێرەوە لە کوردستانو دیکتاتۆرییەتەکانی دەوروبەریشماندا دەسەڵاتدارەکان لە رێگەی کاریگەریی میدیاوە حوکم ناکەن، میدیا تەنیا هۆکارێکە، هێزێکی یاریدەدەرە، دیکۆرێکی مۆدێرنە، سەحنەیەکی خۆنمایشکردنو خۆبینینەوەیە... بە بڕوای من دەسەڵات لای ئێمە هێشتا بە زەبری راستەوخۆ، بە داگیرکردنی جێگەی خوداوەند، بە کۆکردنەوەی رەهای هەموو دەسەڵات لە چنگی خۆیدا کار دەکات... لێرەوە هەم شوبهاندنی دەسەڵات لەم کۆمەڵگەیەدا بە دەسەڵات لە سیستمی خۆرئاواییدا هەڵەو ناجایزە، هەم شوبهاندنی وەزیفەو مانای میدیا لەم دوو کۆمەڵگەیەدا بە یەکدی، هەڵەو نابەجێیە.

**رۆژنامە: لە رابردوودا، چ لە دوایین کارتدا «جەمشید خانی مامم...»، چ لە ژوورەکەی خۆتدا لە رۆژنامەی ئاوێنە. هەڵوەستەی جدیت لەسەر میدیاو میدیاکاران کردووە ئەو تێکستانە بێزارییەکی گەورەیان لێ دەخوێنرێتەوە، سەرچاوەی ئەو بێزارییە چییە؟**

* میدیا شتێک نییە هەموویت قەبووڵ بێت، یان هەمووی رەتبکەیتەوە، میدیا لە مەتریالگەلێکی زۆر پێکدێت، رەخنەی من دەرهەق بە میدیا وەک رەخنەم وایە لە زانکۆ، وەک رەخنەم وایە لە کایەی سیاسیی لە کوردستان... من چاوەڕوانی ئەوەم نییە هەموو گۆڤارو تەلەفزیۆنو رۆژنامەیەک ببێتە مینبەرێکی فیکری، بەڵام کە سیاسەت بە مانا هەرە سادەو سەتحییەکەی، کە نووسینی کلێشەیی، کە نوقمبوون لە رۆژانەدا بووە کەلتووری باو، کە جیاوازیی نەبوو لەنێوان میدیاکارو هەر فەرمانبەرێکی تەمەڵی دائیرەیەکدا، کە خەیاڵ لە رۆژنامەکاندا مرد، کە شتەکان بوونە قاڵبی نەشکاو، کە رۆژنامە بووە کلێشەیەکی هەفتانە، کە رۆحی نوێبوونەوە مرد، کە هەرگیز تیشکی تێفکرین دەرنەکەوت، بە ئەرکی خۆمی دەزانم سڵاو و ستایش لە کاری وا نەکەم.

سەیرکە... لە کوردستان ئێستا سەدان سەرنووسەرو سەدان خاوەنی ئیمتیازمان هەیە، چەندیان دەتوانن ستوونێکی باش بنووسن؟ داوای لێبووردن دەکەم باسی ئەو ستوونانە ناکەم کە لەسەر پارتیو یەکێتی دەنووسرێن، کابرایەکی نەخوێندەوار لەوسەری دونیاشەوە بێنە، دوای دوو مانگ دەتوانێت کتێبێک لەسەر خراپیی حاڵو گەندەڵییو کێشەکانی ناو وڵاتەکەی ئێمە بنووسێت... باسی ئەوانە ناکەم کە لەسەر خۆڵی ناو بازاڕو نرخی تەکسییو نەبوونی خزمەتگوزاریی دەنووسن، لەگەڵ رێزمدا بۆ ئەو کەسانە، بەڵام مرۆڤ تەنیا بەوانە نابێتە رۆژنامەنووسێکی کارامە، من نموونەیەک پێشانی بەڕێزتان دەدەم، «جیهاد خازن» سەرنووسەری رۆژنامەی الحیاە، پیاوێکی زۆر دژە جوو و ئەنتی سامییە، رقێکی کوێرانەو هەتا فاشیستیانەی بەرامبەر هەموو جوویەک هەیە، بیرو بۆچوونەکانی نیگای عەرەبێکی توندڕەو و فاشی نیگا بەرجەستە دەکەنەوە، خۆی خزمەتکارێکی فەرمانڕەوایانی سعودییە، بەڵام ئەم پیاوە پسپۆڕە لە هەموو کونو کەلەبەرێکی ئیسرائیل، پسپۆڕە لە هەموو وردەکارییەکانی پەیوەندیی ئیسرائیل بە دەرەوەی خۆی، پسپۆڕە لە هەر دەزگاو کونجێکدا ئیسرائیل لە دونیادا دەستی پێبگات، هەموو ئەندامانی لۆبی ئیسرائیلی لە خۆرئاواو ئەمریکادا دەناسێت، ئاگای لە جوڵەیانە... تۆ عەزیزم یەک رۆژنامەنووسی کوردم پیشانبدە، نەوەک بتوانێت راپۆرتێکی وردو دەوڵەمەند لەسەر حیزبەکانی باشووری عێراق بنووسێت، بەڵکو راپۆرتێکی ورد لەسەر بەرەی تورکمانیو جوڵەیانو زمانیانو پەیوەندییان لە کەرکوکدا بنووسێت، کە بە حیساب کەرکوک جەوهەری کێشەی ئێمەیە، لە هەموو کوردستاندا رۆژنامەنوسێکم پیشانبدە، پسپۆڕ بێت لە ئێراندا، بەو مانایەی بزانێت لە پشت دەرگاکانو لە ژێرەوە چی لە سیاسەتی ئەم وڵاتەدا روودەدات، توانیبێتی دوو پەیوەندیی گرنگ لەگەڵ بەرپرسەکانی ئەوێدا دروستبکات، توانیبێتی بگاتە هەواڵێک، راستییەک، دەرەنجامێک کە بە ئیشو چالاکیی خۆی پێی گەیشتبێت، نەوەک لە رۆژنامەنووسێکی ترەوە وەریگرتبێت. ئازیزم، واقیعی رۆژنامەگەریی کوردی تراژیدییە... لە ئاستی لۆکاڵدا تەنیا ئەو شتانە دەبینێت کە هەمووان بە چاو دەیبینن، گرنگترین بەدواداچوونی بۆ رووداوەکان لەوە تێناپەڕێت موقابەلەی قایمقام بکات... لە ئاستی دەرەوەشدا، جگە لەوەی کاری وەرگێڕان دەکات بۆ هەواڵی رۆژنامەو ئاژانسەکانی دەرەوە، هیچی تر ناکات، دوای ئەوە رۆژنامەگەرییەکو میدیایەک دروستبووە کە نە فیکر، نە هونەر، نە ئەدەب لە ناویدا جێگەیان نابێتەوە، وتارێک بنێرە دوو هەزارو پێنجسەد وشە بێت، لە هیچ رۆژنامەیەکدا بڵاونابێتەوە، دەڵێن؛ درێژە بۆ رۆژنامە نابێت، بەڵام تێناگەم ئەم بۆچوونە هەڵەیە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە.. لە ئەڵمانیا هەموو رۆژنامە گەورەکان رۆژانە بە زیاد لە چل لاپەڕەی گەورە دەردەچنو پڕیشن لە وتاری درێژ لەسەر هەموو بوارەکان، ئیدی لە ژینگەوە بیگرە بۆ دیکۆرسازیی، لە شانۆوە بیگرە بۆ گەردووناسی، هەموو بوارێکیش رۆژنامەنوسی خۆی هەیە، نەک هەر ئەوە ئەسڵەن لەم رۆژنامەگەرییەی ئێمەدا خەڵکانێک بتوانن بە هێزێکی زانستییو مەعریفییەوە نووسین هەڵبسەنگێنن، ونەو نابینرێن... من دوو ساڵە سەیری رۆژنامەگەریی کوردی دەکەم، زیاد لەسەدا پەنجای ئەم رۆژنامەگەرییە لەوەدا سەرفبووە، یان ستایشو پیاهەڵدانە بە بارزانیو تاڵەبانیدا، یان رەخنەو داپلۆسینە بۆ ئەم دوو کەسە، ئازیزم نە سیاسەت، نە کەلتوور، نە مەعریفەت بەمە پێش ناکەوێت، چۆن رۆشنبیریی ئێمەو هوشیاریی سیاسیی ئێمەو جیهانبینی ئێمە فراوان دەبێت، گەر هەموو ژیانمان هەر خەریکی ئەوەبین ئەم پرسیارە زەقو سادەو سواوانە دووبارە بکەینەوە؟. دیکتاتۆرییەتو زوڵمی سیاسیی لە کوردستاندا ریشەکانی لە نەزانینو جەهلدایە... رۆژنامەگەریی ئێمەش شتێکی نەکردووە بۆ ئەوەی ئەو واقیعە تێبپەڕێنێت، بە پێچەوانەوە پێکرا بەرهەمیدەهێننەوەو بەهێزیدەکەنو وەک ئاسایی دەیخەنە روو... بە کورتی من شتێک نابینم پێی سەرسام بم، گەر هەڵەم هیوادارم یەکێک یارمەتیم بداتو بۆم راستبکاتەوە... دڵنیابە گوێدەگرمو داوای لێبووردنیش دەکەم.

> بەشی هەرە زۆری رۆژنامەنووسانی ئێمە لە فەرمانبەری «صادرە»و «واردە» دەچن... شت لە دەرەوە وەردەگرنو لە رۆژنامەکەدا ریزبەندیی دەکەنو ژمارەیەکی لێ دروستدەکەن، بێئەوەی ئیشێکو داهێنانێکو جێ پەنجەیەکی راستەقینەی کادێرەکانی میدیا خۆیان ببینین

> ئەوەی کە ستراکتوری میدیای کوردی پێ دەناسرێتەوە ئەوەیە؛ کە ناتوانێت لە رۆحی دەزگای حیزبی رزگاری ببێت، هەتا لە دەزگا ئازادو ئەهلییەکاندا رۆحی دەزگای حیزبی، مەنتالیتەیتی دەزگای حیزبی کار دەکات

# بەختیار عەلی: واقیعی رۆژنـ...

**بەختیار عەلی، نووسەرو رۆماننووس، بە (٢١) ساڵ تەمەنی نووسینییەوە، مەملەکەتێکی فراوان لە وشە، ریزبەندێکی نەپچڕاو لە رستە، گەردلوولێکی هەمیشەیی لە ماناو تێکستێکی بـیـنـاکراو لە دینامیکییەت پێکدەهێنێت.**
**ئەو، کە پانتاییەکی فراوانی لە دنیای رۆشنبیریی ئێمە داگیرکردووە، لە دیمانەیەکی تایبەت بە میدیاو میدیاکاران، «رۆژنامە» لە هەوڵی ئەوەدایە کۆدی ئەو بەشەی بەختیار بکاتەوە، کە پـڕ پـڕە لە رەخنەی لۆژیکیو بونیادنەرانە بەرامبەر کایەی میدیا لە هەرێم.**
**بەختیار، بە گومانەوە لە وشەی میدیای کوردی رادەمێنێتو بەشێکی زۆری وەڵامەکانیشی دوایین تێکستەکانی ئەو لەسەر میدیا دروستیکردوون، لەم بەشەدا نووسەر ئاماژە بە خاڵێکی سـانـا، بـەڵام لە جەوهەردا پڕ ئیشکال دەدات، ئەویش میدیاو قوتارنەبوونیەتی لە دەست پەروەردەی حیزب.**

**سازدانی: دلێر عەبدولخالق**

**بەشی یەکەم**

**چۆن لە ستراکچەری میدیای کوردی دەڕوانیت؟**

* رەنگە وەڵامێکی قورس بێت گەر بڵێم؛ زۆر لە بەکارهێنانی وشەی میدیای کوردی بە گومانم، لە وڵاتێکدا بە دەگمەن پسپۆڕی سیاسیی، یان ئابووریی، یان ئەدەبی، یان وەرزشی تێدا بێت، دەرکردنی رۆژنامە بە مانا راستەقینەکەی نامومکینە. رۆژنامە ئەرکی ستافێکی گەورەیە لە خەڵکانی پسپۆڕ لە بواری جیاجیادا... ستافێکی زۆر گەورە، ئێمە ستافی وا گەورەمان لە زانکۆکانیشدا نییە، نـەوەک لە رۆژنامەکاندا. ئـەوەی لە کوردستان هەیە، هەندێک هەواڵنامەیە... هەواڵ بە سروشتە سادەو سەرەتاییەکەی، بە چەشنی مەتریاڵێکی خاو کە ئیشی لەسەر ناکرێت، هەواڵ بەشێکی گرنگی رۆژنامەیە، بەڵام هەموو شتێک نییە... دیارە قسەکردن لە ستراکچەری میدیا، ئاسان نییە... میدیا لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک بواری جیاجیا دروستبووە، لەناو رۆشنبیرییەکی لاوازدا میدیایەکی چالاک دروست ناکرێت... من زۆرجار گووتوومە: میللەتێک کتێبخانەیەکی گـەورەی نـەبـێـت، نـاتـوانـێـت زانـکـۆی راستەقینەی هەبێت، ئەم رستەیە بۆ میدیاش دروستە، میللەتێک کتێبخانەکەی لە کتێبی گرنگو دەوڵەمەند پڕ نەبێت، رۆژنامەی باشیشی بۆ دەرنـاکـرێـت، میدیا خـاڵـی بەریەککەوتنو کۆبوونەوەیکایەی سـیـاسـیـیو کـایـەی رۆشنبیرییە لەسەر یەک رووبـەر... واتـە بە جۆرێک لـە جۆرەکان چۆنیەتی کایەی سیاسییو کایەی رۆشنبیریی، چۆنیەتی میدیاش دەستنیشان دەکەن، سیاسەتێکی بێفیکرو رۆشنبیرییەکی لاواز سێبەری قورسی خۆیان دەخەنە سەر هەموو کەناڵەکانی میدیا، میدیا لە کوردستان سەرەتا بەشێک بووە لە چالاکی سیاسیی، واتە لکێک بووە لە لکەکانی خەباتی حیزبی، بە مانایەک لە ماناکان میدیا لە هەناوی بزووتنەوەی سیاسیدا گەورە بووە... کادێری میدیا، کادێرێکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو خوێندەوارێکی حیزبی بووە، ئەم رۆحە تائێستا بە دوای میدیاوەیە... تا ئەمڕۆ سێبەرەکەی لەسەر سینەی میدیا نیشتووە، تائێستا میدیای ئێمە جگە لە گەمەی سیاسییو جەنگی سیاسییو بەرەگیری سیاسیی لە فەزای تردا ناژی... هەموو سەرمایەکەی ئەوەیە کە لە سیاسەتەوە وەریدەگرێت، میدیاکاری ئێمە تائێستا خۆی وەک میدیاکار نابینێت، بەڵکو هەموو شتەکانی لە وەزیفە سیاسییەکەی خۆیدا کورتکردووەتەوە، لێرەوە ئەم میدیایە جگە لەوەی کە بە پەیامێکی سیاسیی سادەو زەقو سەرەتاییدا دەناسرێتەوە، ناوەرۆکێکی فیکری نییە، تەواوی ئاستەکانی تری لاوازن... هێزی دەرەنجامگیریی لە رووداوەکـان بچووکە... توانای لەسەر خوێندنەوەی دەوروبەر بچووکە. رێگەی بۆ سەر دونیاکانی تر، هەم تەسکو هەم بێبوارە... ئەوەی کە ستراکتوری میدیای کـوردی پێ دەناسرێتەوە، ئەوەیە؛ کە ناتوانێت لە رۆحی دەزگای حیزبی رزگاری ببێت، هەتا لە دەزگا ئازادو ئەهلییەکاندا رۆحی دەزگای حیزبی، مەنتالیتەیتی دەزگـای حیزبی کار دەکات... میدیای ئێمە هێشتا بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشێکە لە حیزب... هەتا ئەوەشی کە جیابووەتەوە لە حیزبو ئازادە، نەیتوانیوە لە مەنتالیتەیتی کاری سیاسیی پاکبێتەوە، هەر بە رۆحی گوشاری سیاسییو مانۆڕی سیاسیی کار دەکـات، جیاوازیی میدیاو حیزب دوورکەوتنەوەیە لە دەمارگیریی، دوورکەوتنەوەیە لە تاکڕەهەندیی روانین، لە کرانەوەو فراوانبوونی ئاسۆی تێڕوانین، میدیای کوردی بە ستراکتور هێشتا لقێکی بچووکی مەنتالیتەیتی سیاسییە، هێشتا سێبەری ئەو مەنتالیتەیتەیە، تەنیا ئەو وەزیفانەشی بۆ گرنگە، کە سیاسەتی کورتو کتوپڕو دەستبەجێ پێیدەبەخشێت... میدیا هێزی خۆی لەوەوە وەردەگرێت، کە کەمێک سیاسییەت لەدەرەوەی سیاسەتەوە ببینێت... فاسیلەیەک لە سیاسەت وەربگرێت، تا رۆشنتر شتەکان تەماشا بکات، میدیای کوردی هێشتا دوورە لەو ساتەوەختە... هێشتا یان دەزگایەکی حیزبییەو بە حیزبەوە گرێدراوە... یان دەزگایەکی حیزبییە بە بێ حیزب، واتە لە لەشی دایک جیابووەتەوە، بێ ئەوەی بتوانێت چۆنایەتییەکی دی بۆ خۆی دروستبکات.

**رۆژنامە: ئێستا هەموو لایەنەکان جێ پێیان لەو رووبـەرەدا هەیە، کە میدیای پێدەوترێت، هێزە کۆکو ناکۆکەکان، دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن، ئەهلییو ئەوانەی لە پۆلێنی سەربەخۆدا خۆیان ناساندووە، ئەم دۆخە لە ئەزموونو سروشتی میدیایی چ وڵاتێک دەچێت؟**

* ئەم دیاردەیە لە هەموو دونیادا هەیە، هەندێک وڵاتی دیکتاتۆری رەهای لێدەربچێت، کە بـوار بە رۆژنامەگەریی ئـازاد نـادات، دیارە شێوازی ئەم دیاردانە لە جێگەیەک بۆ جێگەیەکی دی دەگۆڕێت، لە خۆرئاوا رۆژنامەگەریی حیزبی بەو مانایەی لای ئێمەیە بوونی نییە... رۆژنامەگەریی حیزبی بەو شێوازەی لە وڵاتانی ئێمەدا هەیە درێژکراوەی ئەزموونی ستالینییە، لە خۆرئاوا رۆژنامەکان تەعبیر لە خەتێکی سیاسیی دەکەن، نەوەک لە خەتێکی حیزبی راستەوخۆ، ئەمە بەو مانایە نییە کە رۆژنامە لە خۆرئاوادا بێ مەیلو تەواو ناسیاسییە، نا... بەڵام پەیوەندیی نێوان میدیاو سیاسەت، وەک پەیوەندیی نێوان دوو هێزو دوو ئۆرگانی گرنگی کۆمەڵگە وەهایە، نەوەک وەک پەیوەندیی ئاغاو خزمەتکارەکەی، لە خۆرئاوا میدیا کایەیەکی سەربەخۆیە، کە بیرکردنەوەی سیاسیی لە نێویدا درێژکراوەی ئەو گوتارە سیاسییو ئایدیۆلۆژییە نییە کە حیزبێکی دیاریکراو بەرهەمی دەهێنێت... یان گەر راستتر بڵێم؛ بیروبۆچوونەکان لە حیزبو مەنتالیتەیتی حیزبییەوە ناچن بۆ میدیا، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆرجار لە میدیاوە دەچن بۆ سیاسەت، زۆرجـار دەزگاکانی میدیا لێرە هەم لە حیزبەکان بەهێزترنو هەم دەوڵەمەندتریشن، میدیا ئەو جێگەیەیە کە تێیدا کۆمەڵگە بیردەکاتەوە، بە هەموو رەنگە جیاوازەکانییەوە، بە نزمترین ئاستییەوە تا بەرزترینی، بە راسترەوەکانییەوە تا چەپڕەوەکانی، لە خۆرئاوا میدیا جێگەیەکی گرنگە بـۆ بیرکرنەوەو بـۆ راکـردن لە بیرکردنەوەش، بۆ دامەزراندنی شوناسی تایبەتی بۆ گرووپەکانو بۆ شکاندنی ئەو شوناسانەش... بە کورتی شوناسێکی سیاسیی ئامادەکراو نییە کە میدیا تەنیا وەزیفەی ناساندنو پەخشکردنی هەبێت. جیاوازیی نێوان میدیا لە جیهانی ئێمەو خۆرئاوادا بە پلەی یەک لەوەدا کورتدەبێتەوە، کە میدیای ئێمە خۆی ئایدیاو خەیاڵو زمانی نییە، لەکاتێکدا میدیای خۆرئاوایی کارخانەی دروستکردنی ئایدیاو خەیاڵو زمانی تایبەتە، لەمڕووەوە پێموایە؛ میدیای کوردی کۆپییەکی خراپی میدیای وڵاتە دواکەوتووەکانە... کە پێکرا ئەو ئایدیاو خەیاڵو زمانە مەسرەف دەکەنەوە، کە لەدەرەوەی خۆیان بەرهەمدێتو میدیاکار هیچ نییە جگە لە تەکنیککارێکی تەمەڵ کە تەنیا شت دەگوازێتەوە... ئیدی ئەگەر ورد تەماشا بکەیت بەشی هەرە زۆری رۆژنامەنوسانی ئێمە لە فەرمانبەری «صـادرە»و «واردە» دەچـن... شت لـەدەرەوە وەردەگـرنو لە رۆژنامەکەدا ریزبەندیی دەکەنو ژمارەیەکی لـێ دروسـتـدەکـەن، بـێـئـەوەی ئیشێکو داهێنانێکو جێ پەنجەیەکی راستەقینەی کادێرەکانی میدیا خۆیان ببینین.

**رۆژنـــامـــە: گرنگترین بابەتە رووماڵکراوەکانی ناو میدیاکان سیاسینو بە رێژەیەکی کەمبایەخ بە لایەنە ئابووریی و فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو فیکرییەکان دراوە، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە رۆژنامەگەریی کوردی زادەی سیاسەتە، یاخود ئەمە ویستی وەرگرە، راگەیاندنکارەکانی بـەو ئاراستەیە بردووە؟**

* لە وڵاتێکی وەک وڵاتی ئێمەدا کە هەموو شتەکان حەرامن، کە خۆشەویستی حەرامە، جنس حەرامە، ئازادیی حەرامە، خەوبینین حەرامە، تاکە جێگەیەک مرۆڤەکان تێیدا بتوانن عاشق بن، توڕەبن، شەڕ بکەن، سۆز هەڵێژن، بگرین، پێبکەنن، بکوژن، سەما بکەن، خەو ببینن، ناو سیاسەتە، مرۆڤ لە رێگەی سیاسەتەوە دەتوانێت هەموو ئەو شتانە بکاتو ئابڕوشی نەچێت، لە رێگەی سیاسەتەوە خەڵک عاشقی سـەرۆکو حیزبو باوکە رەمزییەکانی خۆیان دەبن، لە رێگەی سیاسەتەوە خەڵک جنێوو کوفرو توڕەیی خۆیان بەسەر دونیاو دوژمنەکانیاندا هەڵدەڕێژن، لە رێگەی سیاسەتەوە هاوڕێو هاوبیرو هاوسۆزی خۆیان دەدۆزنـەوە، لە رێگەی سیاسەتەوە شەڕانگیزیی خۆیان بەتاڵدەکەنەوە، لە رێگەی سیاسەتەوە بەوانی دی پێدەکەنن، بەسەر شانیاندا سەردەکەون بۆ جێگەی بـەرزتـر، سەرسامیی خەڵک بەدەستدەهێنن، گەر پیاو بن وا دەکەن، ژنان پێیان سەرسامبنو گەر ژن بن وا دەکەن، پیاوان وەک قارەمانو خەباتگێڕ سەیریان بکەن، سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا ئەلتەرناتیڤی هەموو شتێکە، ئەلتەرناتیڤی خۆشەویستی و ئەلتەرناتیڤی رقی سروشتییە، لەبەرئەوە هەستە بەشەرییە سادەکان تەواویان لە سیاسەتدا کەناڵێکی سەلامەتو سادە بۆ خۆدەرخستنو خۆنمایشکردن دەدۆزنەوە، تۆ ناتوانیت لە خۆتەوە رقت لە دراوسێکەت بێت، بەڵام کە سەر بە بیرکردنەوەیەکی سیاسیی تر بوو، سیاسەت بواری ئەو کینەیەت دەداتێو شەرعییەتیشی پێ دەبەخشێت، سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا «لەوانەیە لە هەندێک جێگەی تریشدا هەروا بێت» نەخۆشییەکی دەستە جەمعییە، هەڵاوسانێکی عاتیفیو هەوکردنێکی دەروونییە، واتە سیاسەت نییە بە مانای هونەری رێکخستنی کۆمەڵگەو دروستکردنی پاشەڕۆژ، هێندەی کەناڵی تەعبیرکردنو دەرخستنی ئەم سۆزانەیە، کەناڵی ئیشکردنی فیکرو ئایدیاو تێڕوانینەکان نییە... هەزاران خەڵک کە روودەکەنە سیاسەت بۆ ئەوەیە،



**هێزی حوکمڕانانی ئێمەو دەسەڵاتی رەهایان بەسەر ئازادییو ژیانی ئێمەوە، رەهاو ئەبەدیو بێ سنوور دەردەکەوێت، لێرەوە کاتێک دەسەڵاتداران «وەک پشیلەیەک کە یاریی بە مشک دەکات» بەو چەشنە یاریی بە رۆژنامەکان دەکەن، لەبەر ئەوە نییە کە ناتوانن ئەو رۆژنامانە دابخەن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە نایەوێت دایانبخەن.. خودا دەتوانێت هەموو رۆژنامەیەک دابخاتو سەرۆکەکانی ئێمەش نوێنەری خودان لەسەر زەوی، ئالێرەدا تەواو جیاوازیی دیموکراسیەتو دیکتاتۆرییەت دەردەکەوێت، لە دیکتاتۆرییەتدا کە ناکوژرێین، کە دەممان داناخرێت، لەبەرئەوەیە کە سەرۆکو نوخبەی حوکمڕان نایەنەوێت بمانکوژنو دەممان دابخەن، بەڵام لە دیموکراسیەتدا کە ناکوژرێینو دەممان داناخرێت، لەبەرئەوەیە سەرۆکو نوخبەی دەسەڵاتدار ناتوانن بمانکوژنو دەممان دابخەن**

# تۆ بڵێی گۆڕان ئەو تێزابە بێت زێڕ لە زەرد جیاکاتەوە؟!



ئازاد قەزاز

کـــورد وەک نـــەتـــەوە، بە پرۆسەیەکی مێژوویی وا سەختدا تێپەڕیوە، ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوەیی وەهای دەرهاویشتووە کە کۆمەڵێک کـەس بـەخـۆشـی بـێـت یـان بە ناخۆشیی، بوونەتە پێشەنگی بزافی رزگاریخوازی کـوردیو بوونەتە نوێنەری ئێمە. ئەوانەی بوونەتە پێشەنگ، بەردەوام ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوەیی ئەوتۆ بەرهەم دەهێننو دووبـــارەی دەکـەنـەوەو جەختی لەسەردەکەنەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی دەسەڵاتی سیاسییو مادییو رەمزیی ئەم نەتەوەیەیان بەدەستەوەگرتووە، بیرکردنەوەی نەتەوەییشیان بۆخۆیان قۆرخ کردووە. ئەمە وایکردووە کە هەرکەسێک لەدەرەوەی ئەو بازنەیە بیرکاتەوە، توڕی دەدەنە دەرەوەی نەتەوەی کورد. گومان لەوەدا نییە کە بۆ مانەوەی خۆیان لەو پێگەیەدا، دەبێت بەردەوام شەرعییەتی بوونو مانەوەی خۆشیان مسۆگەر بکەن. ئەگەر بەخۆشیش بۆیان نەکرێت، ئەوا بەخوێن رشتنیش بێت، سڵی لێناکەنەوە.

گومانیش لەوەدا نییە کە زۆربەی زۆری گەلی کورد، بەهۆی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنو دۆگمابوونەوە، لە ژێرباری ئەو ئایدیۆلۆژیایەدا مەستو سـەرگـەردان بـوون. ئەو نوخبە کەمەی کە هۆشیاریشن، تاکە هێز بەدەستیانەوە بێت، هێزی ماریفەیەو کاریگەرییەکی بەئاستەمی لە سەر خەڵکی داناوە. مرۆڤی کورد ناتوانێت بە ئاڕاستەیەکی تری جیا لەوانە بیر لە رزگاریخوازیی بکاتەوە، ئەگینا هەزارویەک تۆمەت دەخەنە پاڵی، بۆیە ئەو سەرمایە رمزییەی ئـەوان خۆیان لەسەر راگرتووەو شەرعییەتی مانەوەی ئەوان دابین دەکـــات، زۆر سەختە شکاندنی. ئەوان شەرعییەتی خۆیان لەسەر مێژوویەک دامـەزرانـدووە، رۆژ بەڕۆژ ئەو مێژووە پتر دەڕازێننەوەو پتەوی دەکـەن، تا کەس نەتوانێت رەخنە لەو مێژووە بگرێت.

بەڕاستی ئەو مێژووە تەنیا لەم چەند ساڵەی دواییدا نابینمەوە، بەڵکو لە چەندین سەدە لە مێژووی کوردا دەیخوێنمەوە. لەو مێژووەدا تۆخمو ریشەی زۆری تێدایە کە جێگەی رەخنەو پێداچوونەوەیە، وەلـێ ئـەو مـێـژووە هێندە جوان رازێـنـراوەتـەوە، کـەم کـەس ئەو بوێرییەی تێدایە، ئەو مێژووە بخاتە ژێر پرسیارو لێوردبوونەوە. ئەو مێژووە ستراکتەرێکی وەرگرتووە، هەڵوەشاندنەوەو شیکاریکردنی زۆر سەختەو دەبێت ئەوەش بزانین، هەر ئەو مێژووەیە وایکردووە کە کۆمەڵێک کەس بتوانن لەمرۆکەدا ببنە پێشەنگی کـوردو کۆمەڵێک کەسی تریش پـەڕاوێـز بخرێن. شکاندنی ئەو مێژووەو ئاشکراکردنی کەلەبەرەکانی، سەرمایەی رەمزیی ئێمرۆکەی ئەوانەی بەناوی کوردەوە دەبێژن، لەبەریەکتر هەڵدەوشێنێتەوە. لەهەمانکاتدا ئاشکراکردنی رەفتاری سیاسییانەی ئـەمـرۆکـەی ئەو کەسانەش، دیسانەوە ئەو مێژووەو تاریکییەکانی دەخاتەڕوو. کەواتە دوو رێگەمان لەبەردەمایە بۆ لەکارخستنی ئەو ئاڕاستەیەی کە سیاسەتی باوی کوردی پیا گوزەر دەکات. لەم نموونەیەی خوارەوەدا روونی دەکەمەوە.

ئەگەر لە پارچە تەنێکی زەرد بکەویتە گومانەوە کە ئاخۆ ئەوە زێڕە، یان میتاڵێکی زەردە، ئەوا دوو رێگەمان لەبەردەمدایە بۆئەوەی ئەو راستییەمان بۆدەرخات، ئایا ئەم میتاڵە زێڕە، یان زەردە. ئەویش یان ئەوەتا بەمێژوودا بچینەوەو بزانین، دەستاودەست ئەم تەنە لەکوێوە بۆکوێ هاتووە تا گەیشتووەتە لای ئێمەو ئەوکەسانەی کە بەو مێژووەدا تێپەڕیون تا چەند جێگەی متمانەن بوونو دڵسۆزو راستوگۆ بوون، یان لانیکەم لەوانەیە دڵسۆز بووبن، بەڵام ناهۆشیاربوونو ئەوانیش هەر بەناوی زێـڕەوە ئەو تەنەیان گەیاندووە. ئەمە رێگەیەکیانە کە پێموایە، ئەم رێگەیە بۆ ئەمرۆکەی کـورد سەخت بێت، یـان رێگەی دووەمیان، ئـەوەی کە بە رێگەی بەکارهێنانی تێزاب دەتوانین ئەو تەنە بناسین، ئاخۆ زێڕە یان، زیوە.

کـەواتـە، بـۆئـەوەی بتوانین سیاسەتمەدارانی ئەمرۆکەی کورد بناسین، پێویستمان بەوەیە کە ئەوان بەرەو رووی هەڵوێستێک بکەینەوە کە تیایدا نیازو خواستو رەفتاریان ئاشکرا بکات، داخۆ ئەوان ئەو زێڕەن کوردایەتیی دەکەن، یان ئەو زیوەن کە خۆپەرستانە تەنیا ئامانجی کەسیی خۆیان دابین دەکەن. وەنەبێت ئێمە لە هەڵسوکەوتو رەفتاری ئەواندا ئەو ئاماژانەمان دەست نەکەوتبێت تا ئەو زێڕو زیوەمان بۆ جیانەکاتەوە، بـەڵام ئـەمـرۆی کـورد پێویستی بەوەیە کە زۆر بەڕاشکاوانە ئەو هەقیقەتە دەرخات کە تەنانەت نەک هەردۆستەکانیشیان بەوە بزانن کە ئەوان زێڕ نین، بەڵکو خۆشیان خۆیان لای ئاشکرا دەبێت کە ئەوان خۆیان نە بەرگەی فرەحیزبیی، نە بەرگەی دیموکراسیو نە بەرگەی دادگەریی دەگرن. ئەگەر ئەوان مەلیکو حیزبی تاقانە نەبن، ئۆقرە ناگرن.

لە ئەزموونی بیست ساڵەی هەرێمی کوردستان، یەکگرتوو خەریک بـوو رۆڵـی ئـەو تێزابە بگێڕێت، مەخابن بەهەر هۆکارێکەوە بووبێت کە لێرەدا جێگەی باسکردن نییە، لە دەستی داو مەخابنێکی تر کە بووە پاشکۆی حیزبی دەسەڵاتدار. ئەوەی ئێستا دەتوانێت ئەو رۆڵەی تێزاب بگێڕێت بۆ جیاکردنەوەی زێڕ لە زیو، ئەوە ئێستاکە بزافی گۆڕانە. دەمـەوێـت ئەو راستییە بڵێم کە نزیکبوونەوەی گۆڕان لە هاوپەیمانیی کوردستان زۆر نیگەرانو بێئومێدی کردم، چونکی باوەڕم وایە، حیزبی دەسەڵاتدار هەرگیز لە ستراتیژییەتی پاراستنو مانەوەی دەسەڵاتی خۆی بەهەر نرخێک بووە، لانادات، بۆیە نزیکبوونەوەی گـۆڕان لـەوان، بە کات بەفیڕۆدانم زانی. ئەمڕۆ پارتی دەسەڵاتدار بەهۆی پاشکۆ نەبوونو سەربەخۆبوونی گۆڕان، هەقیقەتی خـۆیو نـیـازی شـــاراوەی خۆی دەرخست. ئـەوەی دەرخست کە ئەوەی نەبێتە پاشکۆی خۆی، وەک زۆڵ سەیری دەکـات. زۆر گرنگە مەزلوم وەک مەهاتما گاندی دەڵێت، ببێتە ئاوێنەی زالم. واتە رێگە بدە بە زالم، با لەڕێگەی مەزلومیەتی تۆوە، زالمیێتی خۆی ببینێتەوە، بەڵکو ئەمە خوایە یان ویژدانی خۆی سزای بدات، یاخود مێژوو سزای بدات. ئـەوەی گرنگە لێرەدا، ئەوەیە کە هەم بۆ خۆیو هەمیش بۆ خەڵکی، راستیو ناڕاستیی لە پەرچەکرداری ئەو زالـمـەدا دەرکـەوێـتو رەنگە شـەرعـیـیـەتـی نـەبـوونـی خـۆی بهێنێتەوە.

دەبـێـت گـۆڕان ئـەوەی لەبیر نەچێت کە ئەو بووەتە ئەو تێزابەی ئەگەر وا بەردەوام بێت، ئەوە رۆژ بەڕۆژ کرۆکی ئەوان دەردەخـات، رۆژ بـەڕۆژ شەرعییەتی بوونو مانەوە لەوان وەردەگرێتەوە، رۆژ بەڕۆژ ئەو رەنگە زەردەی وا بەسەر ئەو میتاڵەوە، کاڵی دەکاتەوەو هەقیقەتی ئەو تەنە نیشانی خۆیانو خەڵکیش دەداتـەوە. گرنگە گۆڕان ببێتە ئەو ئاڕاستە مێژووییەی، لە ئاڕاستەی ئەوان جیاببێتەوەو نەوەیەکی نوێ بۆ کورد فەراهەم بێنێتەوە. ئەگەر بەمەبەست بووبێت، یان بێمەبەست، ئەو دەستکەوتەی کە گۆڕان بەهۆی راگرتنی سەربەخۆیی خۆیو پاشکۆ نەبوونی لە کیسی چوو، جوانترینو سەرووەریترین رۆڵـی وەرگـرت، بـەوەی کە بووە جـیـاکـەرەوەی ساختەو ئەسڵی لە مێژووی کـوردا. لە وتارێکمدا، ئاواتم خواستبوو کە گۆڕان ببێتە هەوێنی دروستبوونی کورد، وا لەم وتارەشدا ئومێد دەخـوازم، ببێتە تێزابی جیاکەرەوەی هەقو ناهەق. وەلێ ئەوەی دەمخاتە گومانەوە، ئەوەیە کە هێشتا ئەو ئایدیۆلۆژیا بـە مـێـژووکـراوەی دەسـەڵاتـی کوردی، لەناخی زۆربەی تاکەکانی کوردا کاردەکات، ئەوانەشی کە لەو مێژووە دەرهاتوون، وەک گۆڕان، هێشتا ئەو ئایدیۆلۆژیایە ختوکەیان دەدات، دەنا ئەگەر وا نەبوایە، چی وای لەوان کرد، دەنگ بۆ تاڵەبانی بدەن!! تکایە هۆشیار ببنەوەو پتەو و توندوتۆڵتربن.





## لە پەرلەمانەوە

كاردۆ محەمەد
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

# عەقڵییەتی قبووڵنەکردن

وەرزی یاسادانانی ساڵی دووەمـی پەرلەمان، دانیشتنەکانی کەم بوون، تاووتوێکردنی پرۆژەیاساکانی زۆر بوونو گفتوگۆو ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکانی ناو هۆڵی پەرلەمان بێئەنجام بوون، چونکە زۆربەیان بە بەڵگەو بیانووی بێبناغە لەلایەن زۆرینە، یان دواخرا، یان رەتکراوەتەوە، لەسەر بنەمای ئەوەی پرۆژەکان پێویستیان بە ڕای حکومەت هەیە، لەبەرئەوەی خەرجیی زیاد دەکاتو باری حکومەت گران دەکات، ئەوەی روونو ئاشکرایە وڵاتانی پشتبەست بە داهاتی نەوت کە عێراق یەکێکە لەم وڵاتانە، کەمتر مەترسی دابەزینی داهاتیان هەیەو پشکی کوردستانیش مسۆگەرە، سەرباری ئەم راستییە کاتێک پڕۆژەکان پێش چەند مانگێک خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراوە، بە فەرمیی حکومەتی لێ ئاگادارکراوەتەوە، ئاماژە بەو راستییە لە پڕۆژەبڕیاری هاوتاکردنی (مووچەو دەرماڵەی هێزی پێشمەرگەو ئاسایشو پۆلیس) لەگەڵ هاوشانەکانیان لە ناوەند، وەزیرە پەیوەندیدارەکانی (پێشمەرگە، ناوخۆ، دارایی)، ئامادەی لیژنەکان بوون، نەک هەر رەزامەندییان پیشاندابوو، بەڵکو بڕیاریاندا بۆ دانی بەشێک لە دەرماڵە، لە ساڵی (٢٠١١)دا، کۆتایی بە جیاوازییەکانی مووچەو دەرماڵەیان بهێنن، ئەگەر حکومەت ئەمە ڕای بێتو لە بەرامبەر پڕۆژەکان، پەرلەمانتاریش بیانووی پرسکردن بێت بە حکومەتەوە، چۆن تووشی شۆک نابین؟ دەبێت پەرلەمانتار پارێزەری مافی خەڵک بێتو چاودێر بێت بەسەر حکومەت، بەداخەوە باسی کێشەی هەر توێژێک بکەیت، دوای ستایشکردنێکی زۆر، ئەو توێژەی کە پڕۆژەبڕیارەکە بۆ ئەوە، لە کۆتایدا پڕۆژەی پەیوەندیدار بە کێشەی توێژەکە کە لە بەرژەوەندیی هاوڵاتییانو نەهێشتنی بۆشایی یاساییە، رەتدەکرێتەوە.

پێش ئەوەی یەکە یەکە باسی بایەخی پڕۆژەکە بکەین، دەبێت هەڵوێستە لەو بەرامبەرەو عەقلییەتە بکەین کە لە ئاستێکدایە قبووڵی ئەوی تر ناکات، ئەگەر پڕۆژەیەک لە ئاستی نیشتمانیدا ئامانجی بەهێزکردنی ئەو دامەزراوانەش بێت کە خۆیان حکومڕانن تێیدا لەبەرئەوەی داوای ئۆپۆزسیۆنە، دەبێت رەتبکرێتەوە.

ئەگەر بمانەوێت بە کورتی ناوەڕۆکی پڕۆژەکانو هۆکاری رەتکردنەوەکەی بخەینەڕوو، یەکێک لەو پڕۆژانە (پڕۆژەیاسای بووژانەوەی پێشخستنی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان)ە، کە دوو پرسی گرنگی لەخۆگرتبوو. لەوانە: کۆچکردنی خەڵکی گوندەکان بۆ سەنتەری شارەکان بەهۆی کەمئاوییی لە (٢٠٠٣) کۆچێکی بەلێشاوی گوندنیشینان بۆ شارەکان هەبوو، بەپێی ئامارەکان لە (٩٤،٩٪) دانیشتووانی گوندەکانی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی ساڵانی رابردوو بەرەو شار کۆچیان کردووە.

ئیدارەی گەرمیانیش (٤٢-٥١٪)کۆچیان کردووە، هەرچەندە وەزارەتی کشتوکاڵ لە پلانی ستراتیژیی خۆیدا جەختی لەسەر لێدانی بیری قووڵ کردووەتەوە، بۆ ساڵی (٢٠٠٩) بڕی (١٨)ملیار، بۆ ساڵی (٢٠١٠) بڕی (١٩) ملیار، بۆ ساڵی (٢٠١١) بڕی (٩) ملیار دیناری تەرخانکردبوو. بەهۆی لاوازی چاودێریی، بۆ رێژەی جێبەجێکردنی پلانەکە، بۆ هەر ساڵێک ئەوە دەردەخەن کە کەمتر لەم بوارەدا کار کراوە.

بۆ خانووی پلاستیکیش بۆ ساڵی (٢٠٠٩)، (٢٠٠٠) خانوو بە کۆمەکی (١٠٠٪)، بۆ ساڵی (٢٠١٠)، (١٠٠٠)خانوو بە کۆمەکی (٧٥٪) بەگوژمەی(١٢) ملیار، بۆ ساڵی (٢٠١١)، (٢٠٠٠) خانووی پلاستیکیی بە گوژمەی (١٠)ملیار دینار.

حکومەت کار لەسەر جێبەجێکردنی ئەم پلانە ناکاتو خانووی پلاستیکیی نادات بە جوتیارانو لە پڕۆژەیەکی تردا هاوکاریی بێ فائیدە، بۆ ماوەی (٣) ساڵ بە بڕی (٦٠٪) بۆ کۆی تێچووی هەر پڕۆژەیەک، کە لە (٨) ملیۆن تێپەڕ نەکات، جێبەجێ دەکات.

ئایا چارەسەرکردنی هەردوو گرفتی کشتوکاڵ بە دەرکردنی پڕۆژەبڕیارێک، کاریگەریی گەورەی نابێت لەسەر پێشخستنو بوژاندنەوەی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان؟کەحکومەت پابەنددەکات بەجێبەجێکردنی پڕۆژەبڕیارەکە،بۆبەهێزکردنی کەرتی کشتوکاڵو کۆمەکی جوتیاران، بە رەتکردنەوەی، حکومەت ئازاد دەکات، کە پابەندی پلانەکان نەبێت.

# حکومەتی هاوبەشی نیشتمانیی، یان هاوبەشی بەرژەوەندیی کوتلەکان



ئەمین جاف

هەموو لەبیرمانە کە سـەدام هـەر وەک عادەتەکەی خـۆی، هەمیشە شکستەکانی بە سەرکەوتن لە قەڵەم دەداو زۆرجـار لە بۆنە گشتییەکاندا (تەنانەت لە بەرچاو بیانییەکانیش) حەماسەت دەیگرتو خۆیو دەوروبەرەکەی لەبیردەچووەوەو بەبێ گرنگیدان بە عورفو ئەتەکێتی سیاسییو دیبلۆماسی، (نشوه النصر) دەیگرت، یان هەڵهەڵەیەکی لێدەدا، یان تەقەی بەسەر دەوروبەرەکەیدا دەکرد! ئەویش بەهۆی ئەو بارە دەروونییو ژینگە خێڵەکییەوە کە تیایدا پەروەردە بووبوو. لە سەردەمی سەدامدا، شتێک نەبوو بەناوی دیموکراتییەتەوە، تەنیاو تەنیا حوکمێکی دیکتاتۆریی موتڵەقو حیزبێکی رەها بوو.

دوای حەوت ساڵ لە کۆتایی حوکمی خێڵەکیی، لە سەردەمی حوکمی فیدراڵیو دیموکراتیی عێراقدا، لەمڕۆژانەدا هەموو بە چاوی خۆمان رێوڕەسمی متمانەدان بە کابینە تازەکەی نوری مالیکیمان بینی، ئەو رێوڕەسمەی کە ئوسامە نوجەیفی لەسەر هەمان شێوەکەی سـەدام، کردبووی بە (نشوه النصر)، جار جار بانگی دەکردو دەیگوت: یاالله... تەسویت... ئیجماع کلیی...، ئەغلەبییە ساحیقە... ئەوەندەی نەمابوو هەڵهۆڵەیی عەشایەرە عەرەباکان لێبدات، ئەوەی کە بینیمان لە عورفی هیچ پەرلەمانێکی دونیادا رووی نەداوە بە جوملە دەنگدان، هیچ کەس دەموچاوی وەزیرەکانی نەدەبینیو فریای دەنگدانەکە نەدەکەوتن، ئەوەندە پەلەیان بـوو، وەک ئـەوەی کە راونرابێتنو هەڕەشەیەک بەدوایانەوە بووبێت، ئەو رۆژە چیرۆکە میللییەکەی کاک بابەکر درەییم وەبیرهات کە لەیەکێک لەوتارەکاندا، باس لەو پیرەژنە دەکات کە لە دادگا واز لە دەعواکەی دەهێنێتو دەس دەکات بە هەڵپەڕکێو دەڵێت: ئۆخەی ئۆخەی جەنابی قازی، بیشمکەوێت، نامەوێت، واتە وازم لە مافەکەی خۆم هێنا... بۆ ئەم مۆسیقاو هەڵپەڕکێیە. بەو جۆرە بەڕێز نوجەیفی، ئەوەندە دڵخۆش بوو، تەنانەت لە کاتی خوێندنەوەی ناوەکەی سالح موتڵەگدا، شپرزەییەکی پێوە دیاربوو، چونکە دەیزانی مەراسیمەکە، بە پینەوپەڕۆ وەستاوە...!

لە عێراق، هەوڵ بۆ حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانیی دەدرا، ململانێیەکی زۆرمان لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا بینی، هەموویان دروشمی حکومەتی هاوبەشی نیشتمانییان هەڵگرتبوو!، کەچی لە کۆتاییدا بە شەڕی وەزارەتەکان کۆتاییهات.

داخوازییەکانی سەرۆکی لیستی ئەلعێراقییە، لە سەرۆکی وەزیرانەوە دەستپێکردو بە وەزارەتی پەیوەندییەکان کۆتاییهات، لە هەمانکاتدا هەر رۆژێک دوای رێوڕەسمی بەخشینی متمانە بە حکومەتەکەی مالیکی، عەلاویی رایگەیاند، کە ئەو پشتگیرییەکی موتڵەقی ئەو حکومەتە دەکات، ئەم نیفاقی سیاسییە لەلایەن کەسێکەوە بوو کە بە شایی لیبرالییەت لە عێراقدا ناسرابوو، لە سەرەتای رووخاندنی رژێمی بەعسدا، خەڵکانێکی لیبراڵی زۆر بە هیوای قسەکانی ئەو بەڕێزە بوون، کەچی زۆر بە ئاسانی چووە ریزی عەرەبە شۆڤێنییەکانەوە، هەموو تەحەداکانی عەلاوی بە وەرگرتنی پۆستێک، یا چەند پۆستێکی وەزاریی کۆتاییهاتو لەم دواییەدا لەسەر پۆستی وەزارەتی دارایی، ئەوەندەی نەمابوو، لیستی ئەلعێراقییە ببێت بە دوو کەرتەوە.

حکومەتێکی چلودوو وەزارەتی کە بە هەزار دوعاو نوشتە، بە هەزار پینەوپەڕۆ بێتە کایەوە، دەبێت چاوەڕوانیی چی لەو حکومەتە بکرێت، کار گەیشتبووە ئەو رادەیە کە خەریکبوون نیوەی وەزارەت دابەش بکەن، مالیکی لە وتارەکەیدا نـەیـشـاردەوەو بە راشـکـاوی وتـی: ناوی هەندێک لە کاندیدی وەزارەتەکانم، لە رێگای هۆڵی پەرلەماندا پێش چەند ساتێک بەدەست گەیشتووە، تەنیا ناوەکان بەبێ (سیڤی)، ئەمە لە کاتێکدا کە مالیکی پێش دوو هەفتە، دەیوت، دەبێت بۆ هەر وەزارەتێک، سێ کەسی شیاو کاندید بکرێت، بەم جۆرە مالیکی دانی بەوەدا نا کە حکومەتەکەی جێی خواستی ئەو نییەو دەبێت بەناچاریی لە کاتی خۆیدا رایبگەیەنێت، ئاماژەکردنی مالیکی بۆ ئەم راستییە، بۆ ئەوەیە کە لەسەرەتاوە ئۆباڵی هەر شکستێکی داهاتوو، بخاتە ئەستۆی ئەو فرەلایەنیو فرەوەزیرییەوە. لەسەر ئاستی دەستکەوتەکانی کوردیش، هەموو پشکی کوردمان لەم حکومەتەدا بینی، مافەکانی کورد لە ساڵی (٢٠٠٣)وە تا ئەمڕۆ هەر بەرەودوا دەڕوات، لە هیچکام لە هەر سێ کابینەکەی عەلاوی، جەعفەری، مالیکی، کورد لە شکست زیاتر، هیچی وەدەستنەهێنا.

لە پەرلەمانی عێراقدا، لە (٧٥)کورسیەوە دابەزی بۆ (٦٣)کورسیو دواجار بۆ (٥٨)کورسی، لە سەر ئاستی حکومەتیش، لە حکومەتەکەی پێشووی مالیکیدا، کورد خاوەنی ئەم وەزارەتانە بوو: دەرەوە- داد - پیشەسازیی- نێشتەجێو ئاوەدانکردنەوە-سامانە ئاوییەکان- ژینگە، ئێستا ئەوەی کە وەزارەتبێتو بۆ کورد ئەگەری سوودبەخشیی هەبێت، تەنیا بازرگانییە، ئەم وەزارەتەش لە ئەگەری لادانای بەندی(٧) لە سزا نێودەوڵەتییەکاندا لەسەر عێراق، هیچ گرنگییەکی نامێنێت!

مفاوەزاتەکەی لایەنی کوردیی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا، بەم قۆناغانەدا تێپەڕی:

* لە سەرەتاوە هاوپەیمانیی کوردستان، داوای یەکڕیزییو یەکخیتابی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی دەکـرد، بۆ ئەوەی تۆپەکە بخاتە گۆڕەپانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، گۆڕان نەک بەپیری ئەو داخوازییەوە چوو، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە ئەو دروشمەی هەڵگرتبوو.
* هاوپەیمانیی کـوردسـتـان، پابەندی وەعدەکانی خۆی نەبوو بۆ کردنی چاکسازیی لە کوردستان، یان هەر لە سەرەتاوە، بەرنامەیەکی تاکتیکیی ئامادەکردبوو.
* سـەرەڕای کشانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە فراکسیۆنەکە، هاوپەیمانیی هەمیشە رایدەگەیاند کە فراکسیۆنە کوردستانییەکان دانوستاندنەکان بەڕێوەدەبات، بەڵام لە راستیدا وا نەبوو، بەڵکو سەرکردایەتیی هەردوو حیزب خۆیان، پرۆسەکەیان بەڕێوەدەبرد.
* بـرادەرانـی ئیسلامیی، ئـەو مەسەلەیە نـاشـارنـەوە کـە ئـەوان جـار جـار تووشی سەرسوڕمان دەبوون، پاش دانوستاندنەکان.
* نوێنەرانی کورد، لە جیاتی تەعویزی ئەو زوڵمە بکەنەوە کە بە هۆی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵەوە لە کورد کرا، لە جیاتی (٧٥)کورسی، کـورد (٥٨)کـورسـی وەدەستهێناو هەر بەو هۆیەوە کەسانی وەک موتڵەگ، گەیشتنە لوتکەی دەسەڵات، کەچی کوردیان تووشی شکستێکی تر کردەوە، ئەویش بە کەمکردنەوە پشکی کورد لەو حکومەتدا، بە وەرگرتنی چەند وەزارەتێک کە هیچ خزمەتێک بە کوردستان ناگەیەنن.

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
ئازاد چالاک

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان ڕەشید
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
hiwa.jamal@yahoo.com

لێپرسراوی هونەری
شـــاخـەوان ئەنوەر
٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦
shakhawan.shdn@gmail.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر:
گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠٤٧٣٣٦٤٢

# کوردستان بەرەو سینترالیزمی دەسەڵات



مەهدی ئەبوبەکر

ئاماژەکانی ترس و تۆقاندنی ڕێکخراو لە کوردستاندا، بە ئاشکرا دەرکەوتووە، بە جۆرێکە تەنانەت دەسەڵات و خودی دەسەڵاتداران ناتوانن نکوڵیی لێ بکەن.

لەکاتی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستان لە (٢٥)ی تەمموزی (٢٠٠٩)و هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق لە (٧)ی ئازاری (٢٠١٠) دەیان دیاردەی ترس و تۆقاندنمان بینی، بەڵام ئەوکات، ئەو دیاردەیە وەکو پەرچەکردارێکی هەندێک لە ئەندامانی حیزبی دەسەڵاتدار بەرامبەر دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن دەهاتە بەرچاو، نەک وەکو پرۆسەیەکی ڕێکخراوی بەرنامە بۆ دارێژراو.

لەو ئانوساتەدا، هەندێک لە دەسەڵاتداران و ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە شێوەیەکی کوێرانە هەوڵی ترساندنی لایەنگرانی ئۆپۆزسیۆنیان دەدا، لە هەندێک شوێن و لە هەندێک هەوڵی پچڕپچڕیشدا ئەندامانی پارتی هەمان ڕەفتاریان دژی لایەنگرانی ئۆپۆزسیۆن دەکرد، ئەوە بوو چەندین کاری توندوتیژیی لە سلێمانی و ژمارەیەک شارو شارۆچکەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی ڕوویاندا.

لەو سەروەختەدا، پارتی شانازیی بەوەوە دەکرد، هەرگیز ڕێگە نادات لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەودا ڕووداوی هاوشێوەی ڕووداوەکانی ناوچەکانی سلێمانی ڕووبدات، لە بیرمانە کاتێک هەندێک لایەنگری پارتی لە دوای هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستان، لە هەولێر چوونە سەر بارەگای بزووتنەوەی گۆڕان، خودی نێچیرڤان بارزانی، کە ئەودەمە سەرۆکی حکومەتی هەرێم و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بوو، سەردانی بارەگای بزووتنەوەی گۆڕانی کردو ڕایگەیاند: لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک بارزانی، سەردانی بارەگای گۆڕانی کردووەو لەبەرچاوی میدیاکان بەڵێنیدا سزای ئەو کەسانە بدات، کە ئەو کارەیان ئەنجام داوە.

لە چەندین بۆنەی تریشدا، هەم سەرۆکی هەرێم کە سەرۆکی پارتییەو هەم نێچیرڤان بارزانی، کە کەسایەتی دووەمی پارتییە، وا خۆیان دەرخستووە کە ئەوان ئۆپۆزسیۆن بە دیاردەیەکی ئاسایی دەزانن و دژی ئەوەن کە گوشار لە دژی ئۆپۆزسیۆن بەکاربێت.

لێ ئەو ڕووداوانەی چەند مانگێکە ڕوودەدەن، ڕێک پێچەوانەی ئەو پڕوپاگەندانەن کە پێشتر گوێمان لێ دەبوو، ئەوەتا دوای ئەوەی ڕاگەیاندنە ئەهلییەکان و فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن مەسەلەی ئاودیوکردنی نەوتی کوردستانیان ورووژاند، دەسەڵات بە گشتیی و پارتی بە تایبەتی بە شێوەیەکی ڕێکخراو کەوتووەتە وێزەی میدیا ئەهلییەکان و نووسەرە ئازادەکان، بە هەمان ئاراستەش کار لە دژی ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات.

لە ڕووی سیاسیشەوە شەڕێکی بێدەنگی دژی بزووتنەوەی گۆڕان ڕاگەیاندووە، کە بەرجەستەترینیان ئەو گوشارە بوو، سەرۆکی هەرێم لە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقی کرد، تا بزووتنەوەی گۆڕان لە وەرگرتنی پۆستی وەزاری لە حکومەتی عێراق دووربخاتەوە.

لە ناوخۆی کوردستانیشدا، هەرچی پرۆژەیاسایەک فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستاندا دەیخاتە ڕوو، بێ گفتوگۆکردن ڕەتدەکرێتەوە کە دوایەمینیان ڕەتکردنەوەی پرۆژەیاسای چاککردنی کشتوکاڵ بوو، کە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سیاسەت و سیاسەتکارییەوە نییە.

لە هەمووشی مەترسیدارتر، دەرچوواندنی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانە، کە پەرلەمان دەریکردووە، سەرۆکی هەرێمیش ئیمزای کردو بە پەلەش لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاوکرایەوە، تا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

زۆربەی هەوڵە ڕێکخراوەکان بۆ تۆقاندن و بێدەنگکردنی ئۆپۆزسیۆن لە لایەن دەسەڵاتەوە وا وێنا دەکرێت، کە جگە لە ڕێوشوێنی یاسایی هیچی تر نییە، بۆیە زۆربەیان لە چوارچێوەی یاساو دەسەڵاتی دادگاکان ئەنجام دەدرێت، یان لە پەرلەماندا لە چوارچێوەی پەیڕەو و پرۆگرامی پەرلەماندا جێبەجێ دەکرێت.

ئەو هەوڵانەی دەسەڵات، ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوام بێت، ئەوا سەری ئەو چکە دیموکراسیی و ئازادییەش دەخوات و کوردستان بەرەو سینترالیزمی دەسەڵات دەبات، ئەوکات مەترسیی سەرکێشان بۆ ئاڵۆزیی و توندوتیژیی دێنێتە ئاراوە، ئەو ئاشتییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە لەرزۆکەی ئێستا دەخاتەوە بەردەم هەڕەشەی فەنا بوون و لەناوچوونەوە.

# ڕووخاندن، یان گۆڕین



عەدنان عوسمان

لە دواژمارەی گۆڤاری لڤیندا، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مندا بڵاوکراوەتەوە لەسەر کۆمەڵێک پرسی جیا جیا کە لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکاندا، باس لە ڕۆڵی گۆڕان دەکەم وەک ئۆپۆزسیۆن کە دەبێت کار بۆ ڕووخاندنی حکومەت و جێگرتنەوەی بکات. لەسەر بەکارهێنانی وشەی ڕووخاندن، هەر لە دوای بڵاوبوونەوەی چاوپێکەوتنەکە، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک سەرزەنشت و پرسیار بوومەوە!

ئەوەی چاوپێکەوتنەکە بخوێنێتەوە، دەزانێت کە مەبەستەکە ڕوونە. ئێمە باس لە گۆڕینی ئەم کابینەیە دەکەین بۆ حکومەتێک کە دڵخوازی خۆمانە، ئەمەش مافێکی سیاسیی و شەرعیی و یاسایی هەموو ئۆپۆزسیۆنێکە، بە پێچەوانەوە نەبوونی ئەو ویستە، نیشانەی ناجدییەت و ناکاملییەو شاردنەوەی ئەو ویستەش، ئاماژەیە بۆ بێئیرادەیی و لاوازیی.

بەڵام لە دوو ڕووەوە بەکارهێنانی ئەو وشەیە، هەندێک نامۆ کەوتووەتەوە، لە لایەک لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێمەدا، زۆرتر وشەگەلی وەک ڕووخان و ڕژێم و دیکتاتۆرییەت و ئیستبدادو... هتد، زۆرتر گوزارشت لە باکگراوندێکی سیاسیی پێشینە دەکەن و وەک مۆرکی حکومەتە کۆنەکان و بەتایبەت حکومەتی بەعس بەکاردێن، بۆیە لە ئێستادا بە بەکارهێنانی ئەم زاراوانە، ڕووبەڕووی ئیشکالیەتی بەراوردکاریی دەبین لەگەڵ ڕژێمی پێشوودا، کە حیزبەکانی ئێمە حەساسیەتێکی زۆریان لەو جۆرە بەراوردکارییەدا هەیەو بە تاوانی دەزانن. دەسەڵات لای ئێمە، زۆرجار بە حەساسییەتێکی بێبنەماوە مامەڵە لەگەڵ وشەکان دەکات، لای ئاساییە ئەمریکا بە هێزە چەکدارەکەی بڵێت، میلیشیاو لەسەر ئەو بنەمایەش مانگانە کۆمەکی بکات، بەڵام ئەگەر هاوڵاتییەکی کورد ئەوە بڵێت، تا ئاستی هەڕەشەی لە وڵات دەرکردن لەسەری دەڕۆن. ئاساییە خۆیان ئەملاولای نوجەیفیی و موتڵەگ ماچ بکەن و تا سەر کورسی دەسەڵات هاوکاری بکەن، بەڵام ئاسمان کون دەبێت، ئەگەر لایەنێکی تری دەرەوەی خۆیان، تەنیا وێنەیەکیان لەگەڵ بگرێت و ئەم بانێک و دوو هەوایەش، تازە بووەتە بەشێک لە فەرهەنگی سیاسیی دەسەڵاتی لای ئێمە.

لایەنێکی تریش ئەوەیە کە حیزبی دەسەڵاتداری کوردی، تەنیا بۆ مەجلیسخۆشیی و خوێی چێشت، وشەگەلی وەک دیموکراسیی و ئازادیی و کۆمەڵی مەدەنیی بەکاردەهێنێت، بۆیە زۆری لاسەیر دەبێت کە خەڵکان و لایەنێک هەبن، بە جدیی و بەڕاستی بیر لە گۆڕینیان بکەنەوە! پێی سەیرە، هێزێک هەبێت کار بۆ وەلانانیان بکات و پێیان بڵێت، ئێوە لە سێ مەیدانی سەرەکیی کاری وڵاتداریدا شکستیانهێناوەو ئیتر بوار بۆ دانی چانسی تر نەماوە، بە تایبەت ساڵانێکی دووردرێژتان لەبەردەستا بوو! پێیان بڵێت، ئێوە لە مەیدانی ئیدارەدانی هەرێم و بەهێزکردنی دامودەزگا حکومییەکان و بەهێزکردن و یەکخستنی دەزگا چەکدارەکان و گۆڕینیان بۆ دەزگای نیشتمانیی و نەتەوەیی، شکستیان هێناو ساڵانێکە ناتوانن هەنگاوێکی بچووکیش بەو ئاراستەیە بنێن. چارەنووسی حیزبێک کە تەنیا لە خەمی هەیمەنەو دەسەڵاتی ڕەهای خۆیدا بێت، تەنیا کەنارخستن و وەلانانە. لە مەیدانی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا دا شکستان هێناوەو لە هیچ مەلەفێکدا نەچوونەتە پێشەوەو تا دێ مەلەفە ئاڵۆزەکان لە زیادبوونداو سەرباری حەماسەتی زۆرتان بۆ بەشداریی لە خواردنی کێکی دەسەڵات و وەرگرتنی پشکی خۆتان، هیچ هەنگاوێکتان بۆ وەلاخستنی ئەو دۆسییانە نەناوەو زۆرجار ئاستی پەیوەندییەکان دەگاتە هەمان حاڵەتە مەترسییەکانی ١٩٧٤.

لە مەیدانی دروستکردنی ژێرخانی ئابووریی هەرێمدا، وەک مەعلومە کە ئێستا هەرێمەکەمان لە سایەی سیاسەتە ئابوورییەکانتانەوە، وڵاتێکی ئیستهلاکی کەموێنەیەو شادەماری داراییمان، سەرەکەی لەبەغدایەو بە پچڕاندنی، گەورەترین کارەسات لەم هەرێمە ڕوودەدات.

بۆیە هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەم دەسەڵاتە، پێویستە ئەرکێکی نیشتمانیی ئۆپۆزسیۆن بێت و لەو بارەیەوە هیچ دوودڵییەکی نەبێت.

ڕووخاندن، بە مانای گۆڕین و لەکارخستن دێت، لە عەرەبیدا ئەم وشەیە زۆر بە ئاسایی بەکاردێت، تەنانەت لە ئیمارەیەکی وەک کوەیتیشدا، (**أسقاط الحكومة**) بەمانای لەکارخستنی حکومەت، واتە کابینەو دانانی، یان پێکهێنانی کابینەیەکی تر دێت، بۆیە هیچ ئیشکالیەتێکی سیاسیی لە بەکارهێنانیدا نییەو منیش تەنیا بۆ ئەو مەبەستە بەکارم هێناوە. جا ئیتر ئەگەر ئەم دەسەڵاتە وا بزانێت کە ڕووخاندنی ئەو، بە واتای ڕووخاندنی هەرێم و ڕابردوو و ئایندەو سەرجەم دامەزراوەکان و مێژووی کۆن و نوێمان دەبێت، ئیتر ئەوە بەشێکە لەو عەقلییەتەی دەیەوێت هەموو شتێکی ئێمە لەسەر قاڵبی بوون و مانەوەی خۆیان وێنا بکەن.

دیوێکی تری ئەم مەسەلەیە، سەیرکردنی بەشێکە لە گۆڕانخوازان بۆ ئەرکەکان و ئەجێندای سیاسییان. من لە هەندێک پەیوەندییەوە بۆنی نیگەرانییەکم لەبەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە دەکرد، ڕاستە من هاوڕایانم کە دەکرا وشەیەکی تر بەکاربهێنرێت کە ڕۆشنتر بێت و هەمان مەبەست بپێکێت، بەڵام ئەگەر مەسەلەکە خودی وشەکە بێت، ئەوا ئەوانەی ئەلف و بێی سیاسەت بزانن، لەوە تێدەگەن کە لە عورفی دیموکراسیدا، هەمیشە ئۆپۆزسیۆن لە کەمیندایە لەپێناو ڕووخاندنی کابینەی دەسەڵات و جێگرتنەوەی، ئەمەش بەشێکە لە سیما دیارەکانی گەمەی دیموکراسیی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات، بەڵام ئەگەر هەندێک لە هاوڕێیانی ئێمە، وا بزانن کە ئۆپۆزسیۆنبوون تەنیا ڕەخنەو گلەییی و گازندەیە، تەنیا پێشکەشکردنی پرۆژەیاساو پرۆژەی بڕیارە، تەنیا جوانکردنی دەموچاوی دەسەڵاتە، تەنیا پینەکردن و پڕکردنەوەی کەلێن و چاڵوچۆڵییەکانە کە دەسەڵات لە شوێن خۆی جێیاندەهێڵێت، تەنیا نامەی نارەزایەتیی و گلەییکردنە، ئەوا پێم وایە، ئەوە دوورکەوتنەوەیە لە ئەرکە ڕاستەقینەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئەوە هێشتا خولانەوەیە لە فەلەکی دەسەڵات و چاوتێگرتنی حەسارەکانیەتیی و هەوڵدانە بۆ موجامەلەکردن و خۆگونجاندن.

ئەرکی ڕاستەقینەی ئۆپۆزسیۆن، سەربارو لەسەرووی هەموو ئەوانەی باسمان کرد، خۆئامادەکردنە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و گۆڕینی حکومەت. ئۆپۆزسیۆن، ئەگەر نەتوانێت لەماوەی چوارساڵی خولی پەرلەماندا، ئەڵتەرناتیڤێکی جدیی و بە بەرنامەو پلان بۆ جێگرتنەوەی دەسەڵات و بەکەنارخستنی کابینە بێت، ئەوا وردە وردە دەبێتە بۆڵەبۆڵکەرێکی مەوعیزەچی کە بەرە جەماوەرییەکەی بەرەو پوکانەوە دەڕوات.

# گەورەو گەورەکراو...
# نەگبەتیی ئێمە لەم چەرخی قەبارەو هەیکەلەدا!!



بەرزان عەلی حەمە

هەرگیز فێرنەبووم بۆ قسەی زل، یاخود جنێوو قات و ریبات لەبەربکەم، لە ڕستەسازیی و زانستی کەلامیشدا هەر ئەوەندە دەزانم کە دەمەوێت بیڵێم، کەسم نەدیووە بە تەمەنی (٢٠)ساڵەوەو بەبێ ئەوەی زەمەن جوڵابێت ببێتە (٤٠) ساڵ، هەندێکجار هەندێک شت بە سەعاتێک فێردەبم کە خەڵکانی دی بە دوو مانگ فێری دەبن و هەندێک کاتیش بە قەد ئەوە دەبەنگم کە تەنیا لەبەر بیرکاری، پۆلی شەشی ئامادەییم بەسێ ساڵ بڕی، من پێشتر کەناس بووم و دواتریش چایچیی و کە ئەوانیش نەمان هەوڵمدا ببم بە پۆلیس، بەڵام هەم لەبەر شان و شەوکەت و هەمیش لەبەرئەوەی واستەم نەبوو، دایاننەمەزراندم، بۆیە بووم بە ڕۆژنامەنووس, ئێستاش دڵم لای پیشەی یەکەممەو لەوەی ئێستام پێ بەرزو باشترە، بەڵام سواربوون عەیبێک و دابەزینیش دووان!!

کە بووم بە ڕۆژنامەنووس، یەکەم ڕیپۆرتاژم لەسەر پۆلیس کرد، ئاخر من دەزانم پۆلیس چەند نەگبەت و گوناح و داماوە، لانی کەم لە ماڵەکەمدا هەمیشە سێ دانە هەیە، کاتێک سۆرانیان کوشت، دایکم تکای لێکردم شەقێک لە جەریدە هەڵدەم و بۆ خۆم «کاسبییەک بکەم»، کە سەردەشتیش کوژرا ئێستا باوکم هەمیشە وا دەزانێت لە بەرەکانی شەڕم و عەدەد ڕەشاشم، خوداو خوداتان شاهێد بێت، بڕێکی کەمی پیشەکەم بۆ پارەیە، ئەوانی تری لەبەر ویژدانمە، دە چی بکەم گەندەڵ زۆرەو ڕۆژنامەنووس نەبم، پێم کەشف ناکرێت، کەچی برادەرێکی گەورەکراو بە ئەحمەد میرەی وتبوو «ئەو بەرزانە گەورە مەکەن و ئەوەندە شتەکانی دامەبەزێنن با گەورە نەبێت»، ئەحمەد میرە ناوەکەی پێ نەوتم!!

وابزانم سوکرات وتوویەتی (ئەگەر خودا دوو ئیختیارم بخاتە بەردەست، یەکەم هەوڵدانێکی بەردەوام بۆ سەرکەوتنێکی بەردەوام، دووەم سەرکەوتنێکی بێ هەوڵدان، من ئەوەی یەکەمیان هەڵدەبژێرم)، دیسان خودا شاهێد بێت، منیش وادەکەم، ئیدی نازانم بۆچی هەندێک پێیانوایە من گەورە دەکرێم؟ ئەو نازانێت کە من ئەوەندە بچووک و نەزان و گەمژەم کە هێشتا زمانی چوار قەومی تری ئەم سەرزەمینە نازانم، ئەوەندە نەزانم کە هێشتا نازانم کاپرێشێکی پاگانینی بژەنم، ئەوەندە دەبەنگم کە نەمتوانیوە هەموو کتێبەکانم بخوێنمەوە، ئەوەندە بچووکم لای سەرۆکی حکومەت، ئەگەر تەلەفۆنی بۆ بکەم وەڵامی هیچ تەلەفۆنێکم ناداتەوەو سەرۆکی هەرێمیش هیچ حسابێکم بۆ ناکات، ئەو نازانێت من ئەوەندە بچووکم کە چەندین جار عەرەبانەکەم بە دەستی پیاوانی بەلەدیە لەبەردەم مزگەوتی گەورە شکێندراوەو لەبەر خەتە ناخۆشەکەشم چەندین دەفتەری سەردەمی گرانییەکەم، بە دەستی مامۆستا نەورۆز دڕێنراوە، ئیتر من کوا گەورە کراوم!

ئێمە لە کوردستان هیچمان نییە لە گۆڤارو ڕۆژنامەو قسەی زل و کلیپ زیاتر، وڵاتەکەم پڕە لە پیاوی بێ حیکمەت، پڕە لە خەڵکی وەک من و تۆ دەبەنگ، سوودمان لە زیانمان کەمترە، خۆر دەردەکەوێت تا ئەو کاتەی ئاوا دەبێت، کاغەز ڕەش دەکەینەوەو ناومان لێناوە گۆڤار، ڕۆژنامە، کتێب، کەچی هەر دەبەنگین، هەر کەسمان پێ ناخرێتەوە سەرسکەی خۆی، زۆرترین خوێنەوارەکانمان ئەوانەن کە لڤین و هاوڵاتیی و ئاوێنەو ڕووداو و (ڕۆژنامە) و فلان و فیسار دەخوێننەوە، هەموویان تیراژیان لەژێر دە هەزارەوەیە.

ئاخر کوا پیاوی بچووک دەتوانێت خەڵک گەورە بکات؟ لەبەر ئەوەی باشتر دەڵێم، حەقتر دەڵێم، خۆشتر دەڵێم، پێتوایە دەیانەوێت گەورەم بکەن و بازاڕی تۆ کز دەبێت؟ ئاخر دەبەنگ ئەوەی من دەیڵێم و تۆ پێتوایە پێی گەورە دەبم، هەموو پیاوێکی بچووک دەیزانێت! هەموو کەناسێک دەیزانێت! من چی دەڵێم و چی دەزانم؟ ئاخر ئەوەی ناومان لێناوە ڕۆژنامەنووسی کوا حیکمەتی تێدایە؟ لە سەندیکا هەموو ڕۆژێک ڕیزێک گەنجی وەکو من بێ ئیش کە پێشتر نەکراون بە پۆلیس، دەکرێن بە ڕۆژنامەنووس، لەسەر هەوێکەی سەندیکام، من ڕەقەم (٤ هەزارم)، ئیتر کوا گەورەو دەگمەنم، تۆ بۆچی پێتوایە گەورە دەکرێم، خۆ من نە تۆو نە هاوشێوەت بە گەورەو دەگمەن نازانم، من هەرچی بم ئەوەم کە هەم، لای هەر کەس بم، پەشێو ئاسا: دەرد هەر دەردە، کەری تۆ بم، یان هی جەردە!

نازانم بۆچی لەم وڵاتە شەرکوشتەی مندا، ئەوەندە قەبارەو هەیکەلی بەشەر ڕۆڵی هەیە؟ کەس ئامادە نییە گوێ لە منداڵێک بگرێت، لەپێشاندا بە جبەو جامانەو لە ئێستاشدا بەقات و ریبات و هەیکەل بەشەر حسابگوزار دەکرێت، ساڵێک لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی بووم سەرنووسەر دەیوت؛ بڕیارمانداوە وتاری پەیامنێرەکانی خۆمان بڵاو نەکەینەوە، نەیاندەهێشت منیش بۆچوونی خۆم بڵێم، کەچی کۆمەڵێک خەڵک بەردەوام وەکو رادیۆن هەردەنووسن و دەبێژن، وەک ئەوەی تەنیا ئەوان دەزانن بیر بکەنەوە، وتارێکم نارد بۆ ڕۆژنامەی ڕووداو بۆ بچووک نیشاندانم، نەخرابووە ریزی ئەو کەسانەی کە بۆینباخی وتار نووسینیان بەستووە، لە لاپەڕەی گەنجان دایان نابوو کە فڕی بەسەر ئەوێوە نەبوو، نارەحەت بووم پێیان، بەڵام خۆشحاڵم کە زانییان گەنجم، خۆ هیچ نەبێت سەدان گەنج دەزانم بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆی بڵێت، لەم جەریدەخانە گەورەیەدا شوێنێک نییە بە دڵی خۆی قسەی تیا بکات، دەیان وتاری بەجۆشی گەنجانی دڵ پڕ لە داخ دەزانم کە نێردراون بۆ ڕۆژنامەی ئاوێنەو دەیانی تریش بۆ هاوڵاتی کە بڵاونەکراونەتەوە، لەبەرئەوەی ئەو گەنجە داماوانە کەس نایاننناسێت، دەیان و سەدان گەنج ویستوویانە لای من واستە بکەن تاوەکو وتارێکیان لە گۆڤاری لڤین بڵاوبکرێتەوە، ئێمە پێشتر کە زیاتر گەنج بووین، ڕۆژنامەیەکمان هەبوو بە ناوی خوێندنی لیبراڵ، بە حساب داکۆکی لە مافەکانی گەنج دەکرد، کەچی من هەزارو پێنجسەد گرفت و کێشەو نەگبەتیم هەبوو، ئەو ڕۆژنامەیە دانەیەکی بۆ چارەسەر نەدەکرا، هەر گرووپێک پێکدێت و ڕێکخراوێک، یاخود حیزب و کۆلکە مەسولێک، پارەی دەداتێ و ڕۆژنامەو گۆڤاری پێ دەردەکەن، ئێمەش هەر شاگردی چەند پیاوێک بووین، ئیتر کێ گەورەی کردووم!

خۆم هەمیشە توڕەم لە حاکمەکان، لە سەرۆک و فەرمانڕەواو پیاوە نیوە دەبەنگو زۆر دەبەنگو زۆرتر لەوەش گەندەڵەکان، ئەوەی تۆشی هاتە سەر، توڕەم لەوەی لەگەڵ تۆو لەکن تۆ منیش ڕۆژنامەنووسم!


ئاخ، چەند بێزارم لە هەمووتان، لە ڕۆژنامە بە ئێوە چەپەڵکراوەکان، ئای لە تۆو هەموو تۆکانی تری خاوەن جەریدەو خاوەن گۆڤار، بێ منەتم لە ئێستاوە تا سەد ساڵی دی و دی تریش، گەورەم مەکەن، بێ منەتم لەو بەهەشتەی تۆ پێتوایە من بۆی دەچم و تێی دەخرێم، کارێک هەبێت لەوەی ئێستام شەریفترو گرنگتر بێت، مەیدانەکە دەدەم بە تۆ.

پێشتر ڕۆژنامەیەکمان هەبوو بە ناوی نم نم، کۆمپانیای ڕووداو پارەکەی دەدا، ئێستا داخراوەو پارەکەی نادات، من لەوێ بڕی (٣٥٠) هەزار دینار مووچەم هەبوو، زۆر بوو، پێی دەژیام، ئێستا بێ ئیشم و تکا لە هەمووتان دەکەم جگە لە غوڵامیی و مەسینە هەڵگرتن، ئیشێکم بۆ بدۆزنەوە با بیکەم، تا ئەو کاتەی خوێندنی زانکۆ تەواو دەکەم، ئەگینا ناچاردەبم بەشە کوردستانەکەی خۆم بدەم بەو کەسەی دەمگەیەنێتە سەرزەمینێکی بێ ئازار!

تێبینی: ئەگەر ئیشتان بۆ دۆزیمەوە، بیرتان نەچێت بە خاوەن کارەکە بڵێن؛ من هێشتا نە گەورەم و نە گەورەش کراوم، دەبەنگم و هیچیش نازانم، تەنیا دەتوانم بیربکەمەوە!

Barzan_alihama@hotmail.com

# بای بای یاسای رۆژنامەگەریی



سیروان رەشید

**«ئەگەر لەبەردەم بژاردەی وڵاتێکی بێ رۆژنامەو رۆژنامەیەکی بێ وڵاتــدا، سەرپشک کــرام، ئەوا بەبێ دوودڵیی، دووەمیان هەڵدەبژێرم» تۆماس جیفەرسۆن، سێیەم سەرۆکی ئەمریکا ١٧٨٧.**

رەوشی رۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان، بەدۆخێکی مەترسیداردا تێدەپەڕێت. تەنیا لە شەش مانگی رابردوودا، دەیان داوای یاسایی، لەسەر رۆژنامەنووس‌و نووسەران تۆمارکراون، بەئامانجی وشککردنی سەرچاوەی دارایی میدیای ئــازادو ئەوانەی لە سێبەری دەسەڵاتدا نین.

رۆحی یاسای رۆژنامەگەریی ژمارە(٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن سەرۆکی هەرێمیشەوە ئیمزای لەسەر کراوە، بریتییە لە مامەڵەکردنی دادگاکان بەیاسای رۆژنامەگەریی لەبەرامبەر داوای هەر کەس‌و لایەنێک لەدژی رۆژنامەنووس‌و دیاریکردنی بڕی سزای (١ – ٥)ملیۆن بۆ رۆژنامەنووسان‌و (٥ –٢٠) ملیۆن بۆ دەزگا رۆژنامەوانییەکان.

بەڵام ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەین لە دۆخی رۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان، لەماوەی دووساڵی رابردوودا کە ئەم یاسایە دەرکراوە، زۆرترین ئەو داوایانەی لەلایەن بەرپرسانەوە لەسەر رۆژنامەنووسان‌و میدیاکان لە دادگاکان تۆمارکراون، بەیاسای غەیری رۆژنامەگەریی بوون‌و پەنایان بردووەتە بەر یاسای سزادانی عێراقی ساڵی (١٩٦٩) و یاسای مەدەنی ساڵی(١٩٦٧)ی سەردەمی بەعس. ئەم مامەڵەیەش پێمان دەڵێت، یاسای رۆژنامەگەریی، بەکردەوە ئیفلیجکراوەو ئێستا هیچ ئەرزشێکی نەماوە!.

خستنە ژێرگوشارو داواکردنی قەرەبووی پارەیەکی خەیاڵیی لەرۆژنامەنووسان، میتۆدێکی نوێی دەسەڵاتدارانە لەدژی رۆژنامەنووس‌و میدیاکان، بە مەبەستی دەمکوتکردنیان، بەتایبەت لەوڵاتێکدا کێ دەتوانێت قەناعەت بەوە بکات کە دادگاو دەسەڵاتی دادوەریی تەواو بێلایەنن؟

ئەوەی ئێستا لەواقیعەکەدا لەبەرامبەر رۆژنامەنووسان دەگوزەرێت، هەڵمەتێکی سیاسیی رێکخراوە لەدژی ئازادیی رۆژنامەگەریی لە کوردستان.

سەرۆکی هەرێم، یاسای رۆژنامەگەریی ئیمزا کردووە، بەڵام حیزبەکەی بەدەر لەم یاسایە، داوا لەسەر رۆژنامەنووسان تۆماردەکات.

هاوڕێی رۆژنامەنووسم، عارف قوربانی، لە وتارێکیدا لە رۆژنامەی ئاسۆ، سەبارەت بە پەنابردنی پارتی بەیاسای غەیرە رۆژنامەوانیی لەدژی رۆژنامەنووسان، گوزارشتێکی جوانی وتووە: «ئەمە وەک ئەوە وایە، هاوڵاتییەک بە کارەساتی ئۆتۆمبێل کەسێک بکوژێت، کەسوکاری کوژراوەکە بیانەوێت بە یاسای تیرۆر دادگایی بکوژەکە بکەن».

بنەمایەکی یاسایی هەیە دەڵێت: «یاسای تایبەت، یاسای گشتیی بەتاڵدەکاتەوە». بۆیە ئێستا پێویستە، پەرلەمانی کوردستان‌و دەزگای دادوەریی هەرێم، رایبگەیەنن کە دادگاکان یان بەیاسای رۆژنامەگەریی مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووس‌و میدیاکان بکەن کە لەپەرلەمانی کوردستان دەرچووە، یان بەیاسا کۆنەکانی عێراق.

دواجار ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر تووشی سەرسوڕمانی کردووم، بێدەنگیی‌و بێهەڵوێستبوونی خاوەنی یاساکەیە کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەو ئێستا یاساکە ئیفلجکراوە، بەڵام سەندیکا «نوتقی لێوەنایەت»!.

ئیدی هەموو ئەو هیوایانە رەوینەوە کە لە دوو ساڵی رابردوودا لەسەر یاسای رێکخستنی رۆژنامەگەریی هەڵمانچنیبوون، چونکە دەسەڵات، دەمێکە فاتیحەی بۆ یاسای رۆژنامەگەریی خوێندووەو بای بای لە یاساکە کردووە.









چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩